

# ڕاپرسی چییە؟

ناوی کتێب: ڕاپرسی چییە؟
نووسینی: فریتز شورن
وەرگێرانی: مەجید ساڵح
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: بەختیار ئەورەحمان
هەڵەچنی: نیشتمان محەمەد
تیراژ: ٧٠٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن:(٢٥٤٩)ی ٢٠٠٩
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩
کوردستان - سلێمانی
www.serdam.org

سەرچاوە:
همەچیز دربارە نظرسنجی
فریتز شرن
ترجمە و تلخیص: عباس کاردان
مؤسسە فرهنگی مطالعات و تحقیقات
بین المللی ابرار معاصر تهران ١٣٨٤

فریتز شـورن

# ڕاپرسی چییه؟

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مەجید ساڵح

سلێمانی - ٢٠٠٩

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٤٩٠)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| فەسڵی یەکەم | ١١ |
| فەسڵی دووەم | ٢٥ |
| فەسڵی سێیەم | ٣٩ |
| فەسڵی چوارەم | ٥٣ |
| فەسڵی پێنجەم | ٦٧ |
| فەسڵی شەشەم | ٧٩ |
| فەسڵی حەوتەم | ٩٣ |
| فەسڵی هەشتەم | ١٠٧ |
| فەسڵی نۆهەم | ١٢١ |
| فەسڵی دەیەم | ١٣٣ |

# پێشەکی

ڕاپرسی کۆمەڵێک بابەتی پێکەوە گرێدراوی تەکنەلۆژی، ماتماتیک و زانست لە خۆ دەگرێت. لێرەدا تەنها باس لە هەندێکیان دەکەین و هەڵبژاردنیشیان لە سەر بنەمای گرنگی و سود وەرگرتنی زیاتر بووە. لەو بارەیەوە دە فەسڵ خراوەتە ڕوو، هەر فەسڵەش لە بەشێکی جیاواز دەکۆڵێتەوە.

فەسڵی یەکەم بە ناوی «لەبارەی ڕاپرسیەوە» بە پێشەکییەکی گشتی دەستی پێکردووە و شێوازەکانی ڕاپرسی دەخاتە بەردەستی خوێنەران . باس لەوە دەکات لە کاتی بڕیار وەرگرتندا ڕاپرسیەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پێدانی زانیاری. لە هەمانکاتدا باس لە بەرفراوانی ڕاپرسیەکان و ئەوانەی پێی هەڵدەستن دەکات.

فەسڵی دووەم بە ناوی «چۆنییەتی پلاندانان بۆ ڕاپرسی»ە، باس لە هەنگاوە سەرەکییەکانی پلاندانان بۆ ڕاپرسی دەکات و هەندێک مەسەلەی وەک دانانی فۆڕمی ڕاپرسی و هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسی و پلانی ڕاپرسی و بودجەی ڕاپرسی دەخاتەبەر باس و لێکۆڵینەوە.

لە فەسڵی سێیەمدا باس لە «چۆنێتی کۆکردنەوەی داتاکانی ڕاپرسی» دەکرێت و هەنگاوەکانی کۆکردنەوەی ئەو داتایانەی



دەخرێتەڕوو. ئەو نموونانەی لەم فەسڵەدا بەکار هاتوون بە زۆری لە سامپڵی خێزانەکانەوە وەرگیراوەو زیاتر جەخت دەکرێتەسەر هەندێک مەسەلەی پڕاکتیکی و ئەو گۆڕانانەی کە بەهۆی بە ئامێربوونی ڕاپرسیەکان سەریان هەڵداوە.

«هەڵسەنگاندنی ڕاپرسیەک» بابەتی فەسڵی چوارەم پێک دەهێنێت. زۆر لە کێشەکانی ڕاپرسی و ڕێگەچارەکانی دەخاتە ڕوو. لە ڕێگەی زانینی ئەوەی کێشەکانی ڕاپرسی چین و چۆن دەتوانین چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، دەتوانرێت هەڵسەنگاندنێکی کاریگەرترو ڕاپرسیەک و ئەو زانیاریانەی خراونەتەڕوو بکرێت.

لە بەشی پێنجەمدا چاوێک بە «فۆکس گروپە»کاندا دەخشێنرێت کە بەشێکی گرنگی پلاندانان بۆ ڕاپرسی پێک دەهێنێت. لەم بەشەدا باس لە چۆنێتی و کاتی سود وەرگرتن لە فۆکس گروپەکان و دەرئەنجام و لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی دەکرێت.

لە بەشی شەشەمدا باس لە «دروستکردنی فۆڕمی ڕاپرسی» و ئەو هەنگاوە سەرەتاییانەی کە دەبێت بنرێت بۆ دروستکردنی فۆڕمەکە دەکرێت. لە نێو ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا هاتووە دانانی پرسیارەکانی ڕاپرسی لە هەموویان زیاتر تووشی گۆڕانکاری هاتووە. ئەوەی پێشتر بەهونەر دەزانرا، بەزووترین کات زانستیش لەخۆ دەگرێت.

«چۆنێتی ئەنجامدانی ڕاپرسی ئەزموونی» ناونیشانی حەوتەمین بەشی کتێبەکەیە. لێرەدا سەیرێکی چۆنێتی کۆنترۆڵکردن یان تاقیکردنەوەی فۆڕمێکی ڕاپرسی دەکەین. ئەم هەنگاوە بە یەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکانی ڕاپرسی لە قەڵەم دەدرێت. لەم قۆناغەدا وردبینی و سەرنجدان گرەنتی نین بۆ سەرکەوتن، بەڵام هەموو جارێک ناوردبینی و سەرنج نەدان دەبنە هۆی بەفیڕۆدانی تواناو خەرجی و لەدەستدانی هەلی کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە ویستراون.



فەسڵی هەشتەم «زیاتر لەبارەی ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە بزانە»، لەم بەشەدا لایەنە گرنگەکانی ئەمجۆرە ڕاپرسیە دەخرێتەڕوو. چۆن ئەنجام دەدرێت، لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی و خەرجی و جۆرایەتی شی دەکاتەوە.

فەسڵی نۆیەم « زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕاپرسی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە»، مێژوویەکی کورتی ئەمجۆرە ڕاپرسیانە دەگێڕێتەوەو باسێک سەبارەت بە داهێنانەکان و باس لەو پێشبینییە چاوەڕوانکراوانەی کە بۆ ئەمجۆرە ڕاپرسیە دەکرێت دەکات.

لە فەسڵی دەیەمدا قسە لەسەر «پەراوێزی هەڵەکان» دەکرێت. هەوڵدەدات زاراوەی ژۆرنالیستی «پەراوێزی هەڵە» ڕوون بکاتەوە. لەم بەشەدا باس لە چۆنێتی کاریگەری ژمارەی بینینەکان لە سامپڵەکان و جۆری هەڵبژاردنی سامپڵ و ژمارەی دانیشتووان لە سەر پەراوێزی هەڵەکان دەکرێت.

## نۆژەنکردنەوە

لە ساڵانی ١٩٩٥ تاوەکو ١٩٩٩ هەر فەسڵێکی ئەم کتێبە بە شێوەی وتاری جیاجیا لە ژێر چاودێری نووسەری کتێبەکەو ئەنجومەنی ئاماری ئەمریکا "ASA" بڵاوکرابوونەوە. پێش ئەوەش لە ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن "ASA" نامیلکەیەک بەناوی «ڕاپرسی چییە؟» لە نووسینی ڕۆبرت فربر و پاول شیتلی و ئەنتۆنی ترنر و جوزیف وکسبرگ بڵاوکرابووەوە. لە ڕاستیدا ئەو نامیلکەیە سەرەتایەک بوو بۆ کارەکانی دیکە. بیرۆکەی کۆکردنەوەی ئەو بابەتانە و خستنەڕووی لە شێوەی کتێبێک بە بەردەوامی یەکێک بووە لە ئامانجەکانی نووسەر لەپێناوی پێداچوونەوەو چاککردنەوەیاندا، خۆشبەختانە ئەو ئاواتە هاتە دی.

لە ساڵی ١٩٩٧ بە تەواوەتی پێداچوونەوە بۆ بابەتەکانی ئەم



کتێبە کرا. هەڵبەت لەوکاتەوە تا ئێستا زۆر شتی دیکە بۆ ڕاپرسی زیادکراوە و پێشتر تەنها قسەیان لەبارەوە کراوە. کۆکردنەوەی داتاکانی کۆمپیوتەر نموونەیەکی زیندووی ئەم مەسەلەیە، بەهەرحاڵ لەوکاتەوە بەولاوە ڕاپرسی هەنگاوی زۆری لەپێناوی کامڵ بووندا ناوە.

هەڵبەت لای نووسەر ئەو بۆچوونە هاتە ئاراوە تاکو بابەتی نوێی بخاتە سەرو کتێبەکە لە چوارچێوەیەکی نوێتردا بڵاوکاتەوە، بەڵام ئەو کارە سەری نەگرت. بەگشتی هەرکارێک دەکەی زۆر بە خێرایی کۆن دەبێت و ناتوانی هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا پێشکەویت.

ئەوەی نووسەر پێی هەستاوە ئەوەیە لە کۆتایی هەربەشێکدا بابەتێکی داناوە بەناوی «چۆن دەتوانرێت زانیاری زیاتر بە دەست بێت». لەم بەشەدا ڕوونکردنەوەیەک دەخرێتەڕوو تاکو خوێنەر بتوانێت زانیارییەکانی نوێکاتەوە.

لەوبارەیەوە سێ گۆڤاری بەنرخ هەیە «وەرزنامەی ڕای گشتی، ژورنال ئامار، میتۆلۆژی ڕاپرسی». یەکەمیان لە ئەمریکاو دووهەمیان لە سوید و سێیەمیشیان لە کەنەدا چاپ دەبن.

فریتز شورن
٢٠٠٤






# فەسڵی یەکەم

# لەبارەی ڕاپرسیەوە

دەوترێت چیتر کۆمەڵگای ئەمریکا «کۆمەڵگایەکی پیشەسازی» نییە، بەڵکو «کۆمەڵگایەکی زانیارییە»، واتە کێشەو ئەرکەکانمان تەنها خۆی لەبەرهەمهێنانی کاڵاو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێویستن بۆ ژیان و خۆشگوزەرانی نابینێتەوە. بۆیە ئەم «کۆمەڵگایەمان» سەبارەت بە پێداویستی و شێوەی هەڵسوکەوت و ئەوەی بەلای خەڵکەوە گرنگە، پێویستی بە زانیاری خێراو ورد هەیە. ڕاپرسیش هۆکارێکە بۆ خستنەڕووی ئەو زانیاریانەی کە دامودەزگا حکومی و بازرگانی و کۆمەڵایەتییەکان بەدوایدا دەگەڕێن.

## کەواتە ڕاپرسی چییە؟

ئەمڕۆکە وشەی «ڕاپرسی» بە زۆری بۆ وەسفکردنی شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری لە نموونەیەک «سامپڵ» لە خەڵک بەکاردێت. ئەو «نموونەیە - سامپڵ» تەنها بەشێکی بچوک لەو کۆمەڵە خەڵکەی کە دیراسەکەی لەسەر دەکرێت، دەگرێتەوە. بۆ نموونە، پێش دەنگدان سامپڵێک لەو دەنگدەرانەی بەشداری هەڵبژاردن دەکەن وەردەگیرێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی دەنگدەران چۆن دەڕواننە پاڵێوراوان و کێشەکان..... هەندێک کۆمپانیا پێش ئەوەی بەرهەمە نوێیەکەی بخاتە بازاڕەوە، هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ڕاپرسیەک لەناو خەڵکدا. دەزگاکانی حکومەتیش ڕاپرسی دەکەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە ڕاستییەکانی هەڵسەنگاندنی یاسایەک کە پێشتر کاری پێکراوە یان پێوانە کردنی ڕادەی ڕەزامەندی و نارەزایی سەبارەت بە یاسایەکی نوێ.

جگە لەوانەی باسکران، ئەنجامدانی ڕاپرسی، کۆمەڵێک ئامانجی جۆراوجۆری دیکەی هەیە. مەسەلەیەکی تر ئەوەیە ڕاپرسیەکان دەکرێت بەچەند ڕێگەیەک ئەنجام بدرێن، وەک لە



ڕێگەی تەلەفۆنەوە یان لە ڕێگەی پۆستەوە یان چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو. بەڵام سەرباری هەموو ئەوانە، ڕاپرسیەکان کۆمەڵە خەسڵەتێکی هاوبەشیان هەیە. دەتوانین بڵێین بە پێچەوانەی ئەو ئامارە ڕەسمیانەی کە هەموو کۆمەڵگا دەگرێتەوە، لە ڕاپرسیەکاندا بەگشتی تەنها گروپێکی بچوکی کۆمەڵگا بۆ ئامانجی دیراسەکردنی کۆمەڵگاکە هەڵدەبژێرێت. لە ڕاپرسیە ڕەسەنەکاندا بە پێی ڕێکەوتن یان خۆبەخشینی خەڵک بۆ بەشداریکردن سامپڵەکان دیاری ناکرێن، بەڵکو بە شێوەیەکی زانستی هەڵدەبژێرێت، مەرجێکی سەرەکی ئەوەیە دەبێت هەموو تاکێکی کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە وەک یەک هەلی بەشداریکردنیان بۆ بڕەخسێت. بەو شێوەیە دەتوانین لەوە دڵنیا بین سامپڵەکە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای ڕاپرسیەکەیە. بە پێی پێوەرێک زانیارییەکان کۆ دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی پرسیارەکان بە یەک جۆرو یەک شێوە بخرێنەڕوو. ئامانجی ڕاپرسی تەنها ئەوە نییە وەسفی کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو بکات کە بە ڕێکەوت بوونەتە سامپڵ، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێگەی ئەوانەوە وێنەیەکی گشتی لەسەر کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە دەست بکەوێت. پێوەرێکی گرنگی پیشەیی هەموو سەنتەرە بەناوبانگەکانی ڕاپرسی، بریتییە لەوەی کە لە کاتی خستنەڕووی دەرئەنجامی ڕاپرسیەکانیاندا، نابێت ناسنامەی ئەو کەسانەی بەشدارییان لەڕاپرسیەکەدا کردووە ئاشکرا بکرێت. دەبێت دەرئەنجامەکان بە کورتکراوەیی و لە شێوەی خشتە و چارتی ئاماریدا بڵاوبکرێنەوە.

## سامپڵی ڕاپرسیەکە دەبێت چەند بێت؟

قەبارەی سامپڵی پێویست تا ڕادەیەک بەستراوە بە جۆرایەتی «الجودە» ئەو ئامارانەی کە دەست دەکەون، ئەویش لای خۆیەوە بەستراوە بە چۆنێتی سود وەرگرتن لە دەرئەنجامە بە دەست



هاتووەکانەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ڕێسایەکی ئاسان نییە بۆ دیاریکردنی سامپڵ تاکو لە هەموو ڕاپرسیەکاندا بەکاربهێنرێت. ئەو مەسەلەیە زیاتر پەیوەستە بە بوونی خەڵکانی شارەزاو پارەی پێویست. بەڵام شارەزایان زیاتر لەو باوەڕەدان سامپڵێکی مامناوەند لەڕووی ئامار و زانستییەوە بەسە بۆ هەڵبژاردن. بۆ نموونە لە ڕاپرسیە نیشتمانییەکاندا (سەرتاسەرییەکان) سامپڵێکی ١٠٠٠ کەسی بەسە بۆ دەستکەوتنی زانیاری پێویست لەسەر ڕەفتار و هەڵوێست و بۆچوونی خەڵک لە سەر ئاستی وڵاتدا.

کاتێک ئاشکرا دەبێت کە سامپڵێکی هەڵبژێراوی هەزار کەسی دەتوانێت ڕەنگدانەوەی کۆی خەسڵەتە جیاوازەکانی هەموو کۆمەڵگاکە بێت، ئەو کاتە بە ئاسانی گرنگی بەکارهێنانی ڕاپرسی بۆ دەرکردنی بڕیاری هۆشیارانە لەم کۆمەڵگا ئاڵۆزە هاوچەرخانەمان بۆ دەردەکەوێت. ڕاپرسیەکان خێراترین و هەرزانن ڕێگەیەکن بۆ خستنەڕووی زانیاری سەبارەت بە باری ئابوری و هەڵوێست و باوەڕ و ڕەفتار و پێشبینی و هەڵسوکەوتی خەڵک.

## کێ هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ڕاپرسی؟

هەموومان بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاشنایەتیمان هەیە لەگەڵ ئەو دیراسەو ڕاپرسیانەی کە لەسەر ڕای گشتی دەکرێن یان ئەو ڕاپرسیانەی کە لە ڕۆژنامەو کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندندا دەخرێنەڕوو . بۆ نموونە ڕاپرسیەکانی گالوپ (Gallup Poll) و ڕاپرسیەکانی هاریس (Harris Survey) بەشێوەیەکی دەوری ڕاپۆرت لەسەر ڕای گشتی نیشتمانی سەبارەت بە کۆمەڵێک کێشەی زۆری هەنوکەیی دەخەنەڕوو. ڕاپرسیەکانی حکومەت و ئەو ڕاپرسیانەی کە لە سەر ئاستی ولایەت و شارو شارۆچکەکان دەکرێن، بەزۆری لەلایەن ڕۆژنامەیەک یان کەناڵێکی تەلەفزیۆنی



لۆکاڵییەوە پشتیوانییان لێ دەکرێت. کەناڵە گەورەکانی پەخشکردن و گۆڤارەکانی هەواڵ لەسەر ئاستی نیشتمانیش ڕاپرسی ئەنجام دەدەن و دەرئەنجامەکانی بڵاودەکەنەوە. زۆربەی ئەو ڕاپرسیانەی دەکرێن ڕاپرسی نین لەسەر ڕای گشتی، بەڵکو زۆربەیان بۆ ئامانجێکی ئیداری یان بازرگانی یان زانستی ئەنجام دەدرێن. لە خوارەوە کۆمەڵێک بابەتی جیاجیا بۆ ڕاپرسی دەخەینەڕوو:

- کەناڵە گەورکانی تەلەفزیۆن بۆ دیاریکردنی ژمارە و جۆری ئەو خەڵکانەی بەرنامەکانیان دەبینن ڕاپرسی ئەنجام دەن.
- کۆمپانیای (Statistics Canada) بە بەردەوامی لەگەڵ منداڵان و خێزانەکانیاندا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە پێداویستییەکانیان ڕاپرسی ئەنجام دەدا.
- نووسینگەی ئەمریکا بۆ ئاماری نیشتەجێ « (U.S. Bureau of the Census) هەموو مانگێک ڕاپرسی دەکات بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ڕێژەی کرێارو بێکار لە وڵاتەکەدا.
- ئاژانسی ئەمریکا بۆ سیاسەت و لێکۆڵینەوەی چاودێری تەندروستی (U.S. Agency for Health Care Policy & Research) بەشێوەیەکی دەوری ڕاپرسی دەکات لەسەر ئەو برە پارەیەی کە خەڵک بۆ چاودێری تەندروستی خەرجی دەکەن.
- دەزگای گواستنەوەی ناوخۆیی ڕاپرسی دەکات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر داب و نەریتی سەفەر و گواستنەوە.
- گۆڤارەکان ڕاپرسی دەکەن بۆ ئەوەی بزانن خوێنەرەکانیان زیاتر چی دەخوێننەوە.
- ڕاپرسی دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەوانەی باخچە گشتییەکان و خزمەتگوزارییەکانی دیکە بەکاردەهێنن.

ڕاپرسیەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگی زانیاری زانستین. ئابوریناسان، پزیشکەکان، زانایان و سیاسەتمەدارەکان ڕاپرسی بەکاردەهێنن بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی مەسەلەکانی



وەک داهات و شێوەی خەرجکردن لای خێزانەکان و بنەماکانی ڕەگەزپەرستی و کاردانەوەی نەخۆشی لەسەر ژیانی خەڵک و بەراوردکردنی هەڵسوکەوتی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان و کاریگەری کارکردنی ژنان لەسەر خێزانەکانیان و هەزاران بابەتی دیکە.

## جۆرەکانی ڕاپرسی چین؟

لە زۆر ڕووەوە دەکرێت ڕاپرسیەکان پۆلێن بکرێن، یەکێک لەو ڕووانە بە پێی جۆر و قەبارەی ئەو سامپڵەی کە هەڵدەبژێرێت. هەروەها دەکرێت ڕاپرسی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر گروپە مرۆییەکان و نا مرۆییەکانی وەک (شتە جوڵاو و نەجوڵاوەکان و ئاژەڵ و زەوی و خانووبەرەو....هتد) ئەنجام بدرێت. هەرچەندە زۆربەی ڕاپرسیەکان بنەماکانیان وەک یەکن، بەڵام لێرەدا جەخت دەکرێتە سەر ئەو شێوازەی کە ڕاپرسی لەسەر خەڵکی پێ ئەنجام دەدرێت. لە زۆربەی ڕاپرسیەکاندا هەموو ئەو کەسانەی نیشتەجێی شوێنێکی دیاریکراون دەگرێتەوە، بەڵام هەندێکی دیکەیان تەنها گروپێکی دیاریکراوی وەک منداڵان یان پزیشکەکان یاخود بێکاران یان بەکارهێنەرانی بەرهەمێکی دیاریکراو دەگرێتەوە. لە هەمانکاتدا دەکرێت ڕاپرسی لەسەر ئاستی نیشتمانی یان هەرێمی یان ناوچەیەکی دیاریکراو ئەنجام بدرێت.

دەکرێت ڕاپرسیەکان بەپێی ئەو شێوازەی زانیارییەکانی پێ کۆدەکرێتەوە پۆلێن بکەین. باوترین جۆری کۆکردنەوەی زانیاریش بریتییە لە (پۆستی ئەلکترۆنی، تەلەفۆن، چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو). هەندێک جاریش زانیارییەکان لە سامپڵی دۆسییەکانی پزیشکی و هی دیکە دەردەهێنرێن، ڕاستەوخۆ زانیارییەکان لەلایەن کەسێکی ڕاهێنراوەوە یان ئەو کەسەی کە وەڵام دەداتەوە لە کۆمپیوتەردا خەزن دەکرێن. نموونەیەکی باوی ئەم جۆرە بریتییە لە پێوانەی بینەرانی



تەلەفزیۆن لە ڕێگەی ئامێری بەستراو بە سامپڵی تەلەفزیۆنەکانەوە کە ئۆتۆماتیکی ئەو کەناڵانە تۆمار دەکات کە وا تەماشا دەکرێن. لەوانەیە ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە لە ڕووی خەرجییەوە زۆری تێنەچێ، بەڵام کاتێک ئەویش وەک ڕاپرسیەکانی دیکە ڕووبەڕووی دابەزینی ئاستی وەڵامدانەوە دەبێت ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە. بەڵام ئەو کاتەی ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە لەگەڵ گروپێکی دیاریکراوی وەک بەشدارانی گۆڤارێک یان ئەندامانی سەندیکایەکی پیشەیی، کارایی ئەم شێوازە لەوانی دیکە بەرزترە.

لەم سەردەمەدا چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زۆر برەوی پەیدا کردووە. ئەم جۆرە ڕاپرسیانە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە کات بە دەستەوە نییە زۆر گونجاوە ، ڕاپرسی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە کورتخایەنە.

ڕاپرسی لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو لەچاو ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەو تەلەفۆنەوە خەرجیی زۆری تێدەچێ ، بەڵام ئەو کاتەی پێویست دەکات زانیاری زۆر کۆبکرێتەوە، ئەم جۆرەیان کاراترە.

هەندێک ڕاپرسی هەیە هەموو شێوەکانی ڕاپرسی تێدا بەکار دێت. بۆ نموونە بژمێرێک لە کاتی ڕاپرسیدا لەوانەیە تەلەفۆن بەکاربهێنێت بۆ دۆزینەوەی ئەوانەی گونجاون بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان (بۆ نموونە بۆ دۆزینەوەی ئەو بەساڵاچووانەی کە مەرجەکانی وەرگرتنی چاودێری پزیشکییان تێدایە و دیاریکردنی کاتێک بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا).

## ئەو پرسیارانە چین لە ڕاپرسیدا دەبێت بکرێن؟

دەتوانرێت ڕاپرسیەکان بەپێی ناوەڕۆکەکانیان پۆلێن بکرێن. هەندێک ڕاپرسی هەن جەخت لەسەر بۆچوون و هەڵوێست دەکەن



(وەک ڕاپرسی لەگەڵ دەنگدەران پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێک)، بەڵام هی دیکە هەیە تایبەتە بە ڕاستییەکان و ڕەفتارەکان (وەک تەندروستی خەڵک و شوێنی نیشتەجێ و خەرجی و نەریتی گواستنەوە...)

زۆربەی ڕاپرسیەکان هەردوو جۆرە پرسیارەکەیان تێدایە. لەوانەیە پرسیار لە بەشدارانی ڕاپرسیەک بکرێت لەبارەی ئەوەی ئاخۆ هیچیان لەسەر کێشەیەک بیستووە یان خوێندووەتەوە ... چی لەسەر دەزانن...بۆچوونیان لەسەری... هەستییان چییە و بۆ.. ڕادەی گرنگییان بەو کێشەیە.. ئەزموونی پێشوویان.. هەندێک ڕاستی کە یارمەتی شیکەرەوەی ڕاپرسیەکە دەدات بۆ پۆلێنکردنی وەڵامەکان (وەکو تەمەن، ڕەگەز، باری خێزانی، پیشە، شوێنی نیشتەجێ بوون).

لەوانەیە هەندێک پرسیار وەڵامێکی دیاریکراوی نەبێت (بۆ وا هەست دەکەی؟) یان داخراو بێت (ئایا ڕازیت یان ڕازی نیت). لەوانەشە ئەوانەی ڕاپرسیەکە دەکەن داوا لە بەشداران بکەن پاڵێوراوێکی سیاسی یان بەرهەمێک بە پێوەرێک هەڵسەنگێنن، یان داوایان لێ بکەن ئەگەرە جیاجیاکان ڕێکبخەن. لەوانەیە شێوەی پرسیار کردنەکە کاریگەری زۆری هەبێت لەسەر دەرئەنجامی ڕاپرسیەکە. بۆ نموونە ئەو ڕاپرسیەی کە بەم دواییانە کەناڵی NBC و ڕۆژنامەی Wall Street Journal کردوویانە. ئەوان دوو پرسیاری زۆر لەیەکچوویان کردووە، بەڵام دەرئەنجامەکەیان زۆر جیاوازە:

١) ئایا بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجە، لایەنگری دەکەی لە هەڵوەشانەوەی پرۆگرامی گرەنتی کۆمەڵایەتی و پرۆگرامی چاودێری تەندروستی و پرۆگرامی یارمەتی پزیشکی و باربۆکردنی جوتیاران؟

دەرئەنجامەکان ٢٣٪ لایەنگرییان کردووە، ٦٦٪ دژی بوون، ١١٪ بێ وەڵام بوون.



٢) ئایا ڕازیت بە هەڵوەشانەوەی دەرماڵەی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجە؟
دەرئەنجامەکان ٦١٪ لایەنگرییان کردووە، ٢٥٪ دژی بوون، ١٤٪ بێ وەڵام بوون.

لەوانەیە ڕاپرسیەکە زۆرکورت بێت، واتە لەچەند پرسیارێک پێک هاتبێت و وەڵامدانەوەی پێنج دەقیقە یان کەمتر بخایەنێت، یان لەوانەشە زۆر درێژ بێت و وەڵامدانەوەی پێویست بە سەعاتێک یان زیاتر بکات و لە کاتی وەڵامدەرەوەکە بگرێت. لەبەر ئەوەی گۆڕان لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکان لەیەک چاوپێکەوتندا ڕوون نابێتەوە، بۆیە هەندێک ڕاپرسی گشتگیر دەکرێت و لەگەڵ هەمان ئەو خەڵکە دوو یان چەند دانیشتنێکی پرسیارکردن ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە لەو ڕاپرسیەدا ١٢ پرسیار لەسەر یەک بابەت لە وەڵامدەرەوەکان دەکرێت و ٦ پرسیاری دیکەشیان لەسەر بابەتێکی دیکە لێ دەکرێت.

لەبەر ئەوەی ناتوانرێت تەنها لە چاوپێکەوتنێکدا دڵنیا بیت لەو گۆڕانکارییانەی لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکاندا ڕوودەدەن، بۆیە هەندێک جار لەچەند بۆنەیەکدا ڕاپرسی لەگەڵ هەمان گروپدا دەکرێتەوە. بەزۆری ئەم جۆرە ڕاپرسیانە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا یان خستنەڕووی کێرفی تەندروستی خێزان و نەریتی کڕین لە ماوەیەکی دیاریکراودا، دەکرێن.

## کێ ڕاپرسی ئەنجام دەدات؟

ئەو بژمێرانەی (عداد) کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە لە ڕێگەی چاوپێکەوتن یان تەلەفۆن یان چوونە بەرماڵان و ڕاگرتنی خەڵک لە کاتی بازاڕکردندا، ئەوانە بەلای جەماوەرەوە



ناسراون. هەرچەندە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن جاری وا هەیە پێویست دەکات بژمێرەکە چەندین ڕۆژ لە مەیداندا بمێنێتەوە، بەڵام جاران وەک کارێکی زیادە حسابی بۆ دەکرا و بۆ ئەو کەسانە گونجاو بوو کە دەیانویست بە نیوە دەوام کار بکەن و پارەیەکی زیاتر بخەنە سەر داهاتیان. ئێستا کارکردن لە ڕاپرسیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و زیاتر تەکنەلۆژیاو ئامێر بەکاردێت. بۆیە ژمارەی ئەوانەی داوای کاری هەمیشەیی دەکەن لەم بوارەدا زیاتر بووە. بەزۆری ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکان دەکات پێویستی بە شارەزاییەکی زۆر نییە، بەڵام شارەزایی لە بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەردا بووەتە مەرجێک بۆ دامەزراندن لەمجۆرە کارەدا. زۆربەی سەنتەرەکانی ڕاپرسی ڕاهێنان بۆ ئەوکەسانەی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ڕاپرسی دەکەن. مەرجی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی بریتییە لە توانای هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی نەناسراودا (ڕووبەڕوو بێت یان بە تەلەفۆن) بۆ ئەوەی ڕازیبکرێن بۆ بەشداریکردن لە ڕاپرسییەکەدا و ئەو زانیارییانەیان لێ وەرگیرێت کە داواکراوە. ئەوانەی لەناو سەنتەرەکەدا کاردەکەن کەمتر دەردەکەون، بەڵام هیچیان کەمتر نییە لەوانی تر، چونکە ئەرکەکانیان بریتییە لە پلاندانان بۆ ڕاپرسی و هەڵبژاردنی سامپڵ و سەرپەرشتی کردنی چاوپێکەوتنەکان و پێداچوونەوەو شیکردنەوەی بە زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەی دەرئەنجامەکان. لەزۆربەی سەنتەرەکانی ڕاپرسیدا، فەرمانبەرە گەورەکان بەشدارییان کردووە لە خولەکانی ئەنجامدانی ڕاپرسیدا و بڕوانامەی بەرزیان لە زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئامار و دۆزینەوەی بازاڕ و دەروونناسیدا هەیەو شارەزاییەکی تەواویان بە دەست هێناوە. سەرپەرشتیار و لێکۆڵیارەکانیش باکگراوندێکی هاوشێوەی ئەوانیان هەیەو لەوانەیە بەهۆی لێهاتووییانەوە پلەکانیان لە بژمێری بەرزکرابێتەوە.



# پاراستنی نهێنی و ڕاستگۆیی

پاراستنی نهێنی ئەو زانیاریانەی لە وەڵامدەرەوەکانەوە بە دەست دێن، لەلایەن سەنتەرە ناودارەکانی ڕاپرسیەوە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت. بۆ نموونە یاسای ١٣ لە یاساکانی ئەمریکا ئەو زانیاریانە دەپارێزێت کە لە نووسینگەی ئاماری ڕەسمی ئەمریکادا هەن، لە کەنەداش یاسا ئامارە نهێنی و ڕەسمییەکان و ئەو زانیارییە نهێنییانەی دەزگای ئاماری کەنەدا کۆی دەکاتەوە دەپارێزێت. وڵاتی تریش هەیە هەمان ڕێوشوێن دەگرێتەبەر. زۆر لە سەنتەرەکانی ڕاپرسی پرەنسیپی ئەخلاقی کارکردنی خۆیان هەیە، ئەو پرەنسیپانە کۆمەڵە دسپلینێک دەگرنە بەر بۆ پاراستنی نهێنی وەڵامەکانی ڕاپرسیەکان. ئەو سیاسەتەی کە پێویستە سەنتەرەکانی ڕاپرسی لە بەرچاوی بگرن بۆ پاراستنی نهێنی ڕاپرسیەکە بریتین لە:

- وەڵامدەرەوەکە تەنها لە ڕێگەی ژمارەیەکەوە ببەسترێتەوە بەو فۆڕمەی پڕی کردووەتەوەو ناوی کەسەکەو هێماکەی لە ڕاپرسیەکەدا نەوترێت.
- ئاشکرا نەکردنی ناو و ئادرێسی ئەوانەی لە ڕاپرسیەکەدا بەشدارییان کردووە تەنانەت بۆ هاوکارەکانیش.
- دڕاندن و سوتاندنی ئەو فۆڕمانەی کە ناوی وەڵامدەرەوەکانی لەسەرە پاش تۆمار کردنی زانیارییەکان.
- نابێت ناو و ئادرێسی وڵامدەرەوەکان لە فایلەکانی ئەو کۆمپیوتەرەی بۆ شیکردنەوەی ئاماری بەکارهاتووە تۆمار بکرێت، بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە.



# مەترسییە چاوەڕوانکراوەکانی دیکە چین؟

دەتوانرێت لە ڕێگەی ئامانجەکان و شێوەی جێبەجێکردنەوە، جەودەی ڕاپرسیەک دەستنیشان بکرێت. زۆربەی ئەو ڕاپرسیانەی لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و گۆڤارەکانەوە دەکرێن، گومانیان لەسەرە و پشتیان پێ نابەسترێت. ئەو ڕاپرسیانەو ڕاپرسی دیکەش پێیان دەوترێت ڕاپرسی «خۆ دەستنیشانکردن» (slops) لەوانەیە گومڕامان بکات، چونکە سامپڵەکە بەشێوەی زانستی هەڵنەبژێراوە. لەم جۆرەیاندا زۆرجار خەڵکی خاوەن بیروڕای بەهێز بە نێگەتیڤ وەڵام دەدەنەوە.

دەبێت ڕاپرسیەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو ئەنجام بدرێن. نابێت بەشێوەیەک داڕێژرابن تاکو بگەن بە دەرئەنجامێکی لە پێش دیاریکراو یان وەک فێڵێک بۆ دۆزینەوەی بازاڕو کاری دیکەی لەو شێوە بەکار بهێنرێت. ئەو کەسەی ڕاپرسی لەگەڵدا دەکرێت، دەبێت سەرەتا لەوە دڵنیا بێت پرسیارەکان بێ لایەنانە داڕێژراون. پێشێلکردنێکی دیکەی ڕاستگۆیی بریتییە لەوەی ڕاپرسی بکرێتە هۆکارێک بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ مەسەلەیەک یان بکرێتە وەسیلەیەک بۆ بازاڕدۆزینەوەی ڕاستەوخۆ.



## له کوێ زانیاری زۆرترم دەست دەکەوێت؟

له پێشەکی ئەم کتێبەدا کومەڵێک پێشنیاری گشتی خرایەڕوو، دەکرێت سەیرێکی بکرێتەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاترو پێویست بەوە ناکات لێرەدا دووبارە بکرێنەوە. یەکێک لەو شتانەی کە لەوانەیە پێویست بە شیکردنەوە بکات پێناسەی «ڕاپرسی خۆ دەستنیشانکردن» بێت، ئەم زاراوەیە لەلایەن نۆرمان برادبورن سەرۆکی "NORC"ەوە خرایەڕوو.






# فەسڵی دووەم

# چۆنێتی پلاندانان بۆ ڕاپرسی

کاتێک کەسێک یان دەزگایەک پێویستی بە داتا دەبێت، یان زانیارییەکانی بەردەستی تەواو نین، بۆ دەستکەوتنی ئەو داتاو زانیاریانە، هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ڕاپرسی. دەبێت لەم قۆناغەدا ئاگاداری ئەوە بین ئاخۆ دەکرێت لە ڕێگەی ڕاپرسیەوە ئەو زانیاریانەی کە پێویستن بەدەست بێت یان نەخێر؟ لەوانەیە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەوە بگەینە ئەو باوەڕەو لەوانەشە لە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆوە بتوانین دەستمان بگات پێیان. بەهەرحاڵ گەر بڕیاردرا ڕاپرسیەک ئەنجام بدرێت، دەبێت بزانین هەنگاوی یەکەممان بریتییە لە دیاریکردنی ئامانجەکان. ئامانجەکانیش بەزۆری لەلایەن ئەو لایەنەی ڕاپرسیەکەی دەوێت دیاری دەکرێت.

لەوانەیە ئەو لایەنەی ڕاپرسیەکەی دەوێت دەزگایەکی حکومەت بێت. بۆ نمونە بیەوێت لە ڕێگەی ڕاپرسیەوە هەڵسەنگاندن بکات بۆ «کاریگەری بەرنامەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی» لەسەر ئەو کەس و خێزانانەی سودمەند دەبن لێی. نموونەی دیکە، لەوانەیە لێکۆڵەرێکی ئەکادیمی بیەوێت لێکۆڵینەوەیەک لەسەر پەیوەندی نێوان هەڵسوکەوتی دەنگدەران لە کاتی هەڵبژاردن و باوەڕە سیاسییەکانیاندا بکات.. یاخود کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر بیەوێت ئاستی ڕەزامەندی کڕیارە هەمیشەییەکان و کڕیارە چاوەڕوانکراوەکانی هەڵسەنگێنێت.. گرنگترین شت ئەوەیە دەبێت ئامانجەکانی ڕاپرسیەکە دیاریکراوو وردو بێ گرێ بن. هەندێکجار ئاڵوگۆڕو گۆڕان لە ئامانجەکاندا دروست دەبن ، بەتایبەتی لە کاتی پرۆسەی پلاندانانندا، بۆیە زۆر گرنگە ئەو



کەسە یان لایەنەی ڕاپرسیەکەی دەوێت لە هەموو هەنگاوەکانی پلاندانانندا بەشداری بکات.

## چۆنیەتی پلاندانان بۆ دروستکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی

یەکەم هەنگاو دەبێت بڕیار لەسەر چۆنێتی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بدرێ؛ (واتە ڕاپرسیەکە بە پۆستە یان بە تەلەفۆن یاخود چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو ئەنجام دەدرێت). کاتێک ئەو مەسەلەیە یەکلایی کرایەوە، ئەوکات دەتوانرێ فۆرمەکە دارێژرێ و ڕاپرسیەکی ئەزموونی ئەنجام بدرێ. پلاندانان بۆ فۆرمی پرسیارەکانی ڕاپرسی گرنگترین قۆناغەکانی پرۆسەی ڕاپرسی پێک دەهێنێت. زانایانی بواری کۆمەڵناسی و ڕەفتارناسی لێکۆڵینەوەی زۆریان لەسەر دانانی فۆرمی پرسیارەکان کردووە. فۆرمی پرسیارەکان لەچەند ڕەگەزێک پێک دێت. لە سەرەتادا بە کارێکی سادە دێتە بەرچاو، بەڵام لە پراکتیکیدا سەختی و ئاڵۆزی و وردییەکەیت بۆ دەردەکەوێت. دەبێت چەمکەکان بەتەواوی ڕوون بکرێنەوە و پرسیارەکان بەشێوەیەک بن تەمومژاوی نەبن، چونکە زانیارییە بە دەستهاتووەکان بەشێوەیەکی ترسناک دەبنە هۆی سەر لێشێوان و گومڕاکردن.

با پێکەوە ئەم ستراتیژە لە ڕاپرسیەکدا بۆ پێوانەکردنی ڕادەی «دزیکردن» جێبەجێ بکەین. لەوانەیە بە پرسیارێکی سادە دەست پێبکەین وەک «لەم شەش مانگەی دواییدا دزیت لێکراوە؟». هەرچەندە ئەم پرسیارە پرسیارێکی ئاشکراو ڕاستەوخۆیە، بەڵام هێشتا ئاڵۆزە. چونکە زۆر لەوانەی وەڵام دەدەنەوە ناتوانن جیاوازی یاسایی بکەن لەنێوان دزیکردن "robbery"( کە تێیدا دزەکەو دزی لێکراوەکە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە)، دزیکردنی ماڵ برین "burglary" (کە دزیکردن و ماڵ بڕینە،



بەڵام بەبێ ڕووبەڕوو بوونەوە). بۆیە ئەو لێکۆڵینەوە ئامارییانەی دەزگای ئاماری ڕەسمی ئەمریکا لەسەر دزیکردن دەیکات، لە پرسیارەکانیدا وشەی «دزیکردن» بەکارناهێنێت، بەڵکو لە ڕێگەی چەندین پرسیارەوە کە لەلایەن خەڵکەوە تێگەیشتنی ئاسانە دەگاتە کۆمەڵێک وەڵامی وردو پەسەندکراو.

سەیرێکی ئەم نموونەی فۆرمی پرسیارە بکە، کە دیراسەیەکی ئاماری نیشتمانییە لە سەر ڕێژەی تاوان:

چەند نموونەیەکتان بۆ دەخوێنمەوە جۆرەکانی ئەو تاوانانەتان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەم دیراسەیە لەخۆی دەگرێت، کاتێک بۆت دەخوێنمەوە ئەگەر لە ماوەی شەش مانگی دواییدا، ڕووبەڕووی یەکێک لەو جۆرە تاوانانە بوویتەوە تکایە پێم بڵێ:

- لە ماوەی __________، __________، _۲۰۰ ئایا شتێکت لێ دزراوە وەک:

a) جانتا، کیفی پارەکەت، جانتای دەستت، جانتای کارەکەت، کتێب.
b) جلوبەرگ، زێڕ و زیو، یاخود کۆمپیوتەر.
c) پایسکیل یان کەلوپەلی وەرزشی.
d) کەرەستەی ناو ماڵ – تەلەفزیۆن یان تەسجیل یاخود شمەکی دیکە.
e) شتی سەیارەکەت، کامێرا، کاسێت، بەستەیەک.

- ئایا کەس هەوڵی دزیکردنی شتێکی تایبەت بە خۆتی داوە؟ بە کورتی (ڕووداوەکانمان) بۆ بگێڕەوە

فۆرمێکی ڕاپرسی سەرکەوتوو باش، ئەو فۆرمەیە کە وشەی دیاریکراو و ئاشکرای تێدا بەکار هاتووە. دەبێت ئاگاداری درێژییەکەشی بین. ئەو ڕاپرسیانەی کە فۆرمەکانیان دوورو درێژە



دەبێتە هۆی هیلاک بوونی وەڵامدەرەوەکان ئەوەش دەبێتە هۆی ڕوودانی هەڵە و حاڵەتی بێ وەڵامی. لەوانەشە ببێتە هۆی ئەوەی هەمان کەس بڕیار بدات چیتر لە ڕاپرسیەکانی دیکەدا بەشداری نەکات. لە کاتی دانانی فۆڕمی ڕاپرسیدا دەبێت چەند هۆکارێکی تر لەبەرچاو بگرین، لەوانە ڕیزبەندی کردنی پرسیارەکان.. شێوەکەی.. تەنانەت هەندێک مەسەلەی وەک دیزاینی فۆڕمەکەش نابێت فەرامۆش بکرێت.

## چۆنیەتی گەیشتن بە کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە:

یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی هەر ڕاپرسیەک بریتییە لە دۆزینەوەی هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەی ڕاپرسیەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت؛ بۆ ئەوەی بتوانین سامپڵەکەمانی تێدا دیاری بکەین و هەموویان وەک یەک هەلی بەشداریکردنیان بۆ بڕەخسێت. بۆ ئەو مەبەستە لیستێک ئامادە دەکرێت پێی دەوترێت «چوارچێوەی سامپڵی ڕاپرسی». لەو ڕاپرسیانەی کە بە پۆستە دەکرێن، لەوانەیە چوارچێوەکە بریتی بێت لە ئادرێسی هەموو ئەوانەی ڕاپرسیەکە دەیانگرێتەوە.. لەو ڕاپرسیانەی کە بە تەلەفۆن دەکرێن سامپڵەکە لەوانە هەڵدەبژێرێن کە بەشداری هێڵی تەلەفۆنیان هەیە. لەوانەشە چوارچێوەی سامپڵەکە سنورە سروشتییەکان یان دەستکردەکان بێت، بەڵام بە ڕوونی دیاریکرابێت، بەڵام گەر لیستی کۆمەڵگاکەمان لە بەردەستدا نەبوو (وەک چۆن لە هەندێک لە گوندەکانی ئەمریکادا ئەو لیستە نییە) لە حاڵەتێکی وادا سامپڵێک لەو ناوچانەی باسکران وەردەگیرێت و ئەوانەی ڕاپرسیەکە ئەنجام دەدەن هەڵدەستن بە پشکنینی سامپڵ لە بەشە جیاجیاکانی ناوچەکەو لیستێکی گونجاو لە خێزان و دوکان....هتد ئامادە دەکەن بەشێوەیەک هەموویان هەلی بەشداریکردنیان لە سامپڵی کۆتایی ڕاپرسیەکەدا بۆ



بڕەخسێت. جەودەی چوارچێوەی سامپڵی ڕاپرسیەکە گەر نوێ و تەواو بێت خەسڵەتێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی هەموو کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە وەک یەک هەلی بەشداریکردنیان بۆ ڕەخساوە.

هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسی لەو خێزانانەی تەلەفۆنیان هەیە ئاسانترە لە ڕاپرسی لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو. ڕاپرسی بە ڕێگەی تەلەفۆن کەم خەرج ترو ئاسانترە. بەڵام کێشەی سەرەکی لەوەدایە تەنها ٩٥٪ خەڵک خاوەنی تەلەفۆنن بۆیە ڕاپرسیەکە هەموو خەڵکەکە ناگرێتەوە. ئەو خێزانانەی تەلەفۆنیان نییە، داهاتیان زۆر کەمترە لەوانەی تەلەفۆنیان هەیە، بۆیە ڕاپرسیەکان ناتوانن بە شێوەیەکی گونجاو نوێنەرایتی ئەو خەڵکانە بکەن کەکەم دەرامەتن. هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسی لەڕێگەی چوارچێوەی ژمارە تەلەفۆنەکانەوە بەوانەشی کە لە دەفتەری تەلەفۆنەکاندا تۆمار نەکراوە دەوترێ «پەیوەندی تەلەفۆنی هەڕەمەکی» یان "RDD". لەوانەیە ئەم کارە ئەمڕۆ زۆر ئاسان بێت، بەڵام وەلاتانی ئەو ژمارە تەلەفۆنانەی کە کەس هەڵیان ناگرێت لە چوارچێوەی ڕاپرسیەکەدا لەوانەیە کارێکی ئاسان نەبێت. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش هەندێک ڕێباز داهێنراوە کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە سامپڵی «پەیوەندی تەلەفۆنی هەڕەمەکی» دیاری بکرێت.

## چۆنیتی هەڵبژاردنی سامپڵی هەڕەمەکی

هەموو ئەو ڕاپرسیانەی کە زانایانی کۆمەڵناسی و دانەرانی سیاسەتی ڕاپرسی پێی هەڵدەستن کەڵک لە سامپڵی هەڕەمەکی وەردەگرن. تەنانەت لەسەرژمێری دە ساڵ جارێکی ئەمریکاشدا کەڵک لە تەکنیکی سامپڵ دەبینرێ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری



پێویست. ڕێژەی ١٠٠٪ تەنها بۆ دیاریکردنی ڕێژەی دانیشتووان بەکاردێت. هەڵبژاردنی سامپڵی هەڕەمەکی ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری ئاماری و تیۆری ئیحتیمالی. دەکرێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هەڕەمەکییەوە مەزەندەیەکی دڵنیاو ڕاستەقینەمان لەسەر کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە دەستکەوێت، بەڵام بەمەرجێک بەشی هەرە زۆری سامپڵەکە زانیاری پێویستیان خستبێتەڕوو.

جۆری ئەو سامپڵەی کە بەکاردێت بەستراوەتەوە بە ئامانج و چوارچێوەی بابەتی ڕاپرسیەکەوە. ئەو هۆکارانەی بەشدار دەبن لەم مەسەلەیەدا بریتین لە: سروشتی ئەو چوارچێوەیەی لەبەردەستدایە لەگەڵ بودجەی تەرخانکراو بۆ ڕاپرسیەکەو شێوازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و بابەتەکان و جۆری ئەو کەسانەی کە وەڵام دەدەنەوە. هەندێک سامپڵ هەیە ئاڵۆز نییە، واتە هەم ڕاهێنانی زۆری ناوێ و هەمیش شارەزایی زۆر، بەڵام هەشیانە زۆر ئاڵۆزەو پێویستە چەندین جار تاقیبکرێنەوە. بە چاوپۆشی لەوەی سامپڵی ڕاپرسیەکە بەشێوەیەکی گونجاو و ئاسان هەڵبژێراوە یان بەشێوەیەکی ئاڵۆز، ئامانجی سەرەکی ئەوەیە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە وەک یەک هەلی بەشداریکردنیان لە ڕاپرسیەکەدا بۆ بڕەخسێ. دەبێت شێوەی هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسیەکە زۆر بەوردی باس بکرێت بۆ ئەوەی هەڵەکانی دەستنیشانکردنی سامپڵی ڕاپرسیەکە بەشێوەیەکی دروست دەربکەون. لەڕووی زانستییەوە ئەو دوو هۆکارە دەبنە هۆی بەخشینی زانستی بوونی سامپڵەکان و دەریدەخەن کەوا سامپڵەکە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە دەکات. قەبارەی هەڵبژێراوی سامپڵی ڕاپرسیەکە بەستراوەتە بە ڕادەی ئەو پێشبینییە کۆتاییەی کە دەبێت بۆ ڕاپرسیەکە هەبێت. لە پراکتیکدا جۆرێک لە ڕێکەوتن هەیە لەنێوان قەبارەی سامپڵێکی زانستی و نموونەیی و خەرجییە چاوەڕوان کراوەکانی ڕاپرسیەک.



# چۆنیتی پلاندانان بۆ بەرزکردنەوەی جەودە

پلاندانان بۆ بەرزکردنەوەی جەودە بەشێکی دانەبڕاوی ڕاپرسیەو دەبێت لە هەموو قۆناغەکاندا پەیڕەوی لێبکرێت. دەبێت هەموو تواناکان بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی هەڵەکان و لایەنگری – التحیز – وەڵامدەرەوەکان دابەزێ بۆ کەمترین ئاست. بۆ نموونە، کاتێک چاوەڕێ دەکەی وەڵامدەرەوەکە هەندێک بیرەوەری کۆن بگێڕێتەوە، زاکیرە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. لەم جۆرە ڕاپرسیانەی کە کار لەسەر گێڕانەوەی ڕابردوو دەکەن، نابێت وەڵامدەرەوەکە والێ بکرێت هەندێک ڕووداو بگێڕێتەوە کە زۆر کۆن ڕوویانداوە و تەنانەت بۆخۆیشی بەباشی لە بیریدا نەماوە.

هەندێک بەشی دیکە کە دەبێت لە قۆناغی پلاندانانندا تاقی بکرێنەوە بریتن لە .. کام پرسیار زۆر هەستیارە... ئایا ناچێتە چوارچێوەی پێشێلکردنی تایبەتمەندییەکانی وەڵامدەرەوەکەوە.. ئایا وەڵامەکان هێندە سەختن تەنانەت ئەوانەشی کە حەزیان لە بەشداریکردن لە ڕاپرسیەکەدا هەیە ناتوانن وەڵامی بدەنەوە؟ نیگەران بوون لەبارەی هەریەک لەو مەسەلانە، کاریگەری خۆی هەیە لەسەر پەسەند بوونی ئەو ئامارەی لە ڕاپرسیەکەدا دەخرێنەڕوو. هەڵبژاردنی وەڵامدەرەوەی دروست لە سامپڵی خێزانیدا ڕەگەزێکی گرنگی «گرەنتی» جەودە پێک دەهێنێت. بۆ ئەو ڕاپرسیانەی کە وا لێکدانەوەکەیان لەسەر بنەمایەکی واقعی بوونیادنراوە، لەوانەیە داوای هاوکاری بکرێت لەو کەسانەی خاوەنی زانیاری وردن لەسەر بابەتەکە. ئەم ڕێوشوێنە لەو ڕاپرسیانەی کە ئێستا لە بارەی دانیشتووانەوە دەکرێن بەکاردێت. لەوانەیە لە بەخێوکەری خێزانێک داوا بکرێت وەڵامی ورد سەبارەت بە ڕێژەی بێکاری و



کارکردن بخاتەڕوو.

لە هەندێک ڕاپرسی دیکەدا، لەوانەیە وەڵامدەرەوەی «ماڵ» زانیاری هەڵە بخاتەڕوو، بەڵکو لەوانەیە زانیارییەکانی بێ کەڵک بن. بۆ نموونە لەوکاتانەی کە تەنها یەک کەس ئەو زانیارییەی هەیەو کەسی تر لێی ئاگادار نەبێت. لە هەندێک ڕاپرسی سەبارەت بە «هەڵوێست» کێشەی جیاجیا ڕوودەدات. بەشێوەیەکی گشتی ئەوە سەلمێنراوە ئەو نموونەیەی کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دیاری دەکرێت دەتوانێت زانیاری ڕاستەقینەتر و ورد تر لەسەر ڕای گشتی بدات بەدەستەوە لەو نموونەیەی کە بەشێوەیەکی نا هەڕەمەکی دەستنیشانکراوە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە بەشێوەی نا هەڕەمەکی دەستنیشانکراوە و دەبێتە وەڵامدەرەوە ئەگەری زۆر هەیە کەسێک بێت لە ماڵەوە، بۆیە نابێتە نوێنەری ئەوانەی لە دەرەوەن. دوایین مەبەست: بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی باش، دەبێت لەهەموو هەنگاوەکاندا لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ ئەوەی سامپڵەکە بەپێی ئەو مواسەفاتانەی کە پێویستن دیاری بکرێن و ئەوانەی بە ڕاپرسیەکە هەڵدەستن بە باشترین شێوە کارەکانیان ئەنجام بدەن و بە دروستی کۆد بۆ فۆڕمەکانیش دابنرێت و زانیارییەکانیش بەشێوەی ڕاست لە کۆمپیوتەردا خەزن بکرێن و پڕۆگرامی کۆمپیوتەریش بەشێوەی گونجاو بۆ شیکردنەوەی داتاکان دابنرێت.

## کاتی پێویست بۆ ڕاپرسی:

ئەو ماوەیەی بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیەک پێویستە چەندە؟ ئەوە پشت بەجۆری ئەو ڕاپرسیە دەبەستێت کە دەکرێت و هەر ڕاپرسیەک دۆخێکی تایبەت بە خۆی هەیە. هەندێک جار دەتوانرێت



ڕاپرسیەک لەماوەی دوو هەفتە یان سێ هەفتەدا ئەنجام بدرێت، واتە گەر فۆڕمی ڕاپرسیەکە کورت بێت و لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە زانیارییەکان لەو لیستەی کە پێشتر ئامادەکراوە کۆ بکرێنەوە. واباوە ڕاپرسیەک کە سامپڵێکی هەزار کەسی بگرێتەوە چەند مانگێک تا ساڵێک بخایەنێت، واتە لە یەکەم ڕۆژی پلاندانانەوە تا دەگاتە ئەو دەمەی دەرئەنجامەکان ئامادەکراون بۆ شیکردنەوە. مەرج نییە هەنگاوەکانی ڕاپرسی یەک لە دوای یەک بن، لەوانەیە چەند هەنگاوێک لە یەک کاتدا ئەنجام بدرێت. دەکرێت هەندێکی تریان وەک - ئامادەکردنی لیست و سامپڵی یەکەکانی خێزانی - هاوکات لە گەڵ دوایین قۆناغەکانی فۆڕمی پرسیارەکاندا ئەنجام بدرێت. هەرچەندە ئەو مەسەلانە زیادە نین، بەڵام کاتیان دەوێت. هەڵەیەکی باو ئەوەیە زۆرجار لە کاتی پلاندانانددا بە چاوێکی پڕ لە گرنگییەوە ماوەی تەرخانکراو بۆ ڕاپرسیەک دانانرێت.

## چۆنیتی دانانی بودجەی ڕاپرسی:

لەوانەیە ئامادەکردنی لیستێکی لێکدانەوەی فاکتەرەکانی بودجە لە تەقدیرکردنی خەرجییەکانی ڕاپرسیەکدا سودمەند بێت (هەم لە ڕووی کات و هەمیش لەڕووی ماوە). بۆ دیاریکردنی بودجەی ڕاپرسیەکی تەقلیدی سود لە «قەڵەم و کاغەز» دەبینرێت. زۆربەی هەنگاوەکانی گشتین، بەڵام بەکارهێنانی ئامێر لە ڕاپرسیدا بووەتە هۆی بەرز بوونەوەی خەرجییەکان، لە هەندێک لاوە کەمی دەکات و لە هەندێک لای دیکەوە زیاتری دەکات.

- خەرجییەکانی ئەو کاتەی تیمی پلاندانانی ڕاپرسیەکە و دەستەکەی لە قۆناغە جیاجیاکاندا بەسەری دەبەن، لەگەڵیدا ئەو کاتەی کە لەگەڵ خاوەن ڕاپرسیەکەدا بەسەردەبرێت بۆ پاڵاوتنی پێداویستییەکان.



- خەرجییەکانی هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسیەکە، لەگەڵ خەرجی تیمی مەرکەزی ڕاپرسی و ژمێریاری.
- خەرجییەکانی کارکردن و کەلوپەل بۆ ڕاپرسی ئەزموونی و کاری مەیدانی.
- لەوانەیە ناچاربیت زیاتر لە جارێک ڕاپرسی ئەزموونی بکەیت، بۆیە دەبێت پارەو کاتی پێویستی بۆ تەرخان بکرێت، بە تایبەتی لە کاتی ڕاپرسی کردن لەسەر شتێکی زۆرباش.
- خەرجی لاوەکی و خەرجییەکانی دیاریکردنی بژمێرو ڕاهێنان پێکردن و چاودێریکردنیان.
- خەرجییەکانی کرێی بژمێرەکان و تێچوونی هاتوچۆو خواردن و خەوتن.
- خەرجییەکانی دووبارەکردنەوەی هەندێک لەو فۆڕمانەی کە وەڵامەکانیان هەڵەی تێدایە یان باش پڕنەکراونەتەوە ئەوەش بۆ ئەوەی جەودەی ڕاپرسیەکە کەم نەبێتەوە.
- خەرجییەکانی گواستنەوەو گەیاندن و داتا ئینتری.
- خەرجی پێداچوونەوەو دڵنیا بوون لە جەودەی داتا ئینتری
- خەرجی «پاککردنەوەی» کۆتایی زانیارییەکان، واتە پشکنینی فایلی کۆمپیوتەرەکان بۆ دۆزینەوەی وەڵامی نەگونجاو و نادروست، لەوانەیە هەندێکجار خەرجی پڕکردنەوەی زانیارییە ون بووەکانی بێتە سەر.
- خەرجی شیکەرەوەی داتاکان و دروستکردنی خشتەو چارت.
- خەرجی بۆ کرێی شیکردنەوەی بنەڕەتی زانیارییەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی.
- هەروەها خەرجی تەلەفۆن و کۆپیکردن و چاپکردن لە هەموو قۆناغەکاندا هەر لە کاتی پلاندانانەوە تاکو دابەشکردنی دەرئەنجامەکان.



هەرچەندە هەندێکیان کەم خەرجترن لەوانی دیکە، بەڵام هیچ لێکۆڵینەوەیەکی باش «هەرزان» نییە، ئەو ڕاپرسیانەی بە شێوەی چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو دەکرێن تێچوونەکەیان زۆرترە لەوانەی بە تەلەفۆن و پۆستە دەکرێن. تاکو ڕاپرسیەکەش ئاڵۆز و شیکردنەوەکەی زۆرتر بێت، خەرجییەکانیشی زیاتر دەبن. ئەو ڕاپرسیانەی کە زۆرترین کەس بەشدار دەبن تێیدا هەرزانتر دەکەون لەوانەی کەمترین کەس بەشدار دەبن. ئەم مەسەلەیە کاتێک ڕاست دەردەچێت کە قەبارەی سامپڵەکە لە هەزار کەس کەمتر نەبێت، چونکە دەبێت بۆ هەر چاوپێکەوتنێک کەرەستەی پێویست ئامادە بکرێت، جگە لەوانەی لەسەر هەمان گروپ دووبارە دەبنەوە.



## له كويَ زانياري زياترمان دەست دەكەويَت.

بەهۆی تەرخانکردنی کاتی کەم بۆ پلاندانان، لەوانەیە جەودەی ڕاپرسی لەکەدار بێت. دوو سەرچاوەی گرنگ بۆ پلاندانانی جەودە بریتین لە «پلاندانانی جۆرایەتی١٩٨٩» کە هی جۆران juran و ئەوی دیکەیان «پەڕانەوە لە قەیران ١٩٨٦» ی دیمینیگ demhng»ە. ئەو سەرچاوانەی لەلایەن زانکۆی ئەمریکییەوە بڵاوکراونەتەوە لەسەر جەودە و گرنگی خۆی هەیەو لە ئینتەرنێتدا هەن و دەکرێت سێرچی بۆ بکرێت. پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەریش دەتوانن پلاندانان زۆر سیستماتیک و چالاک بکەن.






# فەسڵی سێیەم
# چۆنیێتی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ڕاپرسی

وەک پێشتر بینیمان، دەکرێت بە چەندین شێواز لە ڕێگەی ڕاپرسیەوە زانیارییەکان کۆبکەینەوە: (لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو، بە پۆستە، بە تەلەفۆن، یان ئینتەرنێت). ئێستا ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە بە باوترین و دیارترین جۆری کۆکردنەوەی زانیاری لە قەڵەم دەدرێت. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەرجییەکانی ئەم ڕاپرسیە تاڕادەیەک کەمترە لەچاو ئەوانی دیکەدا، بەڵام بەو مانایە نییە لە جێبەجێکردندا ئاسان بێت. هەندێکجار پلاندانان بۆ ئەو ڕاپرسیانەی کە لە ڕێگەی پۆستەوە دەکرێن، سەختترە لە پلاندانان بۆ ئەو ڕاپرسیانەی بژمێرێک دەیکات. بۆ نموونە دەبێت زۆر ئاگادار بیت و پێشبینی هەرکێشەیەک کە لەلایەن وەڵامدەرەوەکانەوە ڕووبدات بکەیت و زۆر بەخێرایی چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە.

لە ڕاپرسیە بازرگانییەکاندا، بەکارهێنانی ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە سەرکەوتووترە. وەک ئەو ڕاپرسیانەی کە «دەزگای ئاماری ئەمریکا U.S. Bureau of the Census » و «دەزگای ئاماری هێزی کاری ئەمریکا U.S. Bureau of Labor Statistics دەیکەن. کاریگەری ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە زیاتر دەبێت گەر ئاراستەی گروپێکی دیاریکراوی بکەیت، وەک بەشدارانی گۆڤارێکی تایبەتمەند یان ئەندامانی سەندیکایەک.

ئەو شێوازەی کە پرسیارەکان لە ڕێگەی پۆستەوە دەچووە بەردەستی وەڵامدەرەوەکە، ئەویش زانیارییەکانی لە ڕێگەی پۆستەوە دەناردەوە، خەریکە بەهۆی زیاد بەکارهێنانی فاکس و ئینتەرنێت باوی نامێنێت. ئێستا لەلیستی ناوی بەشدارانی گۆڤارە تایبەتمەندەکاندا، ژمارەی فاکس و ئیمەیلی کەسەکەش



دەنووسرێنەوە، هەرچەندە ئەوانە ڕەگەزی لاوەکین، بەڵام دەکرێت لە کاتی هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسیەکان سودیان لێ ببینرێت.

هێشتا ڕێگەی دیکە هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری بەشێوەی ڕووبەڕوو. بۆ نموونە دەزگای ئاماری هێزی کاری ئەمریکا U.S. Bureau of Labor Statistics کۆمەڵێک دامەزراوی بازرگانی هەیە مانگانە زانیارییەکان لەڕێگەی ئەو تەلەفۆنانەی کە ڕاستەوخۆ بەستراون بە کۆمپیوتەرەوە دەنێرێت بۆ دەزگاکە.

لە ئاییندەیەکی نزیکدا، ئەم شێوازە تایبەتمەندە بە ڕاپرسی بازرگانی تەنها لە جۆری گۆڕینی ئۆتۆماتیکیدا خۆی قەتیس دەکات و بەگوێرەی مانگ یان وەرز بەشێوەیەکی دەوری زانیاری کۆ دەکاتەوە.

بەپێشکەوتنی کۆمپیوتەرو ئامێرەکانی پەیوەندی کردن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەکارهێنانی ئەو کۆمپیوتەرانەی کە خۆیان وەڵام دەدەنــەوە و بەستراون بە کۆمپیوتەرەکانی ئەو دەزگایانەی ڕاپرسی دەکەن؛ زیاتر برەو پەیدا دەکات. ئەو مەسەلەیە ئێستا لەو ڕاپرسیانەی کە بۆ ڕوپێوی تەندروستی دەکرێن ئەنجام دەدرێت، بەشێوەیەکی ئەلکترۆنی نموونەیەک لە لیستی نەخۆشەکان هەڵدەبژێرێت.

## چۆنێتی چاوپێکەوتن لە ڕاپرسیدا

ئەو ڕاپرسیانەی کە ڕووبـەڕوو یان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە دەکرێن، لەچاو ئەو ڕاپرسیانەی کە کەسەکە خۆی پرسیارەکان لە ڕێگەی پۆستەوە دەنێرێتەوە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن. ئامادەبوونی ئەو کەسەی بەو چاوپێکەوتنە هەڵدەستێ لە ڕێژەی ئەوانەی وەڵامدەدەنەوە زیاتر دەکات و وەڵامدەرەوەکانیش هەلی ڕوونکردنەوەی ڕاستەوخۆیان بۆ دەڕەخسێت.



مەرجی سەرەکی ئەوەی چاوپێکەوتنەکە دەکات، ئەوەیە بتوانێت خۆی لەو خەڵکە نەناسراوانەی بەشداری ڕاپرسیەکە دەکەن نزیککاتەوەو ڕازییان بکات بە بەشداریکردن، جا لە کاتی ڕووبەڕوودا بێت یان لەو کاتەی ڕاپرسیەکە بە تەلەفۆن دەکرێت. پاش بەدەستهێنانی هاوکاری کەسەکە پێویستە بژمێرەکە لە کاتی پڕکردنەوەی فۆڕمەکەدا کەسەکە لە دەست نەدات؛ واتە تا دەگاتە ئەوەی هەموو زانیارییە پێویستەکانی لێ وەردەگرێت.

بۆ ئەوەی زانیارییەکان جەودەیان بەرزبێت، دەبێت بژمێرەکان لە ڕێگەی بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان و خۆڕاهێناندا بەشدارییان کردبێت یان هەردوو جۆرەکەیان تاقیکردبێتەوە. دەبێت جەخت بکرێتە سەر تەکنیکەکانی چاوپێکەوتنێکی سەرکەوتوو، وەک چۆنێتی پەیوەندی کردنی سەرەتایی.. چۆنێتی جێبەجێکردنی چاوپێکەوتن بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵی.. چۆنێتی خۆ دوورخستنەوە لەوەی وەڵامەکان بەو ئاڕاستەیەدا ببرێت کە خۆی دەیەوێت. هەروەها دەبێت ڕاهێنانەکان ئەو ئەگەرانەش بگرێتەوە کە لەوانەیە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا دەرکەون.

دەبێت کاتێکی باش بۆ شیکردنەوەی ماناو چەمک و زاراوەکان دیاری بکرێت. بۆ ئەو مەبەستە دەبێت پرسیار بە پرسیار بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی بژمێرەکان دەتوانن ئەو بە هەڵە تێگەیشتنانەی کە سەرهەڵدەدەن چارەسەر بکەن. لە ناوەندە ناودارەکانی ڕاپرسی پێش دەست پێکردن، بژمێرەکان سوێندی سەخت دەخۆن کە نهێنی زانیارییەکانی ڕاپرسیەکە ئاشکرا نەکەن.

دەبێت کەرەستەکانی ئەنجامدانی ڕاپرسی ئامادە بکرێت و بخرێتە بەردەستی ئەوانەی ڕاپرسیەکە دەکەن. بەنیسبەت ئەو ڕاپرسیانەی بە قەڵەم و کاغەز دەکرێن، دەبێت فۆڕمی ڕاپرسیەکەو ڕێنماییەکان و زانیاری سەبارەت بەوانەی ڕاپرسیان لەگەڵدا



دەکرێت و شوێنی نیشتەجێبوونیان بدرێت بە بژمێرەکان، هەروەها دەبێت ناسنامەیەکی سەنتەری ڕاپرسیەکەیان پێبدرێت.

پێش دەسپێکردن بە چاوپێکەوتنەکان، سەنتەرەکانی ڕاپرسی بە نامەیەک سامپڵی ڕاپرسیەکە لە بارەی ئامانجی ڕاپرسیەکە ئاگادار دەکاتەوەو پێی دەوترێت بەم نزیکانە بژمێرەکە دەگاتە لایان.

لەزۆربەی ڕاپرسیەکاندا، بەتایبەتی ئەوانەی حکومەتی ناوەندی ئەنجامی دەدات، دەبێت پێشتر زانیاری سەبارەت بە جۆری ڕاپرسیەکە کە ئاخۆ خۆبەخشە یان ئیجبارییە یان چۆنێتی بەکارهێنانی وەڵامەکان بدرێت بە بەشدارانی ڕاپرسیەکە.

لە کاتی پەیوەندیکردن بە یەکەکانی سامپڵی ڕاپرسیەکە دەبێت هەندێک لایەن هەیە لەبەرچاو بگیرێت بۆنموونە کاتی تەلەفۆنکردن و وەرگرتنی مۆڵەت بۆ چاوپێکەوتنەکانی داهاتوو لە کاتێکدا گەر وەڵامدەرەوە لە ماڵی خۆیاندا نەبوو.

## چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە[CATI]

کەڵک وەرگرتن لە کۆمپیوتەر بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی زۆر برەوی سەندووە. لە ئەمریکا ئێستا زۆربەی ڕاپرسیە بەربڵاوە تەلەفۆنییەکان بە هاوکاری کۆمپیوتەر CATI دەکرێت. ئەوانەی چاوپێکەوتنەکان دەکەن لەم شێوازەدا کەڵک لەترمیناڵێکی کۆمپیوتەری وەردەگرن، کاتێک پرسیارەکان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە دەردەکەون ئەوانەی چاوپێکەوتنەکە دەکەن ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کیبۆردەکەوە وەڵامەکان خەزن دەکەن.

لایەنە باشەکانی CATI ئەوەیە خێرایی و جەودە زیاد دەکات،



بەڵام خەرجییەکان کەم نابنەوە. بەهۆی دانانی پرۆگرام بۆ فۆڕمی ڕاپرسییەکە، ئەم جۆرە ڕاپرسیە بۆ ئەو دیراسانەی کە بچوکن و دووبارە نابنەوە خەرجییەکانی زۆرە. تاوەکو قەبارەی سامپڵەکە زۆرتربێت خەرجییەکان کەمتر دەبنەوە، بۆیە لەو دیراسانەی کە گەورەن یان دووبارە دەبنەوە، خەرجییەکانی کەمتر دەبن لە چاوپێکەوتن بە تەلەفۆنی ئاسایی.

بە شێوازی CATI پرسیارەکان یەک لە دوای یەک دەردەکەون، بۆیە ئەوەی چاوپێکەوتنەکان دەکات، ناتوانێت پرسیارێک پشتگوێ بخات یان بەبێ وەڵام بیهێڵێتەوە. بۆ نموونە هەندێک پرسیار هەیە وەڵامەکانی لقی لێدەبێتەوە (واتە وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی پێشوو ئەوە دیاری دەکەن پرسیاری دوای ئەو پرسیارە چییە). لەم شێوازەدا دەتوانرێت پرۆگرامەکە بەشێوەیەک دابنرێت لقەکانی چاوپێکەوتنەکە بە ئۆتۆماتیکی دەربکەوێت. هەندێکجار لەو چاوپێکەوتنانەی کە بەهاوکاری کۆمپیوتەر ناکرێن لقەکانی پرسیار دەبنە هۆی ڕوودانی هەڵە، بەتایبەتی لەبیرچوونی پرسیار.

لە چاوپێکەوتنە CATI پرۆگرامەکان خۆیان دەبنە هۆی پێداچوونەوە بە نووسینەکاندا. کۆمپیوتەرەکان دەتوانن وەڵامەکان و ئەو زانیاریانەی کە ڕاگەیەندراون کۆنترۆڵ بکەن و دەریخەن کە ئاخۆ ناکۆک نین لەگەڵ یەکتردا. ئەگەر لە کاتی پێداچوونەوەدا کێشەیەک ڕوویدا بێت، داوا لە وەڵامدەرەوەکان دەکرێت زانیارییەکان ڕاستکاتەوە.

لەم شێوازەدا دەرئەنجامە ئامارییەکان خێراتر دەردەکەون. بۆ نموونە، لە داتا ئینتری ڕزگارت دەبێت. جگە لەوەش سەنتەرەکانی ڕاپرسی دەتوانن لەکۆتایی هەموو ڕۆژێکدا دەرئەنجامە سەرەتاییەکان بخەنەڕوو.



## چاوپێکەوتنی شەخسی لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە CAPI

لەم ساڵانەی دواییدا بەکارهێنانی کۆمپیوتەری لاپتۆپ لە ئەنجامدانی ڕاپرسیدا برەوی پەیدا کردووە. ئەو کەسەی کە هەڵدەستێ بە پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسیەکان دەتوانێت کۆمپیوتەرێکی لاپتۆپ لەگەڵ خۆیدا بەرێ بۆ مەیدانی کارەکەو ڕاستەوخۆ وەڵامەکانی تێدا خەزن کات. ئەم شێوازە پێی دەوترێت CAPI یان(Computer-Assisted Personal Interviews). ئەو کۆمپیوتەرەی کە زانیارییەکانی تێدا خەزن دەکرێت ڕاستەوخۆ نەبەستراوەتەوە بە سیستمی مەرکەزی کۆمپیوتەری دەزگای ڕاپرسیەکەوە. لایەنە باشەکانی ئەم شێوازەی ڕاپرسی لە خێرایی و جەودەکەیدایە نەک لە کەمکردنەوەی خەرجییەکان. هەرچەندە ژمارەی ئەو ناوەندانەی ڕاپرسی کە شێوازی CAPI بەکاردەهێنن کەمن، بەڵام چاوەڕوان دەکرێت لە ئاییندەیەکی نزیکدا بەشێوەیەکی بەربلاو بەکار بێت.

ئاشکرایە تا تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی زۆر بەکاربێت، ئەو شێوازە تەقلیدیانەی وەک بەکارهێنانی کاغەز و قەڵەم دەبێت کۆتاییان پێ بێت.

## ئەوەی پاش کۆکردنەوی زانیارییەکان ئەنجام دەدرێت:

بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو شێوازەی زانیارییەکانی پێ کۆدەکرێتەوە، چەند پرۆسەیەکی «کۆتایی» هەیە لە ڕێگەیانەوە زانیارییەکان دەگۆڕین بۆ هاوکێشە؛ بەجۆرێک دەتوانین دەرئەنجامی کۆکراوەکان و ئامارەکان بژمێرین. بەنیسبەت



ڕاپرسی پۆستەو ئەو ڕاپرسیە تەقلیدیانەی بە کاغەز و قەڵەم دەکرێن، دەبێت پاش پڕکردنەوەیان فۆڕمەکان کۆدیان بۆ دابنرێت و دواتر داتا ئینتری یان باشتر بڵێین لە کۆمپیوتەردا خەزن دەکرێن و لە شێوەی فایلێک هەڵدەگیرێن. هەنگاوەکانی تر وەک هەموو ڕاپرسیەکانی دیکە وایە، چی ئەوانەی هەر لە سەرەتاوە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە زانیارییەکان کۆ کرابێتنەوە یان نا. هەرکە فایلی کۆمپیوتەرەکە دروستکرا، جگە لەو پێداچوونەوەی کە فەرمانبەران پێی هەڵدەستن، دەکرێت پێداچوونەوەیەکی دیکەش بە زانیارییەکاندا بکرێت بۆ گۆڕینی ئەو زانیاریانەی کە پێکەوە ناگونجێن.

هەندێکجار بۆ چارەسەرکردنی ئەو خاڵانەی کە دیارنەماون واتە ئەو شوێنەی کە وەڵامدەرەوەکە وەڵامەکەی نەزانیوە یان وەڵامی نەداوەتەوە یان لە حاڵەتی پرسیارنەکردندا، پێویست بە بڕیاردان دەکات. ئەگەر پێویستی کرد ئەو خاڵانە بگۆڕێن یان لابدرێن بۆ ئەوەی لایەنگری کەمبکرێتەوە.

ئەو کاتەی فایلێکی «پاک»ی زانیارییەکانی ڕاپرسیەکە ئامادە دەکرێت، دەخرێتە بەردەستی شیکەرەوەی داتاکان بۆ ئەوەی کورتەیەکی لێ ئامادەکات. واچاکە لەجیاتی بەکارهێنانی ئەو بەرنامانەی خۆت ئامادەت کردووە، سود لەو پڕۆگرامانەی کۆمپیوتەر ببینی کە بەتایبەتی بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراون. باشتر وایە شیکردنەوەکان بەژماردنی سادەی وەک ڕێژەی سەدی هەر پرسیارێک دەست پێبکرێت. قۆناغی دوای ئەوە واباوە چارت و خشتەی ئاڵۆزتر بەکار بێت. لە کۆتاییشدا لەوانەیە پێویست بکات شێوەو خشتەی زۆر ئاڵۆزتر بۆ خستنەڕووی زانیارییەکان بخرێتەڕوو.

دەرئەنجامی ڕاپرسیەکان بە زۆری لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا بڵاودەکرێنەوە، یان لە کۆبوونەوەو کۆنفرانسێکی فەرمیدا پیشان



دەدرێن. دەکرێت فایلی زانیارییەکان بە کەسانی شارەزاتر بدرێت بۆ ئەوەی بەخەرجییەکی کەم شیکردنەوەی دیکەی بۆ بکات.

## کورت نەکردنەوەی ڕێگا

ئەنجامدانی ڕاپرسیەک کە دڵنیابیت لە دەرئەنجامەکانی، پێویسی بەوە هەیە هەموو قۆناغەکانی بە وردی و دروستی پلانی بۆ داڕێژرابێت. کورتکردنەوەی ڕێگاکان دەبێتە هۆی لە دەستدانی کوالیتی دەرئەنجامەکان و سەرلێشێواندنی بەکارهێنەرانی زانیارییەکانی ڕاپرسیەکەو ئەو لایەنەی کە ڕاپرسیەکەی بۆ دەکرێت. لە خوارەوە سێ جۆر کورتکردنەوە هەیە دەبێت خۆتی لێ دوورخەیتەوە:

- ئەنجام نەدانی ڕاپرسی ئەزموونی.
- بەدوادا نەچوونی پێویست بۆ ئەوانەی وەڵامی پرسیارەکانیان نەداوەتەوە.
- کاری مەیدانی ناشی و نەزانانە، کۆنترۆڵ نەکردنی پێویستی جەودە.

ئەنجامدانی ڕاپرسی مەیدانی و بەدواداچوونی مەیدانی تەنها ڕێگەن بۆ ئەوەی بزانیت هەموو کارەکان بە «بەباشی دەچن بەڕێوە» یان بە پێچەوانەوە. بەتایبەتی ئەگەر ڕاپرسیەکە تەکنیکی نوێ یان کۆمەڵە پرسیارێکی نوێی بەکار هێنابێت. هەرچەندە زۆر بەدەگمەن دەکرێت پێشبینی هەموو بەهەڵە تێگەیشتنەکان و کاریگەرییە لادەرییەکانی پرسیارەکان بکرێت، بۆیە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی باش و نەخشە بۆداڕێژراو ئەنجامدانی ڕاپرسی ئەزموونی مەرجێکی زۆر پێویستە. بۆ تاقیکردنەوەی ئەو تەکنیکە نوێیانەی کە لە ڕاپرسیەکەدا بەکاری دەهێنی و بۆ باش تێگەیشتن لە چەمکی پرسیارەکان، پێویستە لە چوارچێوەیەکی بچوکدا



کۆمەڵە دیراسەیەکی ئەزموونی ئەنجام بدرێت.
پاش ئەو قۆناغە دەبێت «پرۆڤەیەک» لەسەر ئاستێکی بەربلاوتر ئەنجام بدرێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو شتەکان بەپێی ئەو ئامانجانەی دانراون، دەچن بەڕێوە.
دواکەوتن لە بەدواداچوون بۆ ئەوانەی وەڵامی پرسیارەکانیان نەداوەتەوە، دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی ئەو ڕاپرسیەی کە بەباشی نەخشەی بۆ دانراوە تووشی شکست بکات. زۆر لە ڕاپرسیەکان ڕێژەی وەڵام دانەوەی پرسیارەکان کە لەخوار ٥٠٪ بوو بە نائاسایی لە قەڵەم دەدرێت.
بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو ماڵانەی کە لە چوارچێوەی سامپڵی ڕاپرسیەکەدا بوون و لە کاتی چوونی بژمێرەکە لە ماڵدا نەبوون (با لە پشووی کۆتایی هەفتە یان کاتێکی گونجاوی تردا سەردانی ماڵەکە بکرێتەوە)، بۆ ئەوەی ڕازی بکرێن بە وەڵامدانەوە، پرۆسەکە بەو شێوەیە دووبارە دەبێتەوە. لە کاتی ڕاپرسی بە پۆستە باشتر وایە چەند جارێک و هەرجارەی لە زەمەنێکی دیاریکراودا لەوانەیە هەر سێ هەفتە جارێک، فۆرمەکە پۆست بکرێتەوە. بەڵگە هەیە وەڵامدانەوەی ئەو نامانەی کە دواتر وەڵام دەدرێنەوە جیاوازن لەو نامانەی کە پێشتر نێردراون. بۆیە گەر بەدواداچوونی زیاتر نەکرێت لەوانەیە دەرئەنجامێکی ناڕاستمان دەست کەوێت. تەنانەت هەندێکجار زروفەکە وادەخوازێ لە ڕێگەی تەلەفۆن یان سەردانی تایبەتەوە وەڵام لەوانە وەرگریت کە پێشتر وەڵامیان نەداوەتەوە.
لە نموونەیەکی بچوکدا گەر ڕێژەی وەڵام نەدانەوە کەم بێت، پرسیار لەسەر دەرئەنجامەکانی ڕاپرسیەکە دروست دەکات، چونکە لەوانەیە هیچ ڕێگەچارەیەکی گونجاو نەبێت بۆ دەرهێنانێکی زانستییانەی خەسڵەتەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە نوێنەرایەتی ئەوانەی وەڵامی پرسیارەکانیان نەداوەتەوە.



کاری مەیدانی ناشی و نەزانانەش زیانێکی قورس لە دەرئەنجامەکانی ڕاپرسی دەدات.

کۆنترۆڵکردنی جەودەی کاری مەیدانی بەچەند ڕێگەیەک دەکرێت، زۆرجار لە ڕێگەی چاودێرەوە یان گەورە چاودێرەکانەوە یان لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی ڕاپرسیەکە لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی سامپڵەکە. دەبێت هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کۆنترۆڵی وردی هەموو فۆڕمەکانی ڕاپرسیەکە بکرێت. لە ڕێگەی ئەو کارەوە دەتوانیت زانیارییە نادیارەکان و هەر هەڵەیەک کە ڕوویدابێت، پێش ئەوەی کارلەکار بترازێت چارەسەر بکرێت.

بەمانایەکی دی بۆ دڵنیا بوون لەوەی کاری مەیدانی ڕاپرسیەک هاوتایە لەگەڵ نەخشەدانانەکەیدا، دەبێت هەموو لایەنەکانی لە کاری مەیدانیدا تاوتوێ بکرێت و بخرێتە ژێرچاودێرییەوە. بۆ نموونە ... پێداچوونەوە بە هەڵبژاردنی سامپڵەکان... دووبارەکردنەوەی هەندێک چاوپێکەوتن... پێداچوونەوە بە داڕشتن و ئەو کۆدانەی بۆ وەڵامەکان دانراوە.

بێ وردبینی و کۆنترۆڵکردن، ناتوانرێت هەڵەکان بدۆزرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، دەتوانرێت لە بەگرتنەبەری ڕێگەی گونجاو ڕێ لە ڕوودانی ئەو هەڵانە بگیرێت. سوربوون لە سەر پێوەرە باڵاکانی ڕاهێنانی ئەوانەی ڕاپرسیەکە دەکەن، کارێکی زۆر باشە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زۆر باش.

سەرنجدان بۆ هەر قۆناغێک بەتەنها بەس نییە. بە پێی ڕێنماییەکی «و.ئیدواردز دمینگ» دەبێت شێوازێکی سیستماتیک دابنرێت بۆ دڵنیا بوون لەوەی هەموو قۆناغێک لەگەڵ قۆناغەکەی پێشوو تر و ئەوەی پاشتر دێن گونجاوە. یاسای مۆرفی Murphy لێرەدا وەک زۆر لایەنی دیکەی ژیان کاریگەریی خۆی هەیە. ئەو دەرئەنجامە سروشتییەی کە دەبێت لە هزری خۆماندا بیهێڵینەوە بریتییە لە «ئەگەر هەڵەیەک ڕوویدا هەتا هەتایە هەر بە هەڵەیی



دەمێنێتەوە» ئێمەش ئەم ڕستەیەی بۆ زیاد دەکەین «ئەگەر شتێک لە سەرەتاوە کۆنترۆڵی نەکەیت، لە دواییدا هەڵەی تێدەکەوی».

## لە کوێ زانیاری زیاترمان دەست دەکەوێت

هەنگاوەکانی کۆکردنەوەی ڕاپرسی پەیوەندی تەواوی هەیە بەو شێوازەی ڕاپرسیەکەی پێ ئەنجام دەدرێت. هەندێک شێوەی وەک تەلەفۆن یان ئینتەرنێت لە ڕیزی ئەو شێوازەدان کە بە خێرایی گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆیە دەبێت هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا تۆش خۆت پێشخەیت. بەڵام شێوازەکانی دیکەی وەک ڕاپرسی پۆستی پێویستی بەوە هەیە پەیوەندی چالاکانەت هەبێت لەگەڵ ئەو هەنگاوانەی بۆ باشکردنی پۆستەو گەیاندن دەنرێن. تادێت ڕاپرسی ڕووبەڕوو خەرجییەکانی زۆرزیاتر دەبن، بۆیە گەڕان بەدوای کاراکردن و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی کارێکی پێویستە. ئەندام بوون لە کۆمەڵەی ڕاپرسی ئەمریکا American Association for Public Opinion Polling و کۆمەڵەی ئاماری ئەمریکا American Statistical Association دوو ڕێگان بۆ چارەسەرکردن و بەرەوپێشەوە چوون شان بەشانی پێشکەوتنەکان.







# فەسڵی چوارەم

# بڕیاردان لەسەر جەوودەی ڕاپرسی

یەکێک لە خراپترین نموونەکانی ئەو ڕاپرسیانەی کە بەباشی پلانی بۆ دانەنرابوو، ئەو ڕاپرسیە بوو کە لە ساڵی ١٩٤٨ ئەنجامدرا، تێیدا پێشبینی ئەوەی کردبوو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکادا «هاری ترومان» بەرامبەر بە «تۆماس دیوی» دەدۆڕێت. گرنگترین کەموکوڕییەکانی ئەو ڕاپرسیە بریتی بوو لەوەی نەیتوانیبوو سامپڵێک هەڵبژێرێت کەوا نوێنەرایەتییەکی واقعیانەی توێژی دەنگدەرانی ئەمریکا بکات بەتایبەتی ئەوانەی کە لە کۆتاییدا دەنگیان بە «ترومان»دا

## وەڵام نەدانەوە لە ڕاپرسیدا و پێوانەکردنی:

بەتەنیا کێشەکانی سامپڵی ڕاپرسی سەرچاوەی دڵنیا نەبوون نین لەڕاپرسیدا. وەڵام نەدانەوە کاتێک ڕوودەدا کە ئەندامانی سامپڵەکە نەتوانن - یان نەیانەوێت - لە ڕاپرسیەکەدا بەشداری بکەن. هەرچەندە دەتوانرێت هەندێک کێشەی ڕاپرسی خراپ بدرێتە پاڵ کەمتەرخەمی یان هەڵە، بەڵام هەندێک هەڵە هەن ناکرێت خۆتی لێ بپارێزی و تەنیا ئەوەت پێدەکرێت سوکی کەیتەوە. بۆ نموونە، لە زۆربەی ڕاپرسیەکاندا پێت ناکرێت وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکان کۆنترۆڵ بکەی، سەرەڕای هەوڵی زۆری بژمێرەکان، کەچی هەندێک لە سامپڵی ڕاپرسیەکە ئامادەنین وەڵام بدەنەوە. لێرەدا هەندێک لە باوترین کێشە هاوبەشەکانی ڕاپرسیەکان و چۆنێتی مامەڵەکردن و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵیدا دەخەینەڕوو.



## چۆن کێشەکان کار لە دەرئەنجامی ڕاپرسیەکان دەکەن:

کێشەکانی ڕاپرسی دوو کاریگەرییان بۆ سەر دەرئەنجامی ڕاپرسیەکان هەیە. «لایەنگیری - التحیز» واتە نەگونجانی زانیارییەکان لەگەڵ سامپڵی ڕاپرسیەکە. «پێچەوانەبوون» واتە دەرئەنجامەکان جارێک بەجۆرێکەو جارێکی تر بە جۆرێکی دیکەیە.

## کێشەکانی ڕاپرسی لە کوێ دەردەکەون؟

کێشەکان لەوانەیە لەهەر هەنگاوێک لە قۆناغەکانی قۆناغە سەرەکییەکانی پرۆسەی ڕاپرسیەکەدا سەر هەڵبدەن:

- ڕێکخستن: جۆری سامپڵی ڕاپرسیەکەو ئەوەی پێویستە لێوەی فێر بێت، لەلایەن ئەوەی ڕاپرسیەکەی بۆ ئەنجام دەدرێت دیاری دەکرێت.
- دانانی فۆڕمی ڕاپرسی: بەپێی ئامانجەکانی ڕاپرسیەکە پرسیارەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی ئامادەدەکرێن و فۆڕمی پرسیارەکانی ڕاپرسی دروست دەکرێت.
- دیاریکردنی سامپڵی ڕاپرسیەکە: پلانێک دادەنرێت و دەکرێت دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی - عەشوائی-سامپڵێکی وا هەڵبژێرێت کە بتوانێت ئامانجەکانی ڕاپرسیەکە بخاتەڕوو.
- کۆکردنەوەی زانیارییەکان: پلانێک دادەنرێت بۆ پەیوەندیکردن بە سامپڵی ڕاپرسیەکەو کۆکردنەوەی زانیاری لە بەشداران.
- چارەسەکردنی داتاکان: داتاکان لە کۆمپیوتەردا خەزن



دەکرێن و لە وردی و ڕاستییان دڵنیایی پەیدا دەکرێت.
• شیکردنەوە –تحلیل- : دەرئەنجامی ڕاپرسیەکە ڕێک دەخرێت و پاشان بڵاودەکرێتەوە.

## ستراتیژی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کێشەکانی ڕاپرسیدا:

بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو کێشانەی لە ڕاپرسیدا سەر هەڵدەدەن چەندین جۆر ستراتیژ هەیە:

- ڕێگرتن لە ڕوودانی کێشەکە.
- تەعدیلکردنی داتاکانی ڕاپرسی بۆ قەرەبووکردنەوە.
- پێوانەکردنی ئەو کاریگەریانەی لە کێشەکەوە ماونەتەوە.

تا ئەو جێگەیەی داهات ڕێگە دەدات، بۆ بەدەستهێنانی باشترین جۆری پلاندانان بۆ ڕاپرسی ئەم سێ ستراتیژییە لەبەرچاو دەگیرێت.

هێنانەوەی سێ نموونە لەبارەی ئەو ڕاپرسیانەی کە کراون یارمەتیدەر دەبن بۆ چۆنیتی بەکارهێنانی ئەو سێ ستراتیژەی باسکران بۆ ڕێگرتن لە هەندێک کێشەی باو کە لە ڕاپرسیەکاندا سەر هەڵدەدەن:

١. ڕاپرسیەک لە ڕێگەی تەلەفۆن لە هەموو شارەکانی وڵات لەگەڵ ڕاهێنەرانی تۆپی پێی ئەمریکی لە قوتابخانە ئامادەییەکان، بۆ خستنەڕووی بەکارهێنانی ڕاهێنەرانی وەرزش بۆ تیپە وەرزشییەکانی تۆپی پێی ئەمریکی.
٢. ڕاپرسیەکی تەلەفۆنی لەسەر ئاستی وڵات بۆ وەرگرتنی ڕای بە ساڵاچووان سەبارەت بە ڕیفراندۆمی داهاتوو لەسەر پشتیوانی قوتابخانەکان.
٣. ڕاپرسیەک لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی شەخسی لەسەر ئاستی



وڵات سەبارەت بە سەردانی خەڵک بۆ لای دکتۆر لە ساڵی ڕابردوودا.

## وەرگرتنی سامپڵ: کێشە دیارەکان و چارەسەرکردنیان.

کێشەکانی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسی بەستراوەتەوە بە چۆنێتی هەڵبژاردنی سامپڵەکە و چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو داتایانەی ڕاپرسیەکە بۆ دەرهێنانی دەرئەنجامەکان کۆی کردوونەتەوە. کێشەکانی هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسیەکان دەبنە هۆی لایەنگری یان دەرکەوتنی جیاوازی لە دەرئەنجامەکاندا.

## کێشە تایبەتییەکانی هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسی

دەرئەنجانی نادروست – سەرچاوەیەکی هاوبەشی سەرهەڵدانی هەڵە لە هەر سێ ڕاپرسیەکەدا دەردەکەوێت، چونکە دەرئەنجامەکان لە سامپڵەکان دەرهێنراون، نەک ڕاستەوخۆ لە هەموو کۆمەڵگا.

## هەندێك ڕێگەچارە:

زۆرکردنی قەبارەی سامپڵی ڕاپرسیەکە، بەتایبەت بۆ بەشە گرنگ و نەگونجاوەکانی کۆمەڵگا.
نموونەیەکی دابەشکراو بەسەر تەبەقات دیاری بکە.
لە ڕاپرسی پۆستەدا لەوانەیە ئەم کارە لەڕێگەی هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسی چەند جۆرێک لەو قوتابخانانەی کە لە ڕێگەی تۆمارکردنی ناوی قوتابیانەوە دیاری دەکرێن پێناسە بکرێن.
ئەو دابەشکردنەی سامپڵی ڕاپرسیەکە بەپێی قەبارە دەبێتە هۆی



باش بوونی دەرئەنجامەکان لەسەر ئاستی شارەکان، بە مەرجێک دەرئەنجامەکانی قوتابخانە بچووکەکان جیاواز بن لە قوتابخانە گەورەکان.

ئەو دەرئەنجامانەی کە گوێ بە ڕێکخستنی سامپڵی ڕاپرسی نادەن – بەرنامەی دیاریکردنی ڕاهێنەرانی تۆپی پێ لە ڕاپرسیە پۆستییەکاندا لەوانەیە لە قوتابخانە تایبەتییەکاندا زیاتر ڕاهێنەران بۆ هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسی لە ئاستێکی باڵاتر کەڵک وەرگرێت، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی وەڵامدانەوە لەو قوتابخانانەدا بە ڕادەی پێویست زۆرە. نەتوانین لە ڕوونکردنەوەی ڕێژەی زیاتری قوتابخانە تایبەتەکان لە سامپڵی ڕاپرسیەکەدا لە کاتی شیکردنەوەی داتاکان دەبێتە هۆی لەبەرچاو نەگرتنی ڕێژەی سەدی ئەو قوتابخانە حکومیانەی ڕاهێنەریان هەیە.

## چارەسەر

– هەوڵبدەن ئەو داتایانەی لە قوتابخانە تایبەتەکانەوە بەدەست هاتوون، کاریگەری کەمتری لەشێوەی کۆتایی دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی شارەکە هەبێت.

**کەموکوڕی لە سامپڵی ڕاپرسیەکەدا** – هەندێک لیستی بەکارهاتوو لە هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسی دەبنە هۆی بێبەشکردنی بەشێک لە کۆمەڵگا (وەک ئەو بەساڵاچووانەی کە تەلەفۆنیان نییەو لە ڕاپرسی پشتیوانی قوتابخانەکاندا بەشدارییان پێناکرێت). زۆرجار ئەوانەی بێبەش دەکرێن جیاوازن، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی خەلەلێکی ناهەڕەمەکی لەو سامپڵەی بەرهەم دێت. ئەو کێشەیە لە ڕاپرسیە تەلەفۆنییەکاندا دەبێتە هۆی لەبەرچاونەگرتنی ئاستی پشتیوانیکردن لە قوتابخانەکاندا، چونکە



لەوانەبوو ئەو بەساڵاچووانەی تەلەفۆنیان نییە لایەنگرییەکی بەهێزی پڕۆژەکە بوونایە.

## هەندێك ڕێگەچارە

- ڕێژەی سەدی ئەو بەساڵاچووانەی تەلەفۆنیان نییە و دەستیان پێناگات دیاری بکە.
- دەرئەنجامەکان ڕاستکەرەوە بۆ ئەوەی خەلەلی ناسەقامگیری سامپڵی ڕاپرسیەکەت ڕوونکەیتەوە.

## وەڵامنەدانەوە، کێشەکان و چارەسەرەکانیان:

وەڵامنەدانەوە لە ڕاپرسیدا بە زۆری دەرئەنجامەکان لەکەدار دەکات، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی سامپڵی ڕاپرسیەکە کەمترین نوێنەرایەتی دانیشتووان بکات. بۆنموونە، لەبەر ئەوەی ژنان لە پیاوان زیاتر ئامادەییان تێدایە بۆ بەشداریکردن و وەڵامدانەوەی ڕاپرسی، بۆیە ئەگەری زۆری ئەوە هەیە ڕادەی بەشداری ژنان زۆرتربێت لە پیاوان.

زۆربەی ڕێگەچارەکانی ڕێگرتن لە وەڵامنەدانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە کاریگەری لایەنگری لەسەر ئەنجامەکان دەگاتە نزمترین ئاست کاتێک ڕێژەی سەدی ئەندامانی سامپڵی ڕاپرسیەکە بەرز بێت، واتە ڕادەی وەڵامدەرەوەکان لە کەمترین ئاستدایە.



## کێشەکانی پەیوەندیدار بە وەڵامنەدانەوە:

**وەڵامنەدانەوە لە ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە** – ئەگەر ٣٠٪ تاوەکو ٥٠٪ ئەو ڕاهێنەرانەی تۆپی پێی ئەمریکی کە بەشداری ڕاپرسیەکەیان کردووە لەوانەی کە وەڵامیان نەداوەتەوە، زیاتر حەزیان هەبێت بە بوونی ڕاهێنەر، ئەو کاتە دەرئەنجامی ڕاپرسیەکە سەبارەت بە کەڵک وەرگرتن لە ڕاهێنەر لە قوتابخانەکانی شارەکاندا جۆرێک لە زیادە ڕۆیی تێدایە.

## هەندێك ڕێگەچارە

– وەک پاداشت بڕێک پارە یان دیاری بدەن بەوانەی بەشداری ڕاپرسیەکەتان دەکەن.
– دەرئەنجامەکان ڕاستکەرەوە، بۆ ئەوەی وەڵامت بۆ نەبوونی هاوسەنگی لە سامپڵی ڕاپرسیەکەدا هەبێت.
– بۆ ئەوانەی یەکەمجار وەڵامی پرسیارەکانیان نەداوەتەوە جارێکی دیکە لە ڕێگەی پۆستەوە پرسیارەکانیان بۆ بنێرنەوە

**وەڵام نەدانەوە لە ڕاپرسی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە**– گەر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ڕاپرسیتان لەگەڵ ڕاهێنەرانی تۆپی پێی ئەمریکی کرد، ئەو کات ٦٠ بۆ ٨٠٪ وەڵامنەدانەوە کەمتر دەبێت لە ڕاپرسی پۆستەیی.

**وەڵام نەدانەوە لە ڕاپرسی ڕووبەڕوو**– لەکاتی کۆکردنەوەی داتاکانی ڕاپرسی لەگەڵ ڕاهێنەران لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو ئەو کات ڕێژەی ٨٠ بۆ ٩٥٪ وەڵامدانەوە دەبێتە هۆی



دابەزینی لایەنگری بۆ کەمترین ئاست لە چاو ڕاپرسی لە ڕێگەی (پۆستە، تەلەفۆن، چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو).

## هەندێك ڕێگەچارە

دەکرێت ئەم ڕێگایانەی خوارەوەو ئەو دوو ڕێگەچارەیەی بۆ ڕاپرسی پۆستی بەکارهات بۆ وەڵامنەدانەوەی ڕاپرسی تەلەفۆنی و ڕووبەڕوو، بەکار بهێنرێت.

• پلانێک دابنێ بۆ ئەوەی بە یەکسانی پەیوەندی تەلەفۆنی بکەیت بە هەموو تاکەکانی سامپڵی ڕاپرسیەکە، مەرجی پەیوەندی گرتنەکە ئەوەیە لە کاتی جیاجیاو لەوکاتانەدا بێت ڕاهێنەرەکان لەبەردەستتدا بن.

• هەوڵبدەن تا بودجە ڕێگەتان پێدەدات پەیوەندی بکەن لەگەڵ ئەو ڕاهێنەرانەی دامەزراون بۆ تۆپی پێی ئەمریکی.

• کۆمەڵە وەڵامێکی گونجاو سەبارەت بە ڕاپرسیەکە بۆ ئەوانەی چاوپێکەوتنەکە دەکەن ئامادەکەن کە ئەو ڕاهێنەرانەی دوودڵ بوون لە بەشداریکردن هەست بە نیگەرانی نەکەن.

**وەڵامنەدانەوەی هەندێك پرسیار** – لەوانەیە هەندێک لە بەساڵاچووان ئامادەییان تێدا بێت بەشداری ڕاپرسیەکە بکەن، بەڵام نەیانەوێت هەندێک پرسیاری فۆڕمەکە وەڵام بدەنەوە، وەڵام نەدانەوەی ئەو جۆرە پرسیارانەی کە هەندێک حەساسیەت دروست دەکەن باوە، وەک (هەڵسوکەوتی شەخسی، داهاتی خێزان)



## چارەسەرێکی دیکە

وەڵامە ونبووەکە بەشێوەی هەڕەمەکی لە وەڵامی بەشدارانی دیکەی ڕاپرسیەکە هەڵبژێرەو بیخەرە جێگەی.

## پێوانە: کێشەکانی و ڕێگەچارەکانی

کێشەی پێوانە کردن ئەو کاتەی وەڵامەکان لەگەڵ واقعدا ناگونجێن سەرهەڵدەدات. ئەو نەگونجانە دەگەڕێتەوە بۆ:

- ناوەڕۆکی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە.
- ئاستی وەڵامدانەوە لەلایەن وەڵامدەرەوەکان بۆ پرسیارەکانی فۆڕمەکە.
- چۆنێتی خستنەڕووی پرسیارەکان لەلایەن ئەو کەسەی ڕاپرسیەکە دەکات (لەو ڕاپرسیانەی کە ڕووبەڕوو دەکرێن).

## کێشەکانی پێوانەکردن:

بێ توانایی لە وەبیرهێنانەوەی وەڵامەکان – داواکردن لە وەڵامدەرەوەکە بۆ ئەوەی بێتەوە بیری ساڵی ڕابردوو چەند جار سەردانی دکتۆری کردووە، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەی مام ناوەندی هەرکەسێک لەبەرچاو نەگیرێت. چونکە خەڵک ئەو ڕووداوانەی کە زۆریان بەسەردا تێپەڕیوە بەباشی نایەتەوە یاد.

## هەندێك ڕێگەچارە

داوا لە وەڵامدەرەوەکان بکرێت فۆڕمی سەردانەکانی بۆ لای پزیشک و سەرچاوەکانی دیکەی بەردەست بەکار بهێنێت بۆ بیرکەوتنەوە. گەر ماوەکە درێژ بوو، تۆش ماوەی سەردانەکە



کەمکەرەوە بۆ ئەوەی بیری بێتەوە (بۆ نموونە لە دوو هەفتەی ڕابردوودا چەند جار سەردانی دکتۆرت کردووە).

**پرسیاری ئاڕاستەکراو** – ئەم پرسیارەی خوارەوە لە ڕاپرسی تەلەفۆنیدا دەبێتە هۆی ئەوەی بەساڵاچووان بەرەو لای لایەنگریکردن لە ڕیفراندۆم ئاڕاستە بکرێن: «ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە پشتیوانی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ یارمەتی قوتابخانەکان بکەیت؟» ئەم پرسیارە کەسەکە بەرەو وەڵامی «بەڵێ» ئاڕاستەدەکات و ڕایەکی شێواو و نادروستی گشتی دەخاتەڕوو.

## چارەسەر

پرسیارەکە بەشێوەیەکی بابەتیانە بخەرەڕوو «لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە بارەی پشتیوانی قوتابخانەکان، ڕازیت یان ناڕازی؟».

**ناڕوونی لە داڕشتنی پرسیار** – داڕشتنی دەستەواژەی «سەردانی دکتۆر» لەوانەیە کێشە بۆ پێوانەکردنی ڕاپرسی ڕووبەڕوو دروست بکات. بۆ نموونە لەوانەیە هەندێک کەس پێیان وا بێت چاویلکەساز و ئەو کەسەی عیلاجی تەبیعی دەکات، دکتۆر بن، بەڵام کەسانی دیکە هەن وای نابینن. هەندێک پێیان وایە «سەردان» تەنها ئەوەیە خۆی بچێت بۆ لای دکتۆر، بەڵام هەن پێیان وایە سەردانی کردنی دکتۆر بۆ ماڵی نەخۆش هەر بە «سەردان» لە قەڵەم دەدرێت. لێکدانەوەی زۆر بۆ وشەو دەستەواژە بەکارهاتووەکان لە ڕاپرسیدا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی وردبینی و جەودەی ڕاپرسیەکە.



## هەندێك ڕێگەچارە

پێش ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، پرسیارەکە لەسەر ژمارەیەکی کەم بەڵام جیاجیای خەڵک تاقیکەرەوە.
بەشە ناڕوونەکانی ڕستەکە دیاری بکەو دواتر گەر پێویستی کرد ڕوونکردنەوەیەک پێشکەشی وەڵامدەرەوەکە یان ئەو کەسەی پرسیارەکان دەکات بکە.
لە هەموو قۆناغەکانی ڕاپرسیدا ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکە دەکات بخەرە ژێرچاودێرییەوە، بەتایبەتی لە سەرەتادا بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی زاراوەکان بەشێوەیەکی ڕاست شیکراوەتەوە.

## چۆن دەتوانرێت ڕادەی جەودەی ڕاپرسیەکی دیاریکراو دیاری بکرێت؟

هەموو ڕاپرسیەک کێشەی خۆی هەیە. بەڵام هەواڵە خۆشەکە لەوەدایە لێکۆڵەرەکان ڕێگەچارەی ڕووبەڕوو بوونەوەیان بۆ زۆربەی ئەو کێشانە داناوە. گرنگترین مەسەلە بەلای ئەو کەسە وریاو زیرەکانەی ڕاپرسیەکان بەکار دەهێنن ئەوەیە ئاخۆ توانراوە ڕێگە لە ڕوودانی ئەو کێشانەی کە باسمان لێوەکردن بگیرێت.
بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئەو ڕاپرسیە ڕاپرسیەکی زۆرباشە لەسەر قەبارەو چوارچێوەو گرنگییەکەی نادرێت، بەڵکو ئەوەی دیاری دەکات ڕاپرسیەکە ڕاپرسیەکی زانستی و سەرکەوتووە، چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەو کێشە گرنگ و زۆرانەیە کە دروست دەبن.



## له كویٚ زانیاری زیاترمان دەست دەكەویٚت

بەشی لیٚکۆڵینەوەکانی (Section for Research on Survey Methods of ASA) بەشیٚوەی خول باشترین کتیٚب لەسەر ڕاهیٚنان لەسەر ڕاپرسی بڵاودەکاتەوە نووسینەکانی دمینیگ و جۆران لەو بارەیەوە نەسیحەتی باشیان تیٚدایە. نزیکترین سەرچاوەی گرنگ کتیٚبەکەی کلسبیک ولسلر «Nonsampling Errors»ە کە ساڵی ١٩٩١ بڵاوبووەتەوە.





# فەسڵی پێنجەم

# فۆکس گروپ چییە؟

ئەو زانیارییە جۆرایەتییانەی - نوعی - لە فۆکس گروپەوە بەدەست دێن، زۆر بەسوودو زیندوو و دەوڵەمەندن.
لە ڕاستیدا فۆکس گروپەکان باوترین شێوازن بۆ تێگەیشتن و زانینی ڕاو هەڵوێستی کەسەکان. بەقسەی «لی ئووتر»، وتووێژەکانی فۆکس گروپ «پێت دەڵێن چی دەبنە هۆی ئەوەی خەڵک وەڵامێکی دیاریکراو هەڵبژێرن و لە هزرو ناخیاندا چی ڕوودەدات، ئەو شتانە بە ئاسانی لە ڕاپرسیەکاندا بەدەست نایەن».
فۆکس گروپەکان ڕاپرسی نین، بەڵکو کۆمەڵە چاوپێکەوتنێکی قوڵ و جۆرایەتین لەگەڵ گروپێکی کەمی هەڵبژێراودا دەکرێن بۆ وتووێژکردن لەسەر کۆمەڵە بابەتێک کە خواردنی پیتزا دەگرێتەوە تاوەکوو جۆری پەیوەندی سێکسی بێ کێشە.
بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە چاوپێکەوتنە دووقۆڵییەکاندا زانیارییەکان بە یەک ئاڕاستەدا دەچن، لە فۆکس گروپەکاندا لە ڕێگەی «بگرەو بەردە»وە ئەو زانیاریانە بەدەست دێن. گوێگرتن لە بیروبۆچوونە هاوبەش و پێچەوانەکانی بەشدارانی فۆکس گروپ، کۆمەڵێک زانیاری پڕ بەهامان دەخاتە بەردەست. نەک هەر لەسەر ئەوەی بیر لە چی دەکەنەوە، بەڵکو لەسەر ئەوەی بۆ بەو شێوەیە بیردەکەنەوە.

## کێ فۆکس گروپ بەکاردێنێ؟

- سیاسەتمەداران فۆکس گروپ بەکاردەهێنن بۆ زانینی ڕاوبۆچوونی دەنگدەران سەبارەت بە پاڵێوراوە سیاسییەکانیان و تێگەیشتن لە مەسەلە سیاسییەکان.



• لێکۆڵیاری دامودەزگاکان بەکاری دەهێنن بۆ ناسینیی هەست و بۆچوونی فەرمانبەران و بەڕێوەبەران، سەبارەت بەو کێشانەی لە شوێنی کارەکانیان ڕووبەڕووی دەبنەوە.
• نووسینگەکانی بازاڕدۆزینەوە بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی بزانن کڕیاران چۆن پێشوازی لە بەرهەمە نوێیەکان دەکەن.
• دامودەزگا گشتییەکان بەکاری دەهێنن بۆ باشکردنی خزمەتگوزارییەکانیان.
• دەزگاکانی ڕاپرسی بەکاری دەهێنن بۆ تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی سەبارەت بە چۆنێتی بیرکردنەوەو شیکردنەوەی زانیارییەکان.

## چۆنێتی هەڵبژاردنی ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ:

به پێچەوانەی ڕاپرسی کە تێیدا سامپڵی کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵدەبژێرێت، لە فۆکس گروپدا سامپڵەکان بەپێی پرۆگرامێک دیاری دەکرێن.

ئەندامانی فۆکس گروپ لە سەربنەمای گونجاوی و لێکچوون هەڵدەبژێرێن. کۆکردنەوەی ئەوکەسانەی کە بەرژەوەندی و ئەزموونی هاوبەشیان هەیە وتووێژەکان ئاسان دەکات.

پرۆژەکانی لێکۆڵینەوە بەزۆری فۆکس گروپ بەکاردەهێنن بۆ زانینی بیروبۆچوونە جیاوازەکان. بۆ نموونە، ڕێکخراوێکی پلاندانان بۆ پرۆسەیەکی گەورەی خۆ ڕێکخستنەوە، لێرەدا پێویستی بەوە هەیە سێ فۆکس گروپی جیاجیا پێک بهێنێ بۆ (ئەندامانی یەکێتییەکە، ئەو فەرمانبەرانەی ئەندام نین لە یەکێتییەکەدا، بەڕێوەبەران). هەریەکە لەو گروپانە نوێنەرایەتی بۆچوونێکی جیاواز دەکەن بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەدەستەوەیە. گەر



هەموویان پێکەوە کۆکرێنەوە هیچ لایەکیان ناتوانن بە ئازادی و بە ئاسانی بۆچوونەکانی خۆیان بخەنەڕوو، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی وتووێژەکان لە کۆنترۆڵ دەرچن.

تایبەتمەندییە دیموگرافییەکان شێوازێکی دیکەن بۆ دیاریکردنی فۆکس گروپ:

• پالێوراوێکی سیاسی دەتوانێت چەند فۆکس گروپێک لەگەڵ دەنگدەرانی ژنان و پیاوان و لاوان و بەتەمەنەکان ئەنجام بدات.

• کۆمپانیایەک کە بەرهەمێکی نوێ دەخاتە بازاڕەوە دەتوانێت لە ناوچە جیاجیاکان فۆکس گروپ ڕێکبخات.

• بەرپرسانی ڕێکخراوێک، دەتوانن فۆکس گروپ سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو بۆ لایەنگران و دژەکان ڕێکخەن.

ئاگادارکردنەوە: لەبیرتان نەچێت، ناکرێت دەرئەنجامەکانی فۆکس گروپێک لە ڕووی ژمارەوە بەراورد بکرێت لەگەڵ دەرئەنجامەکانی گروپە جیاجیاکانی دیکەدا ، چونکە فۆکس گروپەکان نوێنەرایەتی کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە ناکەن. دەکرێت بڵێین هەر گروپێک زانیارییەکانی گروپەکانی دیکە زۆرتر دەکات و تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ڕوونکردنەوەو شیکردنەوە جیاجیاکان.

## کێ فۆکس گروپەکان بەڕێوە دەبات؟

بە شێوەیەکی گشتی فۆکس گروپەکان لە لایەن ئەو «ڕێکخراوانەی کە زۆر شارەزاییان هەیە و لەسەر بزواندن و بەڕێوەبردنی دانیشتن ڕاهاتوون»، دەبرێن بەڕێوە. بە پێی ئامانجی بابەتەکە بەڕێوەبەری فۆکس گروپەکان دەتوانن کەسانێک بن پسپۆڕایەتییان لە بابەتەکەدا هەبێت، ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبەر بریتییە لە پاراستنی «تەرکیز»ی گروپەکە. هەروەها دەبێت



یارمەتی گروپەکە بدات بۆ ئەوەی وتووێژێکی سودمەندو بەکەڵک ئەنجام بدەن.

پێویستە بەڕێوەبەری دانیشتنەکە زۆر بە باشی لە ئامانجە سەرەکییەکانی فۆکس گروپەکە تێگەیشتبێت. جەودەی دەرئەنجامەکانی فۆکس گروپەکە لەسەر چۆنێتی خستنەڕووی پرسیارەکان لە لایەن بەڕێوەبەری دانیشتنەکەو تەرکیزکردنە سەر ئامانجەکانی بابەتەکە وەستاوە. بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەو جۆرە، پێویست دەکات بەڕێوەبەری فۆکس گروپ توانای هەماهەنگسازی و ئاڕاستەکردنی هەمو جۆرە بابەتێکی هەبێت. لەو سێ نموونەی باسکران، لەوانەیە پێویست بکات لە هەر سێ فۆکس گروپەکەدا پرسیاری جیاجیا بکات و ئاڕاستەی هەریەکەشیان لەوی تر جیاواز بێت.

## جۆری ئەو پرسیارانە چین دەبێت لە فۆکس گروپدا بخرێنەڕوو؟

دەبێت پرسیارەکان کراوە بن، بەشێوەیەک بێت وەڵامەکان زۆر بن. دەبێت خۆ لەو پرسیارانەی وەڵامەکانیان کورتن دوورخەینەوە، وەک ئەو پرسیارانەی کە بە «بەڵێ» یان «نەخێر» وەڵام دەدرێنەوە. هەروەها دەبێت دوورە پەرێز بین لە پرسیاری ئاڕاستەکراو. پێویستە پرسیارەکان ئەم خەسڵەتانەیان تێدا بێت:

- داڕشتنەکەی ڕوون و تێگەیشتنی ئاسان بێت.
- بێلایەنانە بێت بۆ ئەوەی کار نەکاتەسەر وەڵامەکان.
- بە وریاییەوە ڕێکخرابن و بە پرسیاری ئاسان دەست پێبکرێت و بەرەوە پرسیارە سەختەکان هەڵکشێ.
- هەروەها دەبێت ئەو پرسیارانەی کە کەمتر تایبەتن بکەونە پێش ئەوانەی زۆر تایبەتن.



پرسیارەکانی فۆکس گروپ بریتی نییە لە جۆرێک لە چاوپێکەوتنی دەستەجەمعی، (واتە ١٠ چاوپێکەوتن لە یەک کاتدا). هەروەها نابێت بۆ دەستکەوتنی وەڵام، بەڕێوەبەری فۆکس گروپەکە پرسیار لە کەسێک بکات و دواتر بگوازێتەوە بۆ کەسێکی دیکە،

لە باشترین حاڵەتدا، بەڕێوەبەر پرسیارەکە (یان کێشەکە یان بابەتەکە) دەخاتە بەردەستی هەموو گروپەکەوە و ئەوان قسە لەسەر ئەو پرسیارە دەکەن و دەچنە ناخی وتووێژەکەو لە پاڵ دەربڕینی کاردانەوەی خۆیان ئەوانیش پرسیار دەکەن، ئەوەش ناچێتە چوارچێوەی چاوپێکەوتنەوە.

## باشترین قەبارەی سامپڵی بۆ فۆکس گروپ چەندە؟

گونجاوترین قەبارەی سامپڵی فۆکس گروپ بەشێوەیەکی گشتی لە نێوان ٦ بۆ ١٢ کەسە. ئەو ژمارەیە هانی بەشداران دەدا بەشێوەیەکی چالاک بەشداری لە وتووێژەکەدا بکەن و بۆچوونەکانیان بخەنەڕوو.

گروپە زۆر بچوکەکان لە لایەن یەک دوو کەسەوە سەیتەرەیان بەسەردا دەکرێت، ئەگەریش تەنها هەندێکیان بەشدار بن کەواتە فۆکس گروپەکە بێ کەڵک دەبێت (کێشەکە لەوەدایە دانیشتنەکە دەبێتە چەند چاوپێکەوتنێکی یەک لەدوای یەک).

بەڵام گەر گروپەکە زۆر گەورە بوو، ئەو کات گونجاوی خۆی لە دەست دەدات و وتووێژی لاوەکی لێ دروست دەبێت، لەوانەشە بەهۆی چاوەڕێی هاتنی نۆرەی قسەکردن، بەشداران تووشی بێهودەیی ببن.

گەر ژمارەی بەشداربووان زۆر کەم بن و تەنها بۆ گێڕانەوەی



ئەزموونەکانیان کۆکرابێتنەوە، ئەو کاتە مەترسیی دەستنەکەوتنی زانیاری نویٚ سەرهەڵدەدات.  ئێوە ئەو کەسانە بەو ئومێدە کۆدەکەنەوە بیروبۆچوونی نویٚ بخەنەڕوو.  بۆ ئەوەی وەڵامی فراوانترو ڕوونکردنەوەی زیاترت دەستکەوێت..
بەهەرحاڵ کاتێک ژمارەیەکی زۆر نەتوانن شتێکی نویٚ بخەنەڕوو، حەتمەن وەڵامەکانیش کەم و کورت دەبن.

## هەڵبژاردنی فۆکس گروپ

پێش پێکهێنانی فۆکس گروپ: لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە بەشدارانەوە دەکرێت. دەبێت ئاگاداری ئەوە بی ئەو کەسانەی بانگ دەکرێن بۆ فۆکس گروپ کەسیان ئەوی دیکەیان نەناسێت. ئەو کەسانەی یەکتر ناناسن کراوانەتر و بێ شەرمانەتر بۆچوونەکانی خۆیان دەخەنەڕوو. هەرگیز ئەو کەسانەی کە زنجیرەی پۆستەکانیان وەک یەک نییە (مامۆستا و قوتابی، فەرمانبەر و بەڕێوەبەر...هتد) پێکەوە کۆمەکەرەوە.
پاش هەڵبژاردن: کورتەیەک سەبارەت بەو بابەتەی کە بەشداران قسەی لەسەر دەکەن بۆ گروپەکە باس دەکرێت. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە بەشدارییەکەیان خۆبەخشانەیە و قسەکان و ناوەکانیان بە نهێنی دەمێنێتەوە. بەزۆری ئەوانەی بەشداری دەکەن یارمەتییەکی ٢٠$ یان ٥٠$ یان پێدەدرێت لە بری کرێی هاتوچۆو ئەو کاتەی تەرخانیان کردووە بۆ فۆکس گروپەکە. جگە لەوە کەشێکی ئارام دروست دەکرێت و شیرینی و ساردەمەنییان پێشکەش دەکرێت.
لە کاتی کۆبوونەوەی فۆکس گروپدا، ڕێکخەری چاوپێکەوتنەکە پێشەکییەک دەخاتەڕوو دەبێت لەمانە پێک هاتبێت:

- ڕوونکردنەوەیەک لەسەر کۆبوونەوەی فۆکس گروپەکە.



• خستنەڕووی هەندێک یاساو ڕێسای سەرەکی بۆ هاندانی بەشداران تاکو زیاتر لە وتووێژەکەدا بەشداری بکەن.
• دووبارەکردنەوەی ئەوەی بەشداریکردنەکە ئازادانە و نهێنی دەبێت.
• خۆناساندنی ڕێکخەری فۆکس گرووپەکەو یاریدەدەرانی و خستنەڕووی هۆکارەکانی بانگکردنی ئەوان بۆ ئەو فۆکس گرووپە.
• ڕوونکردنەوە سەبارەت بە نووسینەوەو تۆمارکردنی قسەکانیان.

پاشان بەڕێوەبەری دانیشتنەکە سەهۆڵبەندانی دانیشتنەکە دەشکێنێ و داوا لە بەشداران دەکات خۆیان بناسێنن. هەرکە پرۆسەی خۆناسینەکە تەواو بوو، دەست دەکات بە خستنەڕووی پرسیارەکان و ئاڕاستەکردنی بابەتەکانی فۆکس گرووپەکە. لەوکاتەی کە بەشداران سەرقاڵی وەڵامدانەوەن، دەتوانێت لە ڕێگەی ئامادەکردنی پرسیاری دیکەوە وتووێژەکە گەرمتر بکات و زانیاری زیاتر بە دەست بهێنێت.

زۆربەی فۆکس گرووپەکان بەشێوەیەک ڕێکدەخرێن دوو سەعات بخایەنێت، بە مەرجێک ٩٠ دەقەی بۆ وتووێژکردن تەرخان بکرێت. ئەو دەمەی هەموو پرسیارەکان خرانەڕوو، بەڕێوەبەری دانیشتنەکە خاڵە گرنگەکانی فۆکس گرووپەکە بەبیری ئەندامان دێنێتەوەو داوایان لێدەکات دوایین تێبینی و پرسیارو ڕوونکردنەوەکانی خۆیان بخەنەڕوو. هەروەها داوایان لێ دەکرێت گەر پرسیارێکی گرنگ هەبووەو لێرەدا نەکراوە بخەنەڕوو، بۆ ئەوەی دوایین قسەی لەسەر بکرێت.



## چۆنێتی تۆمارکردن و پاراستنی داتاکانی فۆکس گروپ:

باوترین تەکنیک بۆ بەدەستهێنانی داتاکانی فۆکس گروپ بریتییە لە:

• تۆمارکردنی ڤیدیۆیی: ئەم تەکنیکە داتا دەنگی و وێنەییەکان تۆمار دەکات. خاڵێکی نێگەتیڤی ئەمجۆرە تەکنیکە بریتییە لەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک لە بەشداران ئازادانە وتووێژ نەکەن.

• تۆمارکردنی دەنگ: لەم تەکنیکەوە داتا دەنگییەکان وەک خۆیان تۆمار دەکرێن. لایەنی نێگەتیڤی ئەم جۆرە تەکنیکە ئەوەیە هەندێک زانیاری وێنەیی لە دەست دەچێ.

• کۆنوسکردنی دانیشتنەکە بە کاغەز و قەڵەم: ئەم تەکنیکە لە ڕێگەی نووسینەوەی وتووێژەکانەوە دروست دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی قسەکان بە خێرایی دەوترێن و نووسەری دانیشتنەکە فریای نووسینەوەی هەمووی ناکەوێت، بۆیە داواناکرێت پەیڕەوی لێ بکرێت. بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە دەبێتە هۆی مەترسی سەرهەڵدانی شیکردنەوەی داتاکان، چونکە زانیارییەکان لەو قسانەی کە بە دەنگی بەرز وتراون و دووبارە بوونەوەی زۆریان تێدایە، وەرگیراون و خاڵە گرنگەکانی وتووێژەکە قرتاون.

•تۆمارکردنی چەندجۆری: نووسینەوەی تێبینییەکان و تۆمارکردنی دەنگ و ڕەنگ دەتوانن بەسوود بن. بۆ نووسینەوەی تێبینییەکان دەبێت بەڕێوەبەری دانیشتنەکە هاوکارێکی هەبێت، ئەو هاوکارە دەبێت یان لە ژوورەکە بێت یان لەو دیوی شوشەی چاودێرییەکەوە دانیشتبێت. بە هیچ شێوەیەک بەڕێوەبەری دانیشتنەکە ناتوانێت ئیدارەی دانیشتنەکە بکات و هەرخۆشی هەموو تێبینییەکان بنووسێتەوە. لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەری دانیشتنەکە ئەرکی زۆری لەسەر شانە، بۆیە لە ڕووی جەستەییەوە ئەوە کارێکی مەحاڵە.



## بەراوردکردنی فۆکس گروپ لەگەڵ ڕاپرسی:

بەکارهێنانی هەر تەکنیکێک لایەنی باشەو خراپەی خۆی هەیە و فۆکس گروپیش لەو یاسایە بەدەر نییە. ئەو شێوەیەی هەڵی دەبژێریت بۆ کۆکردنەوەی داتا بەندە بەو «بودجە»و «کات» و «سەرچاوانە»ی لەبەردەستدایە.

هەم ڕاپرسی و هەم فۆکس گروپ، خاڵی بەهێزی تایبەت بە خۆیان هەیە. فۆکس گروپ دەتوانێت دیدگایەکی قوڵ و نەوعی ئەو گروپە کەمەی بەشدارییان لە دانیشتنەکەدا کردووە بخاتەڕوو. بەڵام ڕاپرسی دەتوانێت بە ژمارە زانیارییەکان پێوانە بکات، ئەو زانیارییانەی لە ڕاپرسیەوە دەست دەکەون، دەکرێت بدرێنە پاڵ گروپێکی بەربڵاوی خەڵکەوە. ڕاپرسی پێوانەی شتەکان دەکات (هەڵسوکەوت، جیاوازی لە هەڵوێست، هاوبەشی لە هەست...هتد)، بەڵام فۆکس گروپ کار بە پێوانەکردن ناکات، بەڵکو هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی جۆرێک یان چەند جۆرێک لە داتا بۆ گێڕانەوەی «چیرۆک»ێک.

زۆرجار دەکرێت لە بەکارهێنانی هاوبەشی فۆکس گروپ و ڕاپرسیەوە، باشترین زانیاری کۆبکرێتەوە. ڕاپرسی داتاکان بە چەندایەتی دەخاتەڕوو، بەڵام فۆکس گروپ بە جۆرایەتی و بە شێوەیەکی قوڵتر زانیارییەکان دەدات بەدەستەوە.

## تایبەتمەندییە باشەکانی فۆکس گروپ بریتین لە:

- بە ماوەیەکی کورت داتایەکی زۆر کۆ دەکرێتەوە.
- بەڕێوەبەری دانیشتنەکە دەتوانێت لە کاتی موناقشە کردندا زۆر بابەتی چاوەڕوان نەکراوی پەیوەندیدار بە بابەتەکە بدۆزێتەوە.
- لە فۆکس گروپدا تەکنیکی ئاڵۆز بۆ هەڵبژاردنی بەشداران



«سامپڵەکە» بەکار نایەت.

## خەوشەکانی فۆکس گروپ:

• بەشداران بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵنەبژێراون و ناتوانن ببنە نوێنەری کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە، بۆیە ناکرێت دەرئەنجامەکان بگشتێنین یان وەک ئامار کەڵکیان لێوەرگرین.
• جەودەی داتاکان لە ژێر کاریگەریی لێهاتوویی و ئەنگێزەی بەڕێوەبەری دانیشتنەکەدا دەبێت.
• فۆکس گروپەکان تەنها بۆ ئەو جۆرە شیکردنەوانە گونجاون کە جیاوازن لە شیکردنەوەی ڕاپرسیەکان. لە ڕاپرسیەکاندا جەخت لەسەر ژمارەو پێوانەی بەراوردکارییە، کەچی لە فۆکس گروپەکاندا جەخت دەکرێتە سەر دانانی کۆد، پۆلێنکردن و ڕیزبەندی.
شیکردنەوەی جۆرایەتی لە فۆکس گروپدا بەکاردێت، چونکە وشەو هەڵسوکەوتی بەشداران دەبنە وەڵام بۆ پرسیارەکان نەک ژمارەی هەڵبژاردەکانی بەردەست «سکیل».

## لە کوێ زانیاری زیاترمان دەست دەکەوێت

فۆکس گروپ باشترین ڕێگەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری جۆرایەتی، جا بەشێوەیەکی سەربەخۆ بکرێت یان بە هاوکاری، وەک ڕاپرسی. پرۆگرامی هاوبەشی ڕێگەکانی ڕاپرسی Joint Program in Survey Methods بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لە فۆکس گروپدا قوڵ ببنەوە یان پێشکەوتنەکانی بزانن، زانکۆی ماریلاندی ئەمریکی خولی کورتخایەن لەوبارەیەوە دەکاتەوە.





# فەسڵی شەشەم

# دروستکردنی فۆڕمی ڕاپرسی

لە ئەنجامدانی ڕاپرسیدا بۆ وەرگرتنی سامپڵ، پێویست بە ڕاهێنان و شارەزایی و دروستکردنی پرۆگرامی کۆمپیوتەری تایبەت دەکات. بەڵام ئەی سەبارەت بە نووسینی ئەو پرسیارانەی لە ڕاپرسیەکەدا دەکرێن دەبێت چی بووترێت؟ بەدرێژایی ژیانمان پرسیاری زۆرمان لە دەوروبەرمان کردووە و وەڵامی زۆریشمان وەرگرتووەتەوە. ئایا ئێمە لە دانانی پرسیاردا «پسپۆڕین»؟ لەوانەیە وابێت. لەوانەشە وا نەبێت !.

## لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

خاڵی دەسپێکی دروستکردنی پرسیارەکانی هەر ڕاپرسیەک، پەیوەندی بەو ئامانجەوە هەیە کە ڕاپرسیەکەی بۆ دەکرێت. واتە ئەو زانیاریانەی کە تۆ پێویستت پێیانە چین و لە کوێ دەستت دەکەون؟ کاتێک ئەو ئامانجانە بە ڕوونی دیاریکران، هەنگاوی دووەم ئەوەیە کام لەو زانیاریانە پێویستن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

زۆر لەو پسپۆڕانەی پرسیاری ڕاپرسی دادەنێن، نەخشەیەکی گشتی ڕاپۆرتی کۆتایی ئامادە دەکەن و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی شیکردنەوەی داتاکان دەخەنەڕوو، ئەوەش دیاری دەکەن کە وا کام لەو زانیاریانە پێویستن بۆ دروستکردنی «پلانی شیکردنەوەی داتاکان». ئەوکارەش بۆ ئەوە دەکەن، تاوەکو ئامانج لە کۆکردنەوەی هەر داتایەک بدەنە پاڵ پرسیارێک و ئەوەش بخەنەڕوو کە وا چۆن پرسیارەکە دەکەن. بۆ نمونە لە وەڵامی پرسیارێکی وەک «جیاوازی چییە لەنێوان نەریتی خواردن لای خەڵک؟»



فۆڕمێک دروست بکە ئەم بابەتانەی خوارەوەی تێدا بێت:

• هەڵویست سەبارەت بە باشترین جۆری خواردن و هەڵبژاردنی جۆری خواردن لە بارودۆخی جیاوازدا.
• ڕاپۆرتێکی شەخسی لەسەر بڕ و جۆر و خواردن.
• زانیاری لەسەر تەمەن، داهات، ڕەگەز بۆ جیاکردنەوەی گروپە جیاوازەکان لە یەکتر.

دروستکردنی پرسیارێک کە خەڵک لە ڕێگەی ئەو وشەو زاراوانەی کە خۆیان لەسەری ڕاهاتوون بۆ وەسفکردنی نەریتی نان خواردنیان، کارێکی باشە. هەندێکجار ئەو شێوازە دەریدەخات ئاخۆ لە پرسیارەکانی دیکەش تێگەیشتوون یان نا.

لەوانەیە پلانی شیکردنەوەی داتاکان بەشێوەیەکی فەرمی نەبێت، واتە لە ڕێگەی خشتەو چارتەوە و لە ئاستێکی بەرزدا داتاکان پیشان بدرێن. بە چاوپۆشی لە فەرمی بوون یان نافەرمی بوون، دەبێت ئامانجەکانی ڕاپرسیەکە گرێدرێنە پرسیارەکانی ڕاپرسیەکەوە، بۆ دڵنیا بوون لەوەی فۆڕمی ڕاپرسیەکە هەموو ئەو زانیاریانەی داواکراون لە خۆ بگرێت.

لەوانەیە سود وەرگرتن لە نەخشەدانانی شیکردنەوەی داتاکان جۆرێک لە زیادەڕۆیی تێدا بێت، بەڵام ئەو دڵنیاییەمان لا دروست دەکات کە وا فۆڕمی ڕاپرسیەکە هەموو لایەنەکانی گرتووەتەوە و هیچ شتێکی تێدا نییە پەیوەندی بە باسەکەوە نەبێت.

تا بەدواداچوونەکە گەورەو ئاڵۆزتر بێت، دەبێت زیاتر جەخت لەسەر پلاندانان بۆ شیکردنەوەی ئاماری بکرێت. وە ئەگەرنا لە بیرنەچوونەوەی وردەکارییەکان لە ڕێگەی پێداچوونەوەی بەردەوام بە فۆڕمی ڕاپرسیەکەدا کارێکی موستەحیلە. کەس نایەوێت بە ٥٠٠٠٠ $ ڕاپرسیەک ئەنجام بدات و دواتر بۆی دەرکەوێت زۆربەی زانیارییە گۆڕاو و گرنگەکان ون بوون یان بە هەڵە کۆکراونەتەوە.



## چوارچێوەی پرسیارەکان:

لەوکاتەی کە تیمی ڕاپرسی لە قۆناغی دانانی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە نزیک دەبێتەوە، دەبێت بزانین لە کاری مەیدانیدا کێ فۆڕمەکە پڕ دەکاتەوە، بژمێرەکە یان ئەوکەسەی بەشداری ڕاپرسیەکە دەکات. هەروەها دەبێت چۆنێتی ناردنی فۆڕمەکەش ڕوون بکرێتەوە – بە پۆستەی ئاسایی یان بە ئیمەیل یاخود بە فاکس و تەلەفۆن یان بە ڕێگەی شەخسیی. لەبەر ئەوەی شێوازی کۆکردنەوەی داتاکان، چۆنێتی دروستکردنی پرسیارەکان و سکێڵی وەڵامەکان دەستنیشان دەکات، بۆیە دەبێت ئەو بڕیارە هەر لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی پرۆسەی دروستکردنەکەدا بدرێت.

زۆرجار، شێوەی کۆکردنەوەی داتاکان دەکەوێتە ژێرکاریگەری کەمی بودجەو هەندێک شتی دیکەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، دەبێت لە کاتی کۆکردنەوەی داتاکاندا، ئاڵۆزی و حەساسییەت و زۆری پرسیارەکان لەبەرچاو بگیرێت. بۆ نموونە ئەو فۆڕمانەی پرسیاری زۆریان تێدایە بۆ ئەو ڕاپرسیانەی بە تەلەفۆن دەکرێن گونجاو نییە، پرسیارە ئاڵۆزەکانیش لەوانەیە پێویستی بەوە هەبێت بژمێرەکە دڵنیا بێت لەوەی وەڵامدەرەوەکان بە تەواوی لە مانای پرسیارەکە تێگەیشتوون، ئەو پرسیارانەش کە حەساسیەتیان تێدایە وادەخوازێ خودی ئەو کەسەی وەک سامپڵی ڕاپرسی دیاریکراوە فۆڕمەکە پڕکاتەوە.

پاش دیاریکردنی شێوازی کۆکردنەوەی داتاکان –بەڵام پێش ئەوەی پرسیاری یەکەم دابنرێت- تیمی کۆکردنەوەی داتاکان دەبێت هەموو گۆڕاوەکان «پڕاکتیزە» بکات. بۆ نموونە سەبارەت بە سامپڵەکەی پێشوو دەبێت ڕوونی کەینەوە مەبەستمان لە «نەریتی خواردن»چییە و کام هەڵسوکەوت نیشانەیە بۆ ئەو نەریتە.



لەو بارەیەوە دەتوانین نەریتی خواردن بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە بکەین:

- ئەو خواردن و خواردنەوانەی لە ٢٤ سەعاتی ڕابردوودا خوراونەتەوە.
- ئەو خواردنانەی کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەزۆری خوراون بۆ نموونە لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا.
- ئەو خواردن و خواردنەوانەی کاتێک کەسەکە هەلی هەڵبژاردنی یەکێکیانی بۆ دەڕەخسێت.
- شێوەکانی بەکارهێنان، تەنانەت گەر ئەو شێوەیە لەم کاتەدا وجودی نەبێت.

هەروەها دەبێت بڕیار بدەین ئاخۆ ئەو زانیاری و شێوازانەی بەکارهێنانی خواردن و خواردنەوە تەنها ئەو کەسە دەگرێتەوە کە لە ڕاپرسیەکەدا بەشدارە، یان کەسەکە دەتوانێت لەجیاتی هەموو خێزانەکەی وەڵام بداتەوە. سەبارەت بەوەی دەبێت لە ڕاپۆرتی کۆتاییدا چی هەبێت و چی نەبێت، دەبێت ئەو بڕیارانەمان لەبەرچاو گرتبێت. ئەرکی سەرەکی بریتییە لەوەی هەموو ئەو زانیاریانە سەبارەت بەوەی چییان لێ داواکراوە بگاتە لای ئەوانەی فۆڕمەکە پڕ دەکەنەوە. دەکرێ پرسیارەکان بەشێوەیەک بن وەڵامەکانیان کراوە یان داخراوبن:

بۆ نموونە:

«دوێنێ چەند پەرداخ ئاوت خواردووەتەوە؟»

وەڵامی کراوە (خۆت ژمارەکە دیاری بکە)

وەڵامی داخراو (یەکێک لەوانەی خوارەوە هەڵبژێرە)

هیچ جارێک ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ زیاتر

سکێڵی وەڵامە کراوەکان، دەبێت کۆمەڵە وەڵامێک لە خۆ بگرێت. وەڵامەکان دەبێت زۆرجیاواز بن بۆ ئەوەی وەڵامدەرەوەکە بتوانێت بە ئاسانی ئەو وەڵامەی کە پەسەندیەتی و بەلایەوە باشترینیانە، هەڵبژێرێت.



بە کورتی، پرسیارەکان و سکێڵی وەڵامەکان دەبێت بەشێوەیەک دروستبکرێن کەسەکە بتوانێت بەشدار بێت لە خستنەڕووی ئەو وەڵامەی کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی شیکردنەوەی زانیارییەکان.

## ستراکتۆری باشی پرسیارەکان:

بۆ ئەوەی پرسیارێکی باش بکەیت، دەبێت هەموو چەمکەکان ئاشکراو ڕوون بن و بە ئاسانی بخرێنەڕوو. ئەوەی پرسیارەکان دادەنێ، دەبێت بیر لە چۆنێتی چارەسەرکردنی وەڵامەکان و ئامادەکردنی شیکردنەوەی زانیارییەکان بکاتەوە.
گەر هاتوو زاراوەیەک لە فۆرمەکەدا هەبوو کە مانایەکی تایبەتی یان تەکنیکی هەبێت، پێویستە لە فۆرمەکەدا ماناکەی بخرێتەڕوو و داواش لەوکەسانەی وەلام دەدەنەوە بکرێت ئاگایان لەو مانایانە بێت. هەروەها دەبێت ڕێگە بە وەڵامدەرەوەکان بدرێت ئەزموونە هاوبەش و جیاجیاکانی خۆیان وەک وەڵام بخەنەڕوو.
خاڵێکی گرنگ کە دەبێت بیری لێبکرێتەوە ئەوەیە؛ ئایا پرسیارێکی دیاریکراو هەیە بە پێی تێپەڕبوونی کات بۆ بەراوردکردن لەنێوان گرووپەکاندا بەکار بێت. بۆ نموونە  لە کاتێکدا گەر پێویستی کرد، ئەم زانیارییە نوێیانە بەراورد بکرێت بەو زانیاریانەی کە لە هەمان فۆرم و لە ڕاپرسیەکانی پێشوودا بە دەست هاتووە، لەو کاتەدا گونجاندن کارێکی زۆر پێویستە.
هەندێکجار ئاسانترین ڕێگا بۆ دڵنیا بوون لە گونجاوی – الانسجام – دەکرێت، هەمان ئەو پرسیارەی کە پێشتر کراوە وەک خۆی و بێ دەستکاری دووبارە بکرێتەوە. بەڵام گەر پرسیارەکەی پێشوو بۆخۆی کەموکوڕی تێدا بووە، ئەوکاتە کێشەکان سەرهەڵدەدەنەوە. لەوانەشە هەندێگ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە دوای ڕاپرسیەکەی



پێشوودا بوو‌بێتە هۆی گۆڕینی مانای زاراوەکان یان کاریگەریی هەبووبێت لەسەر دووبارە نەکردنەوەی هەندێک ڕەفتار.
سەرنج لەم پرسیارەی خوارەوە بدە:
- «ئەمڕۆ نزیکەی چەند جار بە تەلەفۆن قسەت لە گەڵ خەڵکدا کردووە؟»

دەبێت سکێڵی وەڵامەکان چۆن بێت، ئەگەر ئامانجەکەمان بریتیی بێ لە بەراوردکردنی وەڵامی کرێکارێکی بەدالە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ کرێکارێکی بەدالەی ئێستا؟ لەوانەیە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا سکێڵی وەڵامەکان بەم شێویە بێت:

- هیچ جارێک ١ ٢ ٣ ٤ +٥

ئەو سکێڵە بۆ ڕاپرسیەکانی ئەمڕۆ زۆر نامەعقولە. لەوانەیە بۆ ئەم کاتە سکێڵێکی لەم شێوەیە گونجاو بێت:

- هیچ جارێک ١-٥ ٦-١٠ ١١-١٥ ١٦-٢٠ +٢١

بۆ بەراوردکردن لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، باشتر وایە سکێڵەکە بەم شێوەیە بێت:

- هیچ جارێک ١-٤ ٥-٨ ٩-١٢ ١٣- ١٦ ١٧-٢٠ +٢١

لەم ڕێگەیەوە واتە (زۆرکردنی جارەکانی پەیوەندیکردن) لەم سەردەمەدا، دەتوانین بەراوردێکی باشتر لەنێوان ئەمڕۆ و بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا بکەین. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە تا سکێڵی وەڵامەکان زیاتر بن، کاریگەریی هەیە لەسەر تێڕوانینی خەڵک بۆ پرسیارەکە. لەم حاڵەتەدا دەبێت ڕاپرسی ئەزموونی بکرێت. (بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە سەیرێکی فەسڵی «چۆنێتی ئەنجامدانی ڕاپرسی ئەزموونی» ئەم کتێبە بکە.



## گەیاندنی وردی «دقەت» پێویست:

کاتێک پرسیار ئامادەدەکرێت، بەتایبەت سەبارەت بە ڕادەی دووبارە بوونەوەی ڕەفتارێک، بەلای ئەو لێکۆڵەرانەوە گرنگە دڵنیا بن لە ڕادەی وردی ئەو وەڵامەی دەدرێتەوە. ئەگەر داوا لە بەشدارانی ڕاپرسیەک بکرێت ڕادەی دووبارەبوونەوەی ڕەفتارێکی خۆیان دیاری بکەن، پرسیارەکە بەم شێوەیە دەبێت «چەندجار؟» یان «نزیکەی چەندجار؟».

لەوانەیە پێویست بکات داوا لە بەشدارانی ڕاپرسیەکە بکرێت ڕادەی دووبارەبوونەوەی ڕەفتارێک لە ماوەیەکی دیاریکراودا تا ئەو ئاستەی پێیان دەکرێت بە وردی بخەنەڕوو. لەوانەشە بۆ زیاتر وردبینی داوایان لێبکرێت پەنا بۆ فایل و دۆسییەکانی خۆیان بەرن «بەو گریمانەیەی کە ئەو فایل و دۆسیانە لەبەردەستدا بن و نەبێتە هۆی زۆر دواکەوتنی ڕاپرسیەکە یان وەستانی چاوپێکەوتنەکە».

ئەگەر هەموو سامپڵی ڕاپرسیەکە مەسەلەی وردبینی لە وەڵامەکانیان پێ نەگەیشتبێت، لەوانەیە یەکێکیان لە بوارێکی بەربڵاودا هەڵسەنگاندن بکات و یەکێکی دیکەشیان زۆر خۆی هیلاک بکات بۆ خستنەڕووی ژمارەیەکی ڕاستەقینەی دووبارەبوونەوەی ڕەفتارەکە. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی وەڵامی ئەوان بۆ هەمان پرسیار جیاوازبێت و نەتوانرێت بەراورد لە نێوان زانیارییەکانی هەردووکیاندا بکرێت. لەبیرتان نەچێت بەشدارانی ڕاپرسی نازانن ئێمە بیر لە چی دەکەینەوە و چیمان دەوێت؛ بۆیە چاوەڕێی ئەوەیان لێ ناکرێت ئەوەی لێکۆڵەرەکان دەیانەوێت یان لە فۆرمی پرسیارەکاندا هاتووە وەک خۆی جێبەجێ بکەن.

زۆر لەو شتانەی لە کاتی ڕاپرسیدا ئێمە لە خەڵکمان دەوێت، لەسەر ئاستی دونیادا بە یەک جۆر پێناسە نەکراون. سەیر لەوەدایە



تەنها لەسەر هەندێک لەو زاراوانەی ڕۆژانە بەکاردێن کۆدەنگی هەیە. مەرج نییە وشەی (کار یان داهات) لە لای هەموو کەسێک یەک جۆر مانای هەبێت.

هەندێک پرسیار هەیە وادەکات وەڵامدانەوەیان سەخت بێت، دەبێت خۆتی لێ دوورخەیتەوە. وەک:

- ئەو پرسیارەی مێشکی وەڵامدەرەوە ماندوو دەکات.
- ئەو پرسیارەی وردەکاری زیاتری دەوێت و لەوانەیە ئەو وردەکاریانە لەیاد نەمابنەوە.

لە ڕاپرسی ئەزموونیدا ئەو جۆرە پرسیارانە بە خێرایی دەدۆزرێتەوە. پرسیارکردن لەسەر «بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، فێڵکردن لە پێدانی باج» لە ڕیزی ئەو پرسیارانەن وەڵامدەرەوەکان حەزیان بە وەڵامدانەوەیان نییە و پێی تێک دەچن. بۆیە لە کاتێکدا پرسیاری وات کرد باشتر وایە کەسەکە خۆی فۆڕمەکە پڕکاتەوە و دڵنیاش بکرێتەوە کە ناسنامەکەی ئاشکرا ناکرێت.

لە کاتی ئامادەکردنی پرسیاری نوێدا، دەبێت زیاتر خۆت ماندوو بکەیت. ئەوانەی پرسیار دادەڕێژن زۆر خۆیان بەو مەسەلەیەوە ماندوو دەکەن.

## یەکپارچەیی فۆڕمی ڕاپرسی:

ئەگەر پرسیارەکان سادە و ڕوون بن و وەڵامدانەوەیان ئاسان بێت و پەیوەندی بە خۆیانەوە هەبێت، بەشدارانی ڕاپرسیەکە زیاتر حەزیان لە وەڵامدانەوە دەبێت. باشتر وایە پرسیارەکان بۆ ئاستی ئەوانەی پۆلی پێنجەمی سەرەتایین نووسرابێت و چەندین جاریش پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. ئەو کاتەی لە دانانی پرسیارەکان دەبیتەوە، بگەڕێوە دواوەو سەیرێکی فۆڕمەکە وەک یەکپارچەی تەواو بکە. لەبیرت نەچێ کە فۆڕمی پرسیارەکان یەکپارچەن و



دەبێت هەرواش سەیری بکەی.

• دەبێت لە پێشەکییەکی بەهێزدا بابەتی ڕاپرسیەکە بۆ سامپڵەکە ڕوون بکرێتەوە.

• دەبێت باس لە هۆکارەکانی خستنەڕووی ئەو پرسیارە بکرێت.

• دەبێت بە پرسیاری سەرنج ڕاکێش و ئاسان دەست پێبکرێت بۆ ئەوەی وەڵامدەرەوەکە هاوکاری بکات.

• دەبێت بە ڕێزو میهرەبانییەوە کۆتایی بە ڕاپرسیەکە بهێنرێت و سوپاسی بکرێت کە وا کاتی خۆی بۆ وەڵامدانەوە تەرخانکردووە.

• دەبێت پرسیارەکان یەک لەدوای یەک بن، پێویستە داڕێژەرانی فۆرمی ڕاپرسی ئاگایان لەوە بێت پرسیارەکانی سەرەتا زانیاری و چوارچێوەیەک لای وەڵامدەرەوەکان دروست بکەن بۆ ئەوەی لە وەڵامی پرسیارەکانی دواتردا بەکاری بهێنن. زۆرجار ڕوودەدات وەڵامدانەوەی پرسیارێکی دیاریکراو کاریگەریی لەسەر پرسیارێک دەبێت کە دواتر دێت. بۆ نموونە، دەپرسین «هەستی تۆ سەبارەت بە کارەکەت چییە؟» دواتر لێی دەپرسین «بەشێوەیەکی گشتی هەستت بەرامبەر ژیان چۆنە؟».

لەوانەیە وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم بکەوێتە ژێرکاریگەریی پرسیاری یەکەمەوە. لەبەر ئەوەی وەڵامدەرەوەکان پێشتر باسیان لە هەستی خۆیان سەبارەت بە کارەکەیان کردووە، بۆیە هێنانەوەی ئەو هەستە لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا زیادە بێت. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر کارەکەیان زۆر بەلاوە گرنگ بێت، لەوانەیە وەڵامی پرسیاری یەکەم لە پرسیاری دووهەمدا بەکار بێت. پێشبینی کردنی ئەو کاریگەرییە کە پێی دەوترێت «کاریگەریی ڕیزبەندی» کارێکی سەختە و تەنها لە کاتی ڕاپرسی ئەزموونیدا دەتوانین باشترین ڕیزبەندی پرسیارەکانمان دەست کەوێت.



## پرەنسیپی KISS – بژمێر، ئاگاداری سادەیی بە

سێ شتی گرنگ هەیە دەبێت لە کاتی دانانی فۆڕمی ڕاپرسیدا لەبیرنەکرێت، ئەو سێ شتەش بریتین لە:

١. یەکەم سادەیی،
٢. دووەم سادەیی،
٣. سێیەم، سادەیی.

پێویستە بۆچوونەکان بەڕوونی بخرێنەڕوو، هەروەها دەبێت پرسیارەکان تێگەیشتنیان ئاسان بێت. دەبێت پرسیارەکان بەشێوەیەک بن ئەوانەی وەڵام دەدەنەوە بزانین چییان لێداواکراوە.

زۆربەی ڕاپرسیەکان سەبارەت بە مەسەلە گرنگەکانن. گەورەترین ئەرکی بەردەم داڕێژەری فۆڕمی ڕاپرسی ئەوەیە، بابەتی گرنگ هەڵدەبژێرێت و لە ڕێگەی پرسیارەوە سادەو ڕەوانی دەکاتەوە. مۆدیلی فۆڕمی ڕاپرسی دەبێت بە شێوەیەک بێت نەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوانەی وەڵام دەدەنەوە زانیارییەکانیان نەخەنەڕوو؛ چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی زانیارییەکان نوقسان و هەڵخەڵەتێنەربن، یان دەبێتە هۆی ئەوەی وەڵامدەرەوە وەڵامی هەندێک پرسیار نەداتەوە، یان ببێتە هۆی ماندووبوونی و تەنانەت ببێتە هۆی تەواونەکردنی پڕکردنەوەی فۆڕمەکە.

واباشترە پرسیارەکان لەسەر هەموو جۆرە خەڵکێک تاقیبکرێنەوە، تەنانەت لە قۆناغە جیاجیاکانی دانانی فۆڕمی ڕاپرسی، بۆ دۆزینەوەی لایەنە لاواز و سەختەکانی، واباشترە هەموو فۆڕمەکە بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە.

سەرنج بدە لەوەی کام جۆر لە وەڵامدەرەوەکان کێشەیان لەگەڵ وەڵامەکاندا هەیە، دواتر بەدوای ئەو جۆرە کەسانەدا



بگەڕێ بۆ ئەوەی ڕاپرسی ئەزموونییان لەگەڵدا بکەی. شێوازێکی دیکەی دیاریکردنی کێشەکان، بریتییە لەوەی دارێژەرانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە خۆیان لە جێگەی وەڵامدەرەوە دابنێن و وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. ئەو ئەنجامەی لەم شێوازەدا دەست دەکەوێت زۆر سەرسوڕهێنەر دەبێت. بە مانایەکی دیکە دارێژەرانی فۆڕمی ڕاپرسی دەبێت لەوە تێبگەن کە پێویستە ڕاپرسی ئەزموونی و دیسانەوە ڕاپرسی ئەزموونی و جارێکی دیکەش زۆرترین ڕاپرسی ئەزموونی ئەنجام بدەن.

## لە کوێ زانیاری زیاترمان دەست دەکەوێت

دەروونناسی مەعریفی، خەریکی گۆڕانی گەورەیە لە بواری ڕاپرسیدا، نەک هەر لە دانانی فۆڕمی ڕاپرسی، بەڵکو لەسەر باشکردنی شێوازەکانی هاندانی خەڵک بۆ وەڵامدانەوەی مەسەلە تایبەتییەکانی ژیانی خۆیان. بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر سەبارەت بەو گۆڕانانەی کار لە دانانی فۆڕمی ڕاپرسی دەکەن سەیری «مەعریفەو ڕاپرسی بکە Cognition and Survey Research, Sirken, et al (١٩٩٩), Wiley.







# فەسڵی حەوتەم

# چۆنێتی ئەنجامدانی ڕاپرسی ئەزموونی

کۆنترۆڵکردنی سیستماتیک یان ڕاپرسی ئەزموونی، مەرجێکی سەرەکییە بۆ ڕاپرسیەکی سەرکەوتوو. وەک پێشتر باسمان کرد، ئەو لایەنانەی کە ڕاپرسیەکەیان بۆ دەکرێت، دەبێت لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو زانیارییەکاندا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن، بە تایبەتی لە کاتی ڕاپرسیە ئەزموونییەکاندا. وردی و شیکردنەوەی دەرئەنجامەکان، پشت بە هەنگاوی ڕاپرسی ئەزموونی دەبەستن ، بۆیە نابێت بە هیچ شێوەیەک پشتگوێ بخرێت.

ڕاپرسیە ئەزموونییەکان بۆ دۆزینەوەی کێشە شاراوەکانی فۆڕمی ڕاپرسی ئەنجام دەدرێن. بە لەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی پرسیارەکان و «شێوەی گواستنەوە لە پرسیارێکەوە بۆ پرسیارێکی دیکە» و دیزاینی فۆڕمەکە، لەوانەیە ئەو کێشانە ڕووبەڕووی ئەوانەی وەڵام دەدەنەوەو ئەو کەسەی ڕاپرسیەکە دەکات، دروست ببێت. ، ئاڵۆزی مانای پرسیارەکان و لێکدانەوەی هەڵە بۆ ماناکانیان و زاراوەکان، لەو گیروگرفتانەن کە لە ناوەڕۆکی پرسیارەکاندا سەرهەڵدەدەن. سەبارەت بە کێشەی گواستنەوە لە پرسیارێکەوە بۆ پرسیارێکی دیکە، دەکرێت باس لە ون بوونی زانیاری و بێ هیوایی ئەوانەی وەڵام دەدەنەوە و ئەوانەی ڕاپرسیەکە ئەنجام دەدەن، بکەین. ئەو کێشانەی کە لە دیزاینی فۆڕمەکەدا سەرهەڵدەدەن، زیاتر لەو فۆڕمانەدا دروست دەبن کە لە لایەن وەڵامدەرەوەکەوە پڕ دەکرێنەوە، ئەگەر لەبەرچاو نەگیرێت، لەوانەیە ببێتە هۆی ون بوونی زانیاری زۆر گرنگ.

ڕاپرسی ئەزموونی زاراوەیەکی بەربڵاوەو شێوەی زۆر جیاواز یان ئاوێتەیەک لە شێوەکان لە خۆ دەگرێت.

ئەم کتێبە بە کورتی هەشت جۆر تەکنیک پێشنیار دەکات



بۆ ئەوەی لە ڕاپرسی ئەزموونیدا بەکاربهێنرێت. هەر یەک لەو تەکنیکانە خاوەنی خاڵی بەهێز و لاوازی خۆیانن. لە هەمانکاتدا بۆ ناسین و دۆزینەوەی کێشەکانی فۆرمی ڕاپرسی لە مەیداندا زۆربەنرخن.

## جۆرەکانی ڕاپرسی ئەزموونی:

تەکنیکەکانی ڕاپرسی ئەزموونی دەکرێن بە دوو جۆری گەورەوە: پێش مەیدان و دوای مەیدان. تەکنیکی پێش مەیدان بەشێوەیەکی گشتی لە قۆناغەکانی خۆئامادەکردن بۆ دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەکاردێت. ئەوەش لە ڕێگەی فۆکس گروپ و چاوپێکەوتنی تاقیگەی وەرگرتنی زانیاری ئەنجام دەدرێت.
لە هەمانکاتدا شەش تەکنیکی مەیدانی هەیە کە فۆرمی پرسیارەکان لە هەلومەرجی مەیدانیدا تاقی دەکاتەوە. کە بریتین لە هەڵسوکەوتی بژمێرەکان و ئەوانەی فۆرمی ڕاپرسیەکە پڕدەکەنەوە، ڕاپۆرتی بژمێرەکان، ڕاپۆرتی ئەوانەی وەڵام دەدەنەوە، تاقیکردنەوەی نموونە جیاوازەکان و لێکدانەوەی ڕادەی بێ وەڵامی و دابەشکردنی وەڵامەکان.

### ا. فۆکس گروپەکان

بۆ هەڵسەنگاندنی پرسیارەکان و وەڵامەکانیان، دەکرێت لە ڕێگەی فۆکس گروپەوە لە قۆناغی ئامادەکردنی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکەدا، چاوپێکەوتن لەگەڵ گروپێک لەوانەی بوونەتە سامپڵی ڕاپرسیەکە بکرێت.
پێش ئەوەی پرسیارەکان لە شێوەی فۆرم دابڕێژرێت، ئەم گروپانە دەتوانن زانیاری ورد بدەن بەدەستەوە. بەم شێوازە زۆر



شتمان بۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە (بۆ زانینی ئەوەی خەڵک چۆن بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە بابەتێک ڕێک دەخەن، یان تێگەیشتنیان بۆ چەمکە گشتییەکان یان هەندێک زاراوەی تایبەت، یان بۆچوونیان سەبارەت بە بابەتە هەستیارەکان و سەختی پرسیارەکان).

فۆکس گروپەکان یارمەتیمان دەدەن بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لە زمان و لەهجەو لێکدانەوەی خەڵک بۆ پرسیارەکان و هەڵبژاردنی وەڵامەکانیان. دەکرێت ئەو فۆڕمی ڕاپرسیانەی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن وەڵامدەرەوەکان پڕدەکرێنەوە، لە ڕێگەی فۆکس گروپەوە تاقی بکرێنەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر دیزاین و دیمەنی گشتی فۆڕمەکە. لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی شارەزاییمان لەسەر ناوەڕۆکی فۆڕمەکەش زیاتر بێت.

یەکێک لە تایبەتمەندییە باشەکانی فۆکس گروپ ئەوەیە، هەلی چاودێری کردنی ڕێژەیەکی زۆری هەڵسوکەوت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەڕەخسێنێت.

هەروەها لە ڕێگەی فۆکس گروپەوە دەکرێت پێشبینی شتەکان بکەین، بەڵام بەهۆی سروشتی تەفاعولیانەوە، ناتوانن تاقیکردنەوەیەکی باش لە پرۆسەی چاوپێکەوتنێکی «ئاسایی» بدەن بەدەستەوە. جگە لەوەش، لێکۆڵەران کۆنترۆڵێکی زۆریان لەسەر ئەم پرۆسەیە لە چاو شێوازەکانی دیکەدا نییە. (بۆ نموونە، لەوانەیە یەک یان دوو کەس لە بەشداران کۆنترۆڵی دانیشتنەکە بکەن و ببنە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی ئەندامانی دیکەی فۆکس گروپەکە زانیارییەکانی خۆیان بخەنەڕوو).

## ٢. چاوپێکەوتنی تاقیگەی مەعریفی:

چاوپێکەوتنی تاقیگەیی مەعریفیش، لە قۆناغی دانانی



فۆڕمی پرسیارداناندا بەکاردێت. ئەمجۆرە ڕاپرسیە بەشێوەی چاوپێکەوتنی تاکە کەسی دەکرێت و لە کاتی پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسیەکەدا فۆڕمێکی دیکەی ڕێکخراو دەدرێت بەو کەسەی چاوپێکەوتنەکە دەکات؛ بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆی لەسەر فۆڕمەکە وەسف بکات. ئەم تەکنیکە کە بە چاوپێکەوتنی «بەدەنگی بەرز بیربکەوە» ناسراوە، دەکرێت هاوکات لە کاتی پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسیەکەدا یان دواتر ئەنجام بدرێت.

لە ڕێگەی تەکنیکی چاوپێکەوتنی تاقیگەی مەعریفییەوە، دەتوانرێت ڕاستەوخۆ ئەو کێشانەی کە لە کاتی پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی دێتە ڕێگەی وەڵامدەرەوەکان، بناسرێنەوە. جگە لەوەی، لەوانەیە لە ١٥ چاوپێکەوتندا زۆر کێشەی گەورەت بۆ ئاشکرا ببێت، وەک ئەوەی وەڵامدەرەوەکان بەشێوەیەکی بەردەوام پرسیار لەسەر هەندێک زاراوەی ئاڵۆز دەکەن کە دەبێتە مایەی سەرلێشێوانیان. لەبەر ئەوەی سامپڵەکە زۆر گەورە نییە، دووبارەکردنەوەی ڕاپرسیەکی ئەزموونی یەک شێواز کارێکی پەسەندە.

پاش تەواوکردنی خولێکی چاوپێکەوتنی تاقیگەی مەعریفی، لێکۆڵەران دەتوانن کێشەکان دەستنیشان بکەن و پرسیارەکان لەو کێشانە بژار بکەن و دوای پێداچوونەوە بە پرسیارەکاندا جارێکی دیکە چەند چاوپێکەوتنێک بکەنەوە بۆ دڵنیا بوون لەوەی کێشەکان چارەسەرکراون.

لەوانەیە لە چاوپێکەوتنی تاقیگەی مەعریفیدا، جگە لەو پرسیارانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی وەڵامدەرەوەکان بۆچوونەکانی خۆیان بخەنەڕوو، لەلایەن ئەوانەی چاوپێکەوتنەکە دەکەن، هەندێک پرسیاری یەک لەدوای یەکی هەمەجۆریشیان لێ بکرێت. پرسیارەکان کاتێک دەکرێن کە لێکۆڵەرەکان بیانەوێت وەڵامدەرەوەکان جەخت لە جۆرێکی گرنگی پرسیار و وەڵام



بکەنەوە. وەک (لەوانەیە ئەوەی چاوپێکەوتنەکە دەکات بپرسێت وەڵامدەرەوەکان چۆن وەڵامەکانیان هەڵدەبژێرن، یان چۆن ئەو ماوانەی باس کران لێکدەدەنەوە، یان دەستەواژەیەکی دیاریکراو چی دەگەیەنێت بەلایانەوە). هەروەها ڕێگە بە لێکۆڵەران دەدات ئەوە بزانن کە ئاخۆ وەڵامدەرەوەکان لە پرسیارەکە تێگەیشتوون یان نا. دەکرێت لەم ڕێگەیەوە بۆ ڕێکخستنی پرسیارەکان هەندێک زاراوەی گونجاو بدۆزینەوە.

## ٣. پۆلێنکردنی ڕەفتار:

پرۆسەی پۆلێنکردنی ڕەفتار پێک دێت لە هەڵسوکەوتی سیستماتیکی نێوان ئەوانەی چاوپێکەوتنەکە دەکەن و ئەوانەی وەڵام دەدەنەوە، جا چاوپێکەوتنەکە زیندوو بێت یان تۆمارکراو.
لێرەدا جەخت دەکرێتە سەر هەندێ لایەنی تایبەتی چۆنێتی پرسیارەکان و ئەوەی پرسیارەکان دەکات و ئەوەی وەڵامەکان دەداتەوە. ئەم تەکنیکە بۆ هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسی و ڕەفتاری ئەوەی چاوپێکەوتنەکە دەکات و ئەوەی وەڵامەکان دەداتەوە بەکاردێت و باس لە کێشەکانی فۆرمەکە یان سکێڵی وەڵامەکان دەکات. بۆ نموونە ئەگەر وەڵامدەرەوەکە پاش بیستنی پرسیارێک داوای ڕوونکردنەوە بکات، ئەوکات بە دڵنیاییەوە هەندێک لە فۆرمی پرسیارەکان کێشەیان تێدایە، بە هەمان شێوە گەر ئەوەی چاوپێکەوتنەکە دەکات پێش ئەوەی بەرامبەرەکەی لە خوێندنەوەی پرسیارەکان بێتەوە پێی ببڕێت، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی وەڵامدەرەوەکە نەتوانێت هەندێک زانیاری گرنگ لە وەڵامەکاندا بخاتەڕوو.
بە پێچەوانەی ئەو تەکنیکانەی پێش کاری مەیدانی دەکرێن، تەکنیکی پۆلێنکردنی ڕەفتاری پێویستی بە نموونەیەکی وا هەیە



کە مەرجەکانی شیکردنەوەی تێدا بێت، بۆ نموونە، ئەگەر فۆڕمی ڕاپرسیەکە چەند شێوەیەک گواستنەوەی لە پرسیارێکەوە بۆ پرسیارێکی دیکە تیدا بێت، ئەو کات پێویست بە هەڵبژاردنی نموونەیەکی گەورە دەکات بۆ تێبینی کردنی جوڵە جۆراوجۆرەکان لەناو فۆڕمەکەدا. دەبێت قەبارەی نموونە بڕیار لەسەر دراوەکان وەربگیرێن بۆ پۆلێنکردنی ڕەفتارەکان بەو پێیەی هەر گروپێک لە خەڵک بە جیا شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت.

گرنگی پۆلێنکردنی ڕەفتار لەوەدایە بە خێرایی ئەو پرسیارانەی کە ژمارەیەکی زۆر ڕەفتاری کێشە لەسەریان تێدایە، ئاشکرا دەکات. ئەم شێوازە بۆ خستنەڕووی ئەو وەڵامانەی کە باس لە سەرچاوەکانی کێشەکان دەکەن دروست نەکراوە. لە هەمانکاتدا ناتوانێت ئەوە دیاری بکات کام مۆدیلی پرسیار باشترە لەوانی دیکە.

## ٤. ڕاپۆرتی وەڵامدەرەوەکان:

ڕاپۆرتی وەڵامدەرەوەکان بریتییە لەو پرسیارە یەک لەدوای یەکانەی کە پاش ڕاپرسی ئەزموونی مەیدانی دەکرێت، بە مەبەستی زانیاری جۆرایەتی و چەندایەتی سەبارەت بە لێکدانەوەی وەڵامدەرەوەکان بۆ پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە. لێرەدا ئامانجی سەرەکی بریتییە لەوەی ئاخۆ وەڵامدەرەوەکان وەک ئەوەی خاوەن پڕۆژەی ڕاپرسیەکە دەیەوێت، لە چەمک و مانای پرسیارەکان تێگەیشتوون یان نا.

هەروەها دەکرێت ڕاپۆرتی وەڵامدەرەوەکان بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی دیکەی وەک بەکارهێنانی دۆسیێ کۆنەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و ڕادەی تێگەیشتنیان بۆ ئامانجەکانی ڕاپرسیەکە بەکار بهێنین. جگە لەوەش، ڕاپۆرتی وەڵامدەرەوەکان



گرنگن بۆ حاڵەتەکانی بە هەڵە تێگەیشتنی پرسیارەکان. هەندێک جار لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە لاوازی هەندێک پرسیار دەردەکەوێت و دەتوانرێت لابدرێت. ئەڵتەرناتیڤیش ئەوەیە لە فۆڕمی کۆتاییدا پرسیاری دیکەی بۆ زیاد بکرێت. دواجار لەوانەیە ئەو ڕاپۆرتانە ببنەهۆی دەرکەوتنی ئەوەی هەندێک پرسیار لەگەڵ ئەو ئامانجەی بۆی دانراوە یەک نەگرێتەوە. لەوانەیە پێویست بکات دەستکاری گەورە لە هەندێک لە ئامانجەکانی ڕاپرسیەکەدا بکرێت و تەنانەت گەر پێویستی کرد لابدرێت.

یەکێک لەلایەنە سەرەکییەکانی ڕاپۆرتی وەڵامدەرەوەکان بریتییە لەوەی دەبێت داڕێژەرانی فۆڕمی ڕاپرسیەکەو لێکۆڵەرەکان بۆچوونێکی ڕوون و ئاشکرایان هەبێت لەسەر ئەو کێشانەی کە دێنە پێشەوە، بۆ ئەوەی پرسیاری باش بۆ ڕاپۆرتەکە دابنێن. دەکرێت لە ڕێگەی ڕاپرسی ئەزموونی پێش مەیدانی و شیکردنەوەی داتاکانەوە، یان پێداچوونەوەی ورد بە فۆڕمەکەدا، یاخود لە ڕێگەی چاودێری کردنی چاوپێکەوتنەکانەوە، بۆچوونێکی باش سەبارەت بەو کێشانەی لەوانەیە بێنە پێشەوە بەدەست بێت.

لەوانەیە ڕاپۆرتی وەڵامدەرەوەکان هەندێک زانیاری بخاتەڕوو کە پێشتر لە پۆلێنکردنی ڕەفتاردا بەدەست هاتبن، بەڵام پۆلێنکردنی ڕەفتاری تەنها کێشەکان پیشان دەدات و سەرچاوەکەی ئاشکرا ناکات. ئەوکاتەی ڕاپۆرتی وەڵامدەرەوەکان بەشێوەیەکی باش ئامادەدەکرێت، لەوانەیە دەرئەنجامەکانی سەرچاوەی کێشەکان بخاتەڕوو، هەروەها پەردە لەسەر ئەو کێشانەش لادات کە لە ڕەفتاری وەڵامدەرەوەدا دیار نەبێت.



## ٥. ڕاپۆرتی ئەوانەی چاوپێکەوتنەکان دەکەن:

بەشێوەیەکی تەقلیدی ڕاپۆرتی ئەوانەی چاوپێکەوتنەکان دەکەن، دەبێتە هۆکارێک بۆ هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەی مەیدانی. داوا لەوانە دەکرێت کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تاقیکردنەوەی مەیدانی دەکەن، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وەڵامدەرەوەکان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی تێگەیشتنی داڕێژەرانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە دەوڵەمەند بکەن.

هەرچەندە ڕاپۆرتی ئەوانەی چاوپێکەوتنەکان دەکەن گرنگە، بەڵام تاکە شێواز نییە بۆ هەڵسەنگاندن. چونکە ئەوانەی چاوپێکەوتنەکان دەکەن لەوانەیە نەتوانن ڕاپۆرتێکی وورد لەسەر هەندێک کێشەی دیاریکراوی فۆڕمی ڕاپۆرتەکە بنووسن لەبەر کۆمەڵێک هۆکار:

- ئەوانەی چاوپێکەوتنەکان دەکەن، کاتێک باس لە کێشەیەک دەکەن، ڕوون نییە ئەو کێشەیە کێشەی تاکە وەڵامدەرەوەیەکە یان کێشەی چەند کەسێکە.
- ڕاپۆتی ئەوانەی چاوپێکەوتنەکان دەکەن لەوانەیە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی خۆیان بێت، نەک ئەوانەی وەڵامەکان دەدەنەوە.
- هەندێکجار، ئەوانەی چاوپێکەوتنەکان دەکەن خاوەن ئەزموونن، بێ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بن، بۆ کارئاسانی داڕشتنی پرسیارەکان دەگۆڕن .

دەکرێت بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز ڕاپۆرتی ئەوانەی چاوپێکەوتنەکان دەکەن ئەنجام بدرێت:

- ڕاپۆتی گرووپی: بەربڵاوترین جۆرەکانی فۆکس گرووپە، پێک دێت لەوانەی چاوپێکەوتنی مەیدانییان ئەنجامداوە.



• لیستی هەڵسەنگاندن: لەوانەی چاوپێکەوتنی مەیدانییان ئەنجام داوە، داوا دەکرێت هەریەکەو لای خۆیەوە پرسیار بە پرسیاری فۆڕمەکە هەڵبسەنگێنێت. ئەویش لە ڕێگەی ئەو کێشانەی کە لە کاتی خوێندنەوەی پرسیارەکان بۆیان دێتە پێشەوە یان لە ڕێگەی تێنەگەیشتنیان لە زاراوەکانی ناو فۆڕمەکە یاخود تێنەگەیشتن لە پرسیارەکە بەگشتی.

• فۆڕمی ستانداردی ڕاپۆرتی ئەوانەی چاوپێکەوتنەکان دەکەن زانیاری لەسەر کێشەکان و ڕادەی بڵاوبوونەوەی کێشەکان و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەکان و شێوازی چارەسەرکردنیان دەخاتەڕوو. هەروەها دەکرێت بەکار بێت بۆ زانینی قەبارەی هەندێک لە کێشەکان و تاقیکردنەوەی ڕادەی تێگەیشتنی ئەوانەی چاوپێکەوتنەکان دەکەن بۆ بابەتەکە.

## ٦. تاقیکردنەوەی سامپڵی جیاجیا:

لە تاقیکردنەوەی سامپڵە جیاجیاکاندا، ئاماژە دەکرێت بە تاقیکردنەوەی ئەزموونی کۆنترۆڵکردنی بەشەکانی فۆڕمی ڕاپرسی یان شێوەکانی چاوپێکەوتن. ئەوەش بۆیە دەکرێت تاوەکو دەرکەویت کامیان «باشترە»، یاخود بۆ ئەوەی جیاوازییەکانیان هەڵسەنگێنرێت. بۆ تاقیکردنەوەی چەند مۆدێلێکی جیاوازی فۆڕمی پرسیارەکان، پێویستە لە پێشدا پێوەرێکی یەکگرتوو دابنرێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە ئەو جیاوازیانە بەراورد بکرێن.

تاقیکردنەوەی سامپڵە جیاجیاکان بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ئەو پرسیارانەی کە دەگۆڕێن بەکاردێت . لە ڕێی ئەم تەکنیکەوە ، دەکرێت گۆڕان لە پرسیارێک یان چەند پرسیارێک یان هەموو فۆڕمی ڕاپرسیەکەدا بکرێت. باشتر وایە نموونەیەکی گونجاوی وا هەڵبژێرێت بۆ ئەم ڕاپرسیە ئەزموونییە، تا بتوانرێت لە ڕێگەیەوە



پێوانەیەکی دروستی جیاوازییەکانمان لەسەر بابەتە سەرەکییەکان دەستکەوێت. باشتر وایە لەم ڕاپرسیە ئەزموونییەدا سامپڵەکان بە هەڕەمەکی هەڵبژێرین، بۆ ئەوەی بتوانرێت جیاوازییەکان بخەینە پاڵ پرسیارەکان یان فۆڕمەکە نەک شتی دیکە.

## ٧. شیکردنەوەی ڕادەی وەڵام نەدانەوە:

شیکردنەوەی ڕادەی وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکان لەو داتایانەی کە لە کاری مەیدانیدا بەدەست هاتوون، دەتوانێت زانیاری زۆرمان لەسەر ڕادەی کارایی فۆڕمی ڕاپرسیەکە پێبدات. ئەوکارەش دەکرێت لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ئاستی دووبارە بوونەوەی پرسیارە ونبووەکان (وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکان) ئەنجام بدرێت:

ئەو مەسەلەیە بە دوو شێواز دەتوانێت زانیاریمان پێبدات:

- ڕێژەی «نازانم» ئەوە دەردەخات پرسیارەکە بەلای خەڵکەکەوە قورسە.
- وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکانیش ئەوە دەردەخەن کە وا پرسیارەکان یان داڕشتنی پرسیارێکی دیاریکراو بەلایانەوە حەساسییەت دروست دەکات بۆیە خۆیان لە وەڵامدانەوە دەدزنەوە.

## ٨. شیکردنەوەی دابەشکردنی وەڵامەکان:

دەکرێت شیکردنەوەی دابەشکردنی وەڵامەکان بەکار بێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئاخۆ داڕشتنی پرسیارەکان بەشێوەی جیاواز یان ڕیزبەندی پرسیارەکان تا چەند کاریگەرییان بۆ سەر جۆری وەڵامەکان هەیە. ئەمجۆرە شیکردنەوەیە کاتێک، سودی زیاتر



دەبێت کە لە ڕاپرسی ئەزمونیدا لە یەک جۆر فۆڕمی ڕاپرسی زیاتر بەکاربێت.

کاتێک سەیری چۆنێتی وەڵامدانەوەکان دەکەین لە ڕاپرسیە ئەزموونییەکاندا، مەرج نییە دەرئەنجامەکان نیشاندەری ئەوە بن کە ئاخۆ تێگەیشتن لە مۆدێلی پرسیارێک لە چاو مۆدێلەکانی دیکەدا زیاتر بێت. ئاگادار بوون لە جیاوازی جۆری وەڵامەکان، بە تەنها بەس نین بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کام پرسیار لەوانی تر زیاتر ماناکەی دەدات بە دەستەوە.

هەندێکجار، شیکردنەوەی دابەشکردنی وەڵامەکان ئەوە دەردەخات، کە وا گۆڕینی زاراوەکانی فۆڕمی ڕاپرسی کاریگەریی نابێت بۆ سەر هەڵسەنگاندنەکان. نابێت بە تەنها شیکردنەوەی دابەشکردنی وەڵامەکان بۆ هەڵسەنگاندنی داڕشتنی پرسیار و ڕیزبەندی بەکار بهێنین. شیکردنەوەی دابەشکردنی وەڵامەکان تەنها لەگەڵ شێوازەکانی دیکەی وەک ڕاپۆرتی وەڵامدەرەوەکان، ڕاپۆرتی ئەنجامدەرانی ڕاپرسیەکە، بەسود دەبێت.

## هەمووشێوازەکان:

ئەوکاتەی کات و بودجەی پێویست لەبەردەستدایە، دەبێت هەردوو جۆرە ڕاپرسیە ئەزمونییەکە «پێش مەیدانی و مەیدانی» ئەنجام بدرێت؛ بەڵام هەندێک حاڵەت هەیە ڕێگە بە بەکارهێنانی هەموو شێوازەکان نادات. لەو حاڵەتەدا دەکرێت باڵانسێک دروست بکرێت لەنێوان ئامانج و شێوازە بابەتییەکاندا، واتە لەنێوان وەڵامدەرەوەو ئەوەی ڕاپرسیەکە دەکات. ئەو مەسەلەیە دەبێتە هۆی دەرخستنی کێشەکەو چارەسەرکردنی کێشەکەش و لە هەمانکاتدا هەڵسەنگاندنێکی وردو بەربڵاومان بۆ دەخاتە ڕوو.



# له كوێ زانیاری زیاترمان دەست دەكەوێت

دەكرێت لە ڕاپۆرتی نووسینگەی ئامار كە ئەم بەشەی لێ بەرهەم هاتووە سەبارەت بە تێچون و پێشنیار سەبارەت بە ڕاپرسی ئەزموونی بەدەست بێت. ژمارەی مارسی ٢٠٠٤ وەرزنامەی «ڕای گشتی» (Public Opinion Quarterl)، بابەتێكی گرنگ بە ناونیشانی «شێوازی تاقیكردنەوەو هەڵسەنگاندنی فۆڕمی ڕاپرسی»(Methods for Testing and Evaluating Survey Questions). ئەو خوێنەرەی بەدوای بابەتی زیاتردا دەگەڕێت لەوێدا زۆری دەست دەكەوێت.






# فەسڵی هەشتەم
# زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە

بودجەکەم زۆر سنورداره، فەرمانبەرم نییەو تواناکانی بەردەستم کەمە. پلەی گەرما لە دەرەوە ١٠ پلە لە خوار سفرەوەیە. خۆ لەسوچێکی شەقامەکەش ناوەستم بۆ ڕاگرتنی ئەو ڕێبوارە تورانەی کە یان لە کار دێنەوە یان دەچن بۆ سەر کارەکەیان. دانیشتن لەبەردەم تەلەفۆن و دووبارەکردنەوەی «زۆرزۆر ڕازیت، ڕازیت یان ڕازی و ناڕازیت یان ڕازی نیت یان زۆر ناڕازیت» لە گەڵ دووسەد کەس لە ڕۆژێکدا شتێکی سیحری نییە.

## کەواتە چۆن دەتوانم ڕاپرسیەك ئەنجام بدەم؟ ئاخۆ پڕۆژەکانی ڕاپرسی شتێکی تەواو موستەحیلە؟

حەتمەن نەخێر، ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە لە ڕووی خەرجییەوە بەهێزترین و چالاکترین و کاریگەرترین جۆرە لە چاو ئەوانی دیکەدا، واتە لە چاو ڕاپرسی تەلەفۆنی و ڕاپرسی ڕووبەڕوو. دەکرێت بە خەرجییەکی زۆر کەم و بژمێری کەم و ئامێری نا ئاڵۆز، ڕاپرسیەکی پۆستەیی باش بکەین کە چوارچێوەیەکی مامناوەندیی هەبێت. لەوانەیە ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە بەشێوەیکی زۆر باش بەڕێوە بچێت لە چاو ئەو ڕاپرسیانەی خەرجییەکانیان زۆرە.

کارمەندانی پۆستە ناتوانن گلەیی لە زۆری نامەکانی سندوقی پۆستەکەی تۆ بکەن. لەم هەلومەرجەدا، هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە کارێکی ئاسان نییە. دۆزینەوەی فۆرمێکی ڕاپرسی لەناو دەریای ئەو گۆڤار و نامەو وەسڵی پارەو ڕیکلامانەی کە ڕۆژانە لە سندوقی پۆستەکاندا کۆ



دەبنەوە، کارێکی ئاسان نییە.
سەرەڕای بوونی هەندێک لەمپەر لەبەردەم ڕاپرسی پۆستەییدا، بەڵام دەکرێت لە ڕێگەی ئەم جۆرە دابەشکردنەی فۆڕمی ڕاپرسیەوە، دەرئەنجامێکی باشمان دەستکەوێت. ئەوکاتەی هەلومەرجەکان لەبار دەبن، ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی زۆر باش و بەرنامە بۆداڕێژراو بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدرێت. لەم بەشەدا لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە دەخەینە ڕوو. هەروەها باس لە مەرجەکانی پێویست بۆ ڕاپرسیەکی پۆستەیی سەرکەوتوو و گونجانی لەگەڵ بارودۆخی تۆدا دەکەین.

## کەمخەرجی ڕاپرسی پۆستەیی:

لەم دواییانەدا بەکارهێنانی ڕاپرسی پۆستەیی زۆر بەخێرایی پەرەی سەندووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خاڵێکی گرنگ. چونکە لە ڕووی کات و خەرجییەوە زۆری تێناچێ. دەکرێت لە ڕێگەی بەراوردکردنی ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە لەگەڵ ڕاپرسی لە ڕێگەی تەلەفۆن و چاوپێکەوتنەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوێت.
لە ڕووی سەرچاوە مرۆییەکانەوە، ڕاپرسی پۆستەیی کەمترین دەستی کاری دەوێت. یەک کەسیش دەتوانێت ڕاپرسی پۆستەیی ئەنجام بدات، بەڵام لە ڕاپرسی تەلەفۆنی و ڕووبەڕوودا یەک کەس پێی ناکرێت ئەو هەموو چاوپێکەوتنە لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجام بدات. لە ڕووی خەرجیشەوە ڕاپرسی پۆستەیی تێچونێکی زۆر کەمتری دەوێت لە چاو ڕاپرسی تەلەفۆنی و ڕاپرسی ڕووبەڕوودا. لەوانەیە ڕاپرسیەکی پۆستەیی مام ناوەند لە شارێکدا ٥ هەزار دۆلار بۆ ١٠ هەزار دۆلاری تێبچێت. ئەو تێچوونە بۆ ڕاپرسیەک لە هەمان قەبارە، بەڵام بە تەلەفۆن یان ڕووبەڕوو کرابێت،



خەرجییەکان ٥٠٪ بۆ ١٥٠٪ زیاتر دەبێت. گەر ڕاپرسیەکە لەسەر ئاستی نیشتمانی یان جیهاندا بکرێت، بێگومان تێچوونەکان زیاتر دەبن.

هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاڕادەیەک تێچوونەکانی پۆستە کەمەو وەک یەک وان، بەڵام نرخی تەلەفۆن و خەرجییەکانی چاوپێکەوتنی شەخسی زۆرترەو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت. جگە لەوەش، تێچوونی گشتی ناردنی ڕاپرسیەک کە لە سێ پرسیار پێک هاتبێت یەکسانە بە تێچوونی ڕاپرسیەک کە لە ١٠٠ پرسیار پێک هاتبێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا داهاتێکی زۆر بۆ ئەنجامدەرەکانی ڕاپرسی دەگەڕێتەوە.

## دەستەبەندی جوگرافیایی:

ڕاپرسی پۆستەیی ئەو هەلەش دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەیت بە هەندێک شوێنی جوگرافی دیاریکراو. بۆ نموونە، ئەگەر ڕاپرسیەک لە شارێکی دیاریکراو دەکەیت سەبارەت بە شوێنی فڕێدانی زبڵ، دەتوانیت هەندێک شوێنی شارەکەو کاردانەوەیان بۆ شوێنی فڕێدانی زباڵەکان لە ڕێگەی ڕاپرسی پۆستەییەوە پێوانە بکەیت.

## ڕاستگۆیی:

هەندێک لێکۆڵینەوە ئەوەیان دەرخستووە ئەوانەی لە ڕاپرسی پۆستەییدا بەشداری دەکەن، ڕاستگۆیانەتر وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە تاوەکو جۆرەکانی دیکەی ڕاپرسی. بەتایبەتی گەر ڕاپرسیەکە سەبارەت بە شتی هەستیار بێت. لەوانەیە مەسەلە شەخسییەکان بەلای وەڵامدەرەوەکانەوە گرنگ بن، جگە لەوە لە



ڕاپرسی پۆستەییدا ڕادەی دڵنیایی لە وەڵامەکاندا زۆرترە.
مەسەلەی گرنگ ئەوەیە ئەگەر کاتی پێویستت بە دەستەوە بوو، باشتر وایە ڕاپرسی پۆستەیی بکەیت، بەتایبەتی لەوکاتەی کە لە ڕووی بودجەوە کێشەی زۆرت هەبێت، بەڵام گەر ڕاپرسیەکەت بەو شێوەیە کرد، نابێت لایەنە خراپەکانی لەبیر بکەی.

## خەوشەکانی ڕاپرسیی پۆستەیی

زۆرکەس پێیان وایە گەورەترین خەوشی ڕاپرسی پۆستەیی بریتییە لە کەمی وەڵامدانەوە، بەڵام مەرج نییە ئەوە ڕاست بێت، چونکە لە ڕێگەی پلاندانانی باشەوە دەتوانێت ئاستی وەڵامدانەوەکان بگەیەنێتە ئاستی وەڵامدانەوەی ڕاپرسی تەلەفۆنی و ڕاپرسی ڕووبەڕوو. بەڵام کێشەی سەرەکی لەمجۆرە ڕاپرسیەدا ئەوەیە لیستی تەواوی ئادرێسی ئەوانەی دەکەونە شوێنی ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە بە ئاسانی دەست ناکەون. ئەگەر لەوەشدا کەموڕی هەبوو، دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵە لە داپۆشینی هەموو کۆمەڵگەی ڕاپرسیەکە. یەکێک لە هەڵە زەق و دیارەکانی داپۆشین لەو کاتەدا ڕوودەدات کە لیستی تەواوی ئادرێسەکان لەبەردەستدا نەبن . (بۆ نموونە، حساب نەکردن بۆ ئەو خوێندکارانەی زانکۆ کە لە دەرەوەی ماڵی خۆیانن). لەوانەشە لیستی ئادرێسەکان لایەنگیری تێدا بێت (لەوانەیە ناوی ئەو شۆفێرانەی مۆڵەتی شۆفێرییان هەیە یان هەژارەکان یاخود مێردمنداڵ و پیرەکان). لەوانەیە هەندێک لیست وردو دروست نەبن (بوونی ناوی لێکچوو، یان هەندێک ناو کە سەر بەو لیستە نەبن). یان لە وانەشە لیستی ئادرێسەکان نوێ نەبن (باس لەوانە نەکات کە بەم دواییانە لەو ناوچەیەی ڕاپرسیەکەی تێدا دەکرێت باریان کردبێت).



## داڕشتنی پرسیارەکان :

لایەنێکی گرنگی دیکەی ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەوە، بریتییە لە داڕشتنی فۆڕمی پرسیارەکان، چونکە ئەگەر پرسیارەکان بەشێوەیەکی خراپ داڕێژرابن دەبێتە هۆی شکست هێنانی ڕاپرسیەکە بەگشتی. پرسیارەکان دەبێت کورت و پوخت و ورد بن. بە پێچەوانەی ڕاپرسی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە یان ڕاپرسی ڕووبەڕوو، لەم چەشنە ڕاپرسیەدا توانای ئەوەت نییە پرسیارەکان بۆ بەرامبەرەکەت شیبکەیتەوە، یان گەر پێویستی کرد پرسیارێکی دیکە بەدوای پرسیارەکەدا بکەی؛ وەک «ئایا بیر لە شتێکی دیاریکراو دەکەیتەوە؟» هەروەها ئەو پرسیارانەی کە کراوەن دەرئەنجامێک دەدەن بەدەستەوە، ناکرێت بەکاربهێنرێت.

## هەندێك مەترسی دیکە:

هەندێک مەترسیی دیکە لە ڕاپرسی پۆستەییدا هەیە. بۆ نموونە ئایا هەندێک پرسیاری زۆر شەخسیت داناوە لە فۆڕمی ڕاپرسیەکەدا؟ ئایا فۆڕمی ڕاپرسیەکە زۆر درێژە؟ ئایا خوێندنەوەی فۆڕمەکە ئاسانە؟ ئاخۆ ئەو کەسەی دەبێتە سامپڵی ڕاپرسیەکە خوێنەواری هەیە؟ ئەگەر کۆمەڵگەی ڕاپرسیەکەت شارێک بێت لەسەر سنووری باشوری ولایەتی تەکساس، ئایا ئەگەر فۆڕمەکەت بە هەردوو زمانی ئیسپانی و ئینگلیزی نەبوو چانسی سەرکەوتنت کەم نابێتەوە؟

خەوشەکانی ڕاپرسی پۆستەیی بوار بۆ ڕوودانی هەڵەی گەورە دەکاتەوە، بەڵام دەکرێت لە ڕێگەی هۆشیاری گشتگیر و پلاندانانی باش و داڕشتنی وردی پرسیارەکان و خۆ ئامادەکردنێکی باش و ئەنجامدانی ڕاپرسی ئەزموونییەوە، ئەو هەڵانە بە شێوەیەکی زۆر فراوان کەم بکرێتەوە.



## دیزاین و شێوەی ڕاپرسی پۆستەیی:

شێوەی فۆڕمی ڕاپرسی پۆستەیی، کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ سەر ڕێژەی سەدی وەڵامدانەوە. لێرەدا ئەنجامدەری ڕاپرسی پۆستەیی داوا لە وەڵامدەرەوەکان دەکات بۆ ئەوەی بەشێک لە کاتی خۆیان بەشێوەی خۆبەخش و بێبەرامبەر تەرخان بکەن بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسیەکە. ئەگەر دیزاینی فۆڕمی ڕاپرسیەکە دێزو ناشیرین بێت و ڕوونکردنەوەکان لاواز و پرسیارەکان ئاڵۆزو سەخت بن، ئەگەری ئەوەی بەرامبەرەکە کاتی خۆی بۆ وەڵامدانەوەو ناردنەوەی فۆڕمەکە تەرخان کات زۆر کەمە. بۆیە دەبێت دڵنیا بین لەوەی فۆڕمی پرسیارەکان سەرنج ڕاکێش و پرۆفیشناڵیانەو جوان دارێژراوە. تەنانەت گەر کۆپیەکەی جوان نەبێت، یان دەرزی لێدانەکەی هەڵەی تێدا بێت (لەوانەیە لاپەڕەکان ڕیزبەند نەبن یان سەرەوژێر دانرابێتن) یاخود گەر ناوی ئەو شوێنەی ڕاپرسیەکە ئەنجام دەدات پەڕی بێت، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی وەڵامدانەوە.

## بۆیە دەبێت لە هەڵبژاردن و دیزاینی پرسیارەکانی ڕاپرسی پۆستەییدا، زۆر بە وریایی و وردی هەڵسوکەوت بکەیت:

یەکەم: لەوە دڵنیا بە کە پرسیارەکان ئەو زانیاریانەت بۆ کۆ دەکاتەوە کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت. ئەگەر خەریکی ڕاپرسیەکیت سەبارەت بە ڕادەی ڕەزامەندی خوێنەران لە گۆڤارێکی دیاریکراودا، زانینی ئەوەی ئاخۆ خوێنەران لەو گۆڤارە ڕازین یان نا، بەتەنها زۆر بەسود نییە. بۆیە پێویستە پرسیارێکی بەدواداچوون بکرێت،



ئاخۆ هۆکارەکانی ڕازی بوون و ناڕازی بوونیان لە گۆڤارەکە بۆچی دەگەڕێتەوە. ئەو پرسیارە لە ئاییندەدا یارمەتی پێشکەوتن و باش بوونی گۆڤارەکە دەدات.

دووەم: هەرچەندە دەکرێت سکێلی وەڵامی جیاجیابن وەک (ڕازیم، ناڕازیم؛ .. یان لە ١ بۆ ٥؛ یان وەڵامی دیاری نەکراو)، بەڵام باشتر وایە لە پرسیارێکەوە بازنەدرێت بۆ پرسیارێکی دیکە، لەوانەیە ئەو وەڵامدەرەوە توشی بێهودەیی بێت و بیخاتە لاوە.

پێویستە بە وردی پرسیارەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک لایەنگرییان تێدا نەبێت. ئاگاداری ئەوەبە پرسیارە سەرەتاییەکانی فۆڕمەکە کاریگەرییان هەیە لەسەر هەموو ڕاپرسیەکە. داڕشتنی پرسیاری باش و گونجاو کارێکی ئاسان نییەو ماندووبوونی زۆری دەوێت (لەم کتێبەدا جێگەی شیکردنەوە نابێتەوە). بۆیە زۆر بە وریاییەوە هەنگاو هەڵنێن. لە داڕشتنی پرسیارەکاندا، دەبێت ئاگاداری هەوڵ و ماندووبوون و ئەرکی سەرشانی وەڵامدەرەوەکانیش بیت. بۆ نموونە، ئەگەر لە فۆڕمەکدا پرسیار هەبێت سەبارەت بە ژمێریاری یان زانیاری شەخسی حەساس و وەبیرهێنانەوەی ڕووداوێک کە زۆری بەسەردا تێپەڕی بێت، لەوانەیە وەڵام نەدرێتەوە یان هەر فۆڕمەکە وەلاوەنرێت و پشتگوێ بخرێت.

دواجار، دەبێت فۆڕمی ڕاپرسیەکە سادەو ساکارو نائاڵۆز و لۆژیکانە بێت. هەروەها دەبێت ڕیزبەند و شێوەی ڕاپرسیەکە گونجاو بێت. تا بەدواداچوونی ڕیزبەندیی ڕاپرسیەکە سەختتر بێت، ڕادەی پڕکردنەوەی فۆڕمەکە لای وەڵامدەرەوەکە کەمتر دەبێت. لە حاڵەتێکدا نەتوانرا خۆ لە ڕێنمایی ئاڵۆز بە دوور بگیرێت، ئەو کات بۆ یارمەتیدانی وەڵامدەرەوەکە سود لە شێوەو تەرتیب وەرگرە. لەو دوو نموونەیەی خوارەوە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان پێویستیان بەڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە:



## نموونە١

ئەگەر خاوەنی کۆمپانیای تایبەت بە خۆت نەبی ئەم نموونەیە توشی سەرلێشێواندنت دەکات

٨. ئایا خۆتان خاوەنی کۆمپانیان؟
بەڵێ نەخێر
٩. چەند کرێکار بە فول تایم لاتان کار دەکەن ؟
کەمتر لە ٢٠ .... ٢٠-٤٩..... ٥٠-١٠٠ ....زیاترلە ١٠٠
١٠. ئایا هاوسەرەکەت فول تایم دەوام دەکات؟
سامپڵی ٢
٨. ئایا خۆتان خاوەنی کۆمپانیان؟
بەڵێ نەخێر
ئەگەر وەڵامەکەت بە (بەڵێ)یە
٨. ئەلف. چەند کرێکار بە فول تایم کار دەکەن لاتان؟
کەمتر لە ٢٠ .... ٢٠-٤٩..... ٥٠-١٠٠ ....زیاترلە ١٠٠
٩. ئایا هاوسەرەکەت فول تایم دەوام دەکات؟

لەم نموونەیەدا ئەوبەشەی ڕەنگ کراوە دەبێتە هۆی ڕێنمایی بۆ وەڵامدەرەوەکەو لە ڕەوتی گشتی ڕاپرسیەکەی دوورناخاتەوە.

بەگشتی، کار بۆ ئەوە بکە فۆڕمی پرسیارەکانی ڕاپرسیەکەت ڕێکوپێک و ئاسان بێت و سکێڵی وەڵامەکان ئاڵۆز نەبن و خوێندنەوەیان ئاسان بێت. چاپکردنەکەشی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە دەبێت جۆری کاغەزەکەی فاخر بێت و چاپکردنەکەشی جوان بێت و هەمووشتەکانی تێدا بە ڕوونی دەرکەوتبێت.

لەگەڵ فۆڕمی ڕاپرسیەکەدا دەبێت نامەیەک هاوپێچ بکرێت. تێیدا هۆکارەکانی ڕاپرسیەکە خرابێتەڕوو. لەوەش دڵنیاکرێتەوە کە وا



زانیارییەکانی بە نهێنی دەمێنێتەوە. دەبێت ئەو لایەنەی ڕاپرسیەکەی بۆ دەکرێت بناسێنرێت. فۆنت و لۆگۆ بەکارهاتووەکانیش تایبەت بن بە سەنتەری ڕاپرسیەکە، بۆ ئەوەی پرۆفیشناڵییەتی ئێوە دەرخات. بوونی لۆگۆی دەزگای ڕاپرسیەکە لەسەر هەموو نامەکان دەبێتە هۆی ئەوەی وەڵامدەرەوەکە نامەکانی پێشووی ئێوەی بیربکەوێتەوە.

## جێبەجێکردنی ڕاپرسی پۆستەیی:

دەبێ بزانین ڕاپرسی پۆستەیی سەرکەوتوو تەنها پشت بە ناردنی ژمارەیەکی زۆر فۆرمی ڕاپرسی بۆ خەڵک نابەستێت، بەڵکو پێویستە لە دیاریکردنی نموونەی ڕاپرسیەکەو دیزاینی فۆرمی ڕاپرسیەکەو چاپکردنی فۆرمەکاندا وردەکارییەکی زۆر بە خەرج بدرێت. بۆ ئەوەی زۆرترین وەڵامت بۆ بگەڕێتەوە، پێویستە ئەم هەنگاوانە بنرێت:

هەموو شێوەکانی پەیوەندیکردن بەکار بهێنە لەوانە:

ناردنی نامەیەکی دەسپێشخەری لە ڕێگەی پۆستەوە بنێرەو سەبارەت بە دەستپێکردنی ڕاپرسیەکە.

فۆرمی ڕاپرسیەکە لە یەک کاتدا بنێرە بۆ هەموو نموونەکانی ڕاپرسیەکەو لەگەڵ فۆرمەکەدا ڕێنماییەکانیش بنێرە.

نامەیەکی دیکە هاوپێچ بکە، چۆنێتی پەیوەندیکردن بە سەنتەری ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە ڕوون بکاتەوە گەر هاتوو پێویست بە داوای فۆرمێکی تر یان ڕوونکردنەوە لەسەر پرسیارێک یان ڕاپرسیەکە بەشێوەیەکی گشتی بکات.

فۆرمی پرسیارە داواکراوەکان لە ڕێگەی پۆستی پلە یەکەوە ڕەوانە بکە.

دوایین فۆرمی پرسیارە داواکراوەکان لە ڕێگەی پۆستی خێراوە



ڕەوانە بکە کە گەیشتنی دوو ڕۆژ دەخایەنێت.

کارتێکی سوپاسنامەی هاوکاریکردن بنێرە بۆ ئەوانەی وەڵامیان داوەتەوە.

ئەو نامەو کاغەزانە بەکار بهێنە کە لۆگۆ و ئادرێس و ژمارە تەلەفۆنی سەنتەرەکەی لەسەرە.

لەسەر زەرفی نامەکەت جگە لە ئادرێسی وەرگر ئادرێسی شوێنی خۆتان ، پولی لەسەر دانێ.

وەک سوپاسنامەیەک لە یەکەم نامەدا یان نامەکانی دیکەدا ١-٥$ هەواڵە بکە بۆ وەرگرەکە.

## مەترسییە باوەکانی ڕاپرسی پۆستەیی:

مەترسیی یەکەم: «ئەتوانم ڕێنمایی تەلەفۆنەکانی شارەکە بەکار بهێنم بۆ دەرهێنانی سامپڵی ڕاپرسیەکە ئەوانەی لێرە نیشتەجێن».

پێش ئەوەی بگەیتە ئەو باوەڕەی کە لیستێک دەتوانێت هەموو گرفتەکانت چارەسەر بکات، بە وردی لێی بکۆڵەوە. لەم نموونەیەدا وا دەردەکەوێت ڕێنماییەکە گشتگیرە، بەڵام لە حەقیقەتدا زۆر کەموکوڕی تێدایە، بۆ نموونە لەوانەیە خێزانە هەژارەکان نەتوانن خەرجی تەلەفۆن بدەن، لەوانەشە خێزانە دەوڵەمەندەکان چەندین هێڵی تەلەفۆنیان هەبێت، ئەوەش هەلی بەشداریکردنیان زیاتر بۆ دەڕەخسێنێ. جگە لەوەش، هەندێک کەس حەز ناکەن ناویان لە لیستی دەفتەری تەلەفۆناتدا هەبێت، ئەوانەش بێبەش دەبن. هەندێک ڕێنمایی تەلەفۆنات بەهۆی کۆچ و مردن و گواستنەوەی خەڵک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، زانیارییەکانیان کۆن و بێ کەڵک دەبن. بۆیە بە وردی بە لیستەکەدا بچۆرەوە بۆ ئەوەی نەکەویتە هەڵەوە، هەمووجارێک چێکی زانیارییەکانی ناو لیستەکە



بکەرەوە بۆ ئەوەی لیستەکە پڕ زانیاری و دروست بێت.

مەترسی دووەم: پارەم نییە لەو نامیلەکە جوانانەدا خەرجی بکەم. بۆیە فۆرمەکە کۆپی دەکەم و دەیخەمە نامەیەکەوەو دەینێرم. بەمجۆرە پارەیەکی زیاتر لە شیکردنەوەی زانیارییەکاندا خەرج دەکەم».

گەر فۆرمی ڕاپرسی پۆستەیی ناشیرین و نەگونجاو بێت، بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ڕێژەی وەڵامدانەوە. لەبەر ئەوەی ڕۆژانە نامەیەکی یەکجار زۆر دەچێتە سندوقی پۆستەی ماڵە ئەمریکییەکانەوە، بەشێکی زۆری ئەو نامانەش بریتین لە ڕیکلام و ئاگاداری، پێویستە ڕووخساری نامەکەو فۆرمی ڕاپرسیەکەت زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش و تایبەت بن؛ ئەگەرنا خۆی لە تەنەکەی خۆڵەکەدا دەبینێتەوەو کەس نایخوێنێتەوە. گەر ڕاپرسیەکەت سەرنج ڕاکێش بوو لە درێژ ماوەدا دەبێتە هۆی دابەزینی خەرجییەکان، چونکە وەڵامی ورد و بەکەڵک مسۆگەر دەکات و پێویست بە دووبارەکردنەوە و ناردنی جارێکی دیکەی فۆرمەکان ناکات.

مەترسی سێیەم: «ئەم فۆرمی پرسیارانە دەنێرم، کاتێک وەڵامەکانم بۆ گەڕایەوە دەست دەکەم بە دەرهێنانی دەرئەنجامەکان».

ناردنی ئاسایی ڕاپرسیەکە لە ڕێگەی پۆستەوە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی ڕێژەی وەڵامەکان بە ڕادەیەک بێت بە کەڵک نەیەت، بۆیە کلیلی سەرکەوتن بریتییە لە بەدواداچوون، بۆ نموونە لە ڕێگەی ناردنی کارتی بیرهێنانەوە، یان هاندان بۆ ناردنەوەی وەڵامەکان یاخود ناردنی نوسخەیەکی دیکەی پرسیارەکان بۆ ئەوانەی وەڵامەکانیان نەناردووەتەوە، یان بە ناردنی کورتە نامەیەک گرنگی ڕاپرسیەکەی بۆ دەرخەیت. هەنگاوەکانی بەدواداچوون چەند بچوک بن، ئەوەندە ڕۆڵیان دەبێ لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی

سەدی ئەو وەڵامانەی دەگەڕێتەوە بۆت. هاوکات دەکرێت هەندێک هەنگاوی پێشگیرانەش بگیرێتەبەر، بۆ نموونە پێش ڕاپرسیەکە کارتێک بۆ سامپڵی ڕاپرسیەکە ڕەوانە بکرێت و ئاگادار بکرێتەوە لەوەی بەم زووانە فۆڕمی ڕاپرسیەکی پێدەگات.

## کورتەی بابەتەکە:

ئەو ڕێنماییانە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەی وەڵامدانەوە لە ڕێگەی ڕاپرسی پۆستەیی بگاتە ئاستێکی زۆر زۆر باش، لەوانەشە دەرئەنجامەکانی لەو ڕاپرسیانەی بە تەلەفۆن دەکرێن باشتر بێت. کلیلی سەرکەوتنەکە لەوەدایە بیسەلمێنیت کە وەڵامەکان بەلاتەوە گرنگە. ناردنی فۆڕمەکان بە پۆستی پلە یەک و خێرا نیشانەی ڕادەی گرنگی دانە بۆهاندانی بەرامبەر بۆ وەڵام دانەوە . ناردنی نامە بۆ وەڵامدەرەوەکان زۆر باشترە لە ناردنی نامەیەکی کۆپی کراو بۆ هەموویان بە یەکجار.

## لەکوێ زانیاری زیاترمان دەست دەکەوێت

دۆن دیلمان بابەتی زۆری لەسەر ڕاپرسی ئۆتۆماتیکی و ڕاپرسی پۆستەیی و ڕاپرسی ئینتەرنێتی نووسیوە. نوێترین سەرچاوەش بریتییە لە « Mail and Internet Surveys: The Tailored Design Method».





# فەسڵی نۆیەم

## زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕاپرسی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە.

کاتی نان خواردنی ئێواریە، زەنگی تەلەفۆنەکە لێدەدات. یەکێکی دیکەی لەوانەی بە تەلەفۆن ڕاپرسی دەکەن لەسەر خەتە. یەکەم کاردانەوەت ئەوەیە هاوکاری نەکەیت.
ئەوەی لەسەر خەتە پێت دەڵێت بە وردی ژمارەکەی ئێوە بۆ وەرگرتنی هەندێک زانیاری گرنگ دەستنیشانکراوە لە ڕاپرسیەکدا. چۆن وەڵام دەدەیتەوە؟

حەتمەن کۆمەڵێک پرسیار لای تۆ دروست دەبێت، لەوانە:

- چۆن ئەو کابرایە پەیوەندی بە تۆوە کردووە لە حاڵێکدا ژمارە تەلەفۆنەکەی تۆ لە لیستی دەفتەری تەلەفۆناتدا نییە؟
- بۆ ئەو کابرایە وەڵام دانـەوەی تۆ بۆ بەشداری نەکردن لەو ڕاپرسیەدا، بـەوەڵام دانەوەیەکی کۆتایی نازانێت و دەست بەردارت نابێ؟

کەواتە چۆن ژمارەکەی تۆی دەستکەوتووە؟ ئەی بۆ وتی بەشداریکردنی تۆ لەم ڕاپرسیەدا یەکجار گرنگە؟ ئەگەر بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبە «ڕاپرسی چییە؟» بخوێنیتەوە، وەڵامی پرسیاری دووەمت بۆ دەردەکەوێت، بەڵام ئەی پرسیاری یەکەمت وەڵامەکەی لە کوێیە؟

## ئەو ماڵانەی تەلەفۆنی تێدایە:

بەشێوەیەکی گشتی، ٪٩٦ بگرە زیاتر، لە خێزانەکانی ئەمریکا بەلای کەمەوە هێڵێکی تەلەفۆنیان هەیە. ڕاپۆرتەکانی لێکۆڵینەوەی بازاڕ و ڕاپرسی ئەوە دەردەخـەن جیاوازییەکی زۆر کەم هەیە



لەنێوان ئەو ماڵانەی تەلەفۆنیان هەیە و ئەوانەی تەلەفۆنیان نییە.

چ کاتێک ئەو ماڵانەی تەلەفۆنیان هەیە دەبنە «نوێنەر»ی هەموو ماڵەکان؟ زیاتر لە باشوری ئەمریکا ماڵان هێڵی تەلەفۆنیان نییە، ئەویش لە ناوچە گوندنشینەکان و ئەو ناوچانەی هیندییە سورەکانی تێدا دەژین. بە زۆری لە خێزانە ڕەش پێستە کەم دەرامەتەکان کە لە یەک کەس یان شەش و زیاتر پێک هاتوون. ئەوانەش کە تەمەنیان لە ١٤ ساڵ کەمترە یان بە ساڵاچوون بەزۆری تەلەفۆنیان نییە.

ئەگەر بابەتی ڕاپرسیەکە پەیوەندی بەو خەسڵەتانەوە هەبوو، پشتگوێ خستنی ئەو خێزانانەی تەلەفۆنیان نییە، دەبێتە هۆی لەدەستدانی بێ لایەنی لە ڕاپرسیەکەدا. یەکێک لە نموونەکانی ئەو لایەنگیرییە دەکرێت لە دیراسەکردنی بوون بە قوربانی تاوانەکاندا ببینرێتەوە.

بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەگەڵ ئەو خێزانانەی خاوەن هێڵی تەلەفۆنن بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، تەنها نەبەستراوە بە ئاستی لایەنگریی چاوەڕوانکراو یان بە هەڵە بەشداری نەکردنی ئەو ماڵانەی تەلەفۆنیان نییە. بەڵکو دەبێت خەرجییەکان و پابەندبوون بە کات و جەودەی گشتی دەرئەنجامەکانیش لەبەرچاو بگیرێت.

ڕاپرسی تەلەفۆنی خێراتر و کەم خەرجی ترە لەچاو ڕاپرسی ڕووبەڕوو. لە هەمانکاتدا دەکرێت کاریگەریی ئەوەی چاوپێکەوتنەکە دەکات بەشێوەیەکی باشتر کۆنترۆڵ بکرێت. ڕاپرسی پۆستەیی کەم خەرجیترن لە ڕاپرسی تەلەفۆنی، بەڵام بە گشتی کاتی زۆرتری دەوێت. بۆ بەراوردی زیاتر تەماشای فەسڵی «زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕاپرسی پۆستەیی» بکە.



## بەکارهێنانی دەفتەری تەلەفۆنات:

دەفتەری ڕێنماییەکانی تەلەفۆنی ماڵان بە سەرچاوەیەکی سەرەکی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسی لە قەڵەم دەدرێت، ساڵانە لە ئەمریکا ٥ هەزار دەفتەری تەلەفۆنات بڵاودەکرێتەوە. هەڵبەت هەموو ژمارەکان لەو دەفتەرەدا نین، ئەو ژمارە نوێیانەی کە لەو دەفتەرەدا تۆمار نەکراون یان خاوەنەکانیان نایانەوێت ناویان هەبێت تێیدا، دەچنە ڕیزی ئەو ژمارانەی بێبەش دەبن.

بەشێوەیەکی گشتی نزیکەی ٣٠٪ سامپڵی ڕاپرسیەکە لە دەفتەری تەلەفۆنەکاندا ناویان نییە، ئەو ڕێژەیە لە ولایەتێکەوە بۆ ولایەتێکی دیکە دەگۆڕێت. ئەوەی گرنگە ئەو ماڵانەی لە لیستی تەلەفۆناتدا نین جیاوازن. بەزۆری ئەوانەن کە داهاتیان کەمە، یان لە یەک کەس پێک هاتووە، و زیاتر لە سەنتەری شارەکاندا کۆبوونەتەوە بە تایبەت لە شارە سەرەکییەکاندا.

ئەگەر دەفتەری تەلەفۆناتەکان سودی نەبوو، ئەی کەواتە بۆ بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ژمارە تەلەفۆنەکان دیاری نەکەین و پاشان تەلەفۆنیان بۆ بکەین؟ پاش ئەوە مرۆڤ دەتوانێت دوای کۆدی ناوچەکە کە لە ٦ ژمارە پێک هاتووە بە هەڕەمەکی ٤ هەڵبژێرێت و «ژمارە تەلەفۆنێک»پێک بهێنێت.

ئەم شێوەیە لە لایەنگری دوورمان دەخاتەوە، بەڵام دەبێت ژمارەیەکی زۆر پەیوەندی نا چالاک بکەی بۆ ئەوەی ئەو سامپڵی ڕاپرسیەی دەتەوێت دەستت بکەوێت. ئەوەش تێچوونی ڕاپرسیەکە زیاتر دەکات، بەتایبەتی لە ناوچە گوند نشینەکاندا.

بەڵام لە شارەکاندا، بەزۆری (بەڵام نەک بە هەمیشەیی) ئەو تەلەفۆنەی چالاک نییە بەستراوەتەوە بە سیستمی «سێ جەڕەسی»یەوەو دوای ئەوە نامەیەک دێت و دەڵێت تەلەفۆنەکە



کار ناکات. بەڵام تەلەفۆناتی گوندەکان نەبەستراونەتەوە بەو سیستمەوەو تەنها جەرەس لێدەدات، بۆیە تێچوونی ئەو پەیوەندییانەی کە بە هەرەمەکی لە گوندەکان هەڵبژێراون زیاتر دەبێت.

کەواتە قەبارەی ئەو گرفتەی کە پەیوەندی بە «جەرەسی بێ وەڵامەوە» هەیە چەندە؟ ئەگەر رێژەیەکی سەدی کەمی ئەو ژمارانەی کە نەبەستراونەتە سیستمی سێ جەرەسییەوە، بەڵکو بە تۆمارکردنی زەنگەکەوە بووایە، ئەوکاتە تێچوونی پەیوەندییەکان کەم دەبوو، دەکرا بەو هۆیەشەوە ژمارەی هەرەمەکی هەڵبژێراو بەکار بهێنرێت، بەڵام بەداخەوە بوونی ناوچە گوند نیشینەکان دەبنە هۆی ئەوەی ٧٥ بۆ ٨٠٪ ژمارەکان بەکار نەیەن، ئەوەش تێچوونی پەیوەندیکردن بەو ژمارانەی بە هەرەمەکی هەڵدەبژێرێن زۆر گران بێت.

## بۆچوونێکی هۆشمەندانە

وارن میتۆفسکی ئەو دەمەی لە بەشی هەواڵی cbs کاری دەکرد، توانی ریزبەندی ژمارە تەلەفۆنەکان دابهێنێت. ئەو داهێنانەی ئەو بووە هۆی کەمبوونەوەی خەرجییەکانی راپرسی لە رێگەی تەلەفۆنەوە. ئەو شێوازە بە دوو قۆناغ ئەنجام دەدرێت. قۆناغی یەکەم: ئەو لە رێگەی زیاد کردنی ٤ ژمارە بەشێوەیەکی زۆر هەرەمەکی بۆ کۆدی ناوچەکە، گروپێکی بچوکی سامپڵی راپرسیەکەی هەڵدەبژاردو دواتر داوای لە ئەنجامدەرانی راپرسیەکە دەکرد پەیوەندی بەو ژمارە هەرەمەکییانەوە بکەن، دەرکەوت تەنها ٢٥٪ ئەو ژمارانە چالاک بوون و ماڵەکان خەڵکیان تیدا دەژیا.

قۆناغی دووەم: ئەو داوای لە ئەنجامدەرانی راپرسیەکە دەکرد پەیوەندی بکەن بەو ژمارانەی کە «نزیکن» لەو ژمارانەی کە چالاکن. «نزیک» بە لای ئەوەوە ئەو ژمارانە بوون کە لە



«ڕیزبەندی ١٠٠ی» هەمان ئەو گروپە ژمارانەن واتە هەموو ئەو ژمارانەی کە دوو ژمارەی یەکەمی ژمارە هەڵبژێراوەکە پێک دەهێنن. بۆ نموونە با وای دانێین ئەو ژمارەیەی بە هەڕەمەکی هەڵبژێراوە بریتییە لە ٦٧٨٩ - ٥٥٥ - ٧٣٤ و وەڵامدراوەتەوە، میتۆفسکی داوای دەکرد پەیوەندی بکەن بە ژمارە بە هەڕەمەکی هەڵبژێراوەکانی ٦٧٠٠- ٥٥٥ - ٧٣٤ تاوەکو ٦٧٩٩- ٥٥٥-٧٣٤ ، ئەو کاتەی ئەو کارە تەواو دەبوو دەردەکەوت ٦٦٪ ژمارەکانی ئەو ١٠٠ ژمارەیە چالاک و وەڵامیان هەبووە. ئەوەش پێشکەوتنێکی باش بوو لەچاو ئەو ٢٥٪ی قۆناغی یەکەم. ئەم پلانی دوو قۆناغییە تاڕادەیەکی زۆر «ڕێژەی کارایی» ئەو ژمارانەی وەڵامیان هەبوو لە قۆناغی دووەمدا زیاتر کرد و دەبێتە هۆی چالاک بوونی پرۆسەی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە.

میتۆفسکی لە خەسڵەتە ئامارییەکانی داهێنانەکەی زۆر دڵنیا نەبوو، بۆیە داوای لە هاوڕێکەی خۆی جوزیف واکسبرگ کرد بۆی تەواوکات. واکسبرگ توانی چەند تایبەتمەندییەکی ئەو شێوازە بدۆزێتەوە، بۆیە ئەو پلانە بە پلانی دوو قۆناغی میتۆفسکی – واکسبرگ ناسراوە.

ئەم شێوازە زۆر بە خێرایی بوو بە پێوەرێک بۆ هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسی تەلەفۆنی لە ماڵان (تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا، بۆ دامودەزگا بازرگانییەکانیش). لە قۆناغی یەکەمدا بەدەستهێنانی لیستی کۆدی ناوچەکان و پێش ژمارەکان و دواتر دروستکردنی کۆمەڵێک ژمارە بە هەڕەمەکی و ئەنجا پەیوەندیکردن پێیانەوە بۆ زانینی ئەو ژمارانەی کاران و ئەوانەی کارا نین. قۆناغی دووەمیش، لەو ١٠٠ ژمارانەی کاران ڕادەی ژمارەی وەرگرتنی لەلایەن ئەوانەی پەیوەندییەکان دەکەن کەمکردەوە.



## بۆچوونێکی هۆشمەندانەی دیکە:

شێوازی میتۆفسکی – واکسبرگ بە بێ گرفت نەبوو، بۆیە لێکۆڵەران بە دوای ڕێگەی کاراتردا دەگەڕان بۆ هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسی، هەر لەبەر ئەوە گەڕانەوە بۆ دەفتەری تەلەفۆنات و شێوەیەکیان دۆزییەوە کە بۆچوونەکانی میتۆفسکی لە خۆ گرتبوو، لە هەمانکاتدا خەرجییەکانیشی کەمتر دەکردەوە. ئەم شێوازە کە بە «پشتبەستن بە لیست» بەناوبانگە، لیستێکی بازرگانی وەک خاڵی دەسپێکی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسیەکە بەکار دەهێنێ.

ئەو کۆمپانیا بازرگانیانەی کە ڕیکلامی کاڵاکانیان لە ڕێگەی پۆستەوە دەنێرن بۆ ماڵان، پێویستیان بە لیستی ئادرێسی ورد و تەواوی ئەو ماڵانە هەیە، بەتایبەتی کۆدی پۆستی ماڵەکان. لە ئەمریکا لیستێکی سەرەکی خێزانەکان لای سەرچاوە گشتییەکاندا نییە، بۆیە دەزگای «میترو میل MetroMail, Inc لیستێکی وای لە دەفتەری تەلەفۆناتدا دروستکردووە.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەفتەری ساڵانەی تەلەفۆنات، ئەوانیش لیستەکەیان نوێ دەبێتەوە. نزیکەی ٦٥ ملیۆن خێزانی خاوەن تەلەفۆن لە ئەمریکا ناویان لەو لیستەدا هەیە. هەروەها لیستی سەیارە تۆمارکراوەکانی ٣٠ ولایەتی تێدایە. بەگشتی ٧٥ ملیۆن خێزانی ئەمریکی لەو لیستەدا هەیە.

دەزگایەکی دیکە «ر.ە دونولی، انک R.H. Donnelley, Inc پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری بەکاردەهێنێ بۆ بەستنەوەی بە کۆدی پۆستەکانەوە و بۆ هەر زانیارییەک بێتە فایلی میترو میلەوە کۆدێکی پۆستی زیاد دەکات. هەروەها نوێترین زانیاری لەسەر ئاماری دانیشتوان دەخاتە بەردەست ماڵانەوە. بەڵام زانیارییەکانی ئەو ئامارە تەنها ئەو زانیاری لەسەر ئەو شوێنە دەگرێتەوە کە



ماڵەکەی تێدا دەژی.
لیستی بازرگانی تەنانەت پاش تەواوکردنی لە هەموو ژمارە تەلەفۆنە تۆمارکراوەکان پێک دێت. نموونەیەک لەو لیستە هەمان ئەو گرفتانەی دەبێت کە بۆ سامپڵی ناو لیستی دەفتەری تەلەفۆنات دێتە پێشێ. لیستی بازرگانی کۆمەڵێک زانیاری بەنرخی لەسەر شوێنی ژمارە تەلەفۆنەکان و کۆدی ناوچەکان و تەنانەت ئادرێسی پۆستەی خاوەنەکانی تێدایەو دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ ناردنی نامە بۆ ئەوانەی وەڵامیان نەداوەتەوە.
لیستی بازرگانی ئەگەر لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنەوە پۆلێن بکرێت، ئەو کاتە بێ ئەنجامدانی قۆناغی یەکەمی هەڵبژاردنی نموونە، شێوازێکمان دەخاتە بەردەست دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕیزبەندی سەدی. ئەو مەسەلەیە ڕێگە دەدات بە سەنتەرەکانی ڕاپرسی تاوەکو  ئەو ڕیزبەندە ١٠٠ دانەیەی کە لە لیستەکەدا نین وەلانێن و سامپڵی ڕاپرسیەکە لە ١٠٠ دانەکەی دیکە هەڵبژێرن. ئەم پلانە بۆیە ناوی نراوە «پشتبەستن بە لیست» چونکە نموونە هەڕەمەکییەکان بە «پشتبەستن» بەو ژمارانەی کە لە «لیست»ە کەدان و لە ماڵەوەن هەڵدەبژێرێن
مۆدیلی «پشتبەستن بە لیست» بووەتە ئەڵتەرناتیڤی پلانی میتۆفسکی – واکسبرگ. لەم شێوازەدا، ڕادەی ژمارەکان لە نێو ئەو ڕیزبەندی ١٠٠ ژمارانەی بە هەڕەمەکی هەڵبژێراون، نزیکەی ٥٥٪ دەبێت، ئەوەش نەختێک نزمترە لە شێوازەکەی میتۆفسکی – واکسبرگ. هەروەها «پشتبەستن بە لیست» سەلماندی جێبەجێکردنیشی ئاسانترە و خەسڵەتەکانیشی لەڕووی دڵنیایی لەو زانیاریانەی کە لە نموونەکانییەوە وەدەست هاتوون زیاترە.
هەر لەبەر ئەوە هەندێک لە کۆمپانیا بازرگانییەکان دەستیان دایە کڕینی ئەو ژمارانەی کە لە ڕیزبەندی لیستی ١٠٠دانەییدان لە کۆمپانیای دونیلی. ئەو کۆمپانیانە نموونەیان لەو لیستە ١٠٠ دانەیە



بە یەک یان دوو ژمارەی ڕیزبەندکراو هەڵبژارد و فرۆشتیانن بە سەنتەرەکانی ڕاپرسی و ڕای گشتی. لە ئێستادا سەنتەرێکی ڕاپرسی ناچار نییە خۆی سامپڵی ڕاپرسیەکەی هەڵبژێریت، بەڵکو بە ئاسانی دەتوانێت بیکڕێت.

بە تێپەڕ بوونی کات نموونەکان ئاڵۆزتر دەبن، کۆمپانیاکانی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسی جوگرافیای ژمارەکە و پێش ژمارەکان و تەنانەت ڕیزبەندی ١٠٠ دانەیی دەبەستێتەوە بە کۆی ژمارەی نموونەکان و دواتر ئەو سامپڵەی کە دەبێتە «ئامانج» دەفرۆشێت، سامپڵەکەش ڕێژەی سەدی خێزانەکان و تایبەتمەندییەکانی بەرزترە. بۆ نموونە، لێکۆڵەرێک سامپڵی ڕاپرسیەکی لەو خێزانانەی کە داهاتی ساڵانەیان بەرزە دەوێت، یەکسەر بە ئاسانی نموونەیەکی تەلەفۆنیت دەداتێ و زانیاری سەبارەت بە داهاتی ئەوانەو لە گەڵ پێش ژمارەکانیان دەخاتەڕوو.

## بۆ ئاییندە:

بە هاتنەناوەی خزمەتگوزاری نوێ و کۆمپانیای نوێ بۆ بازاڕ، سیستمی تەلەفۆن بەبەردەوامی دەگۆڕێت. سەرنج بدە لەو سێ گۆڕانانەی خوارەوە:

## مۆبایل

لە ئەمریکا ئێستا نزیکەی ٧٠ ملیۆن بەشداربووی هێڵی مۆبایل هەیە. ئێستاش دەکرێت لە ڕێگەی هێڵی تەلەفۆنی زەوییەوە پەیوەندییان پێوە بکرێت. بەهۆی ئەوەشەوە، دەکرێت ژمارەی هێڵی مۆبایلەکان بەشداری لە وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسیەکەدا نەکەن، بگرە ئەمڕۆ بەشدار نابن، چونکە بەپێی کۆدی NXX



ڕیزبەند کراون. بە هەر حاڵ ئەگەر بەشدارانی هێڵی مۆبایل لەو جۆرە تەلەفۆنە بۆ ماڵ بەکار بهێنن، ئەو کات پێویستە ژمارەکانیان لە سامپڵی ڕاپرسیەکەدا بەشداری پێبکرێت. بۆیە ئەو خێزانانەی هەردوو جۆری تەلەفۆنی ماڵ و مۆبایلیان هەیە زیاتر هەلی بەشدارییان لە ڕاپرسیەکە بۆ دەڕەخسێ تا ئەوانەی کە مۆبایلی ماڵیان نییە. بۆ هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ ئەم حاڵەتەدا دەکرێت ئەگەری هەڵبژاردنەکان کەم کەینەوە، وەک چۆن بۆ ئەو ماڵانەی کە زیاتر لە یەک هێڵی تەلەفۆنیان هەیە جێبەجێ دەکرێت.

## ئامێرەکانی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکان و ناسینەوەی ئەوەی پەیوەندییەکەی کردووە:

ئامێرەکانی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکان و ناسینەوەی ئەوەی پەیوەندییەکەی کردووە ڕێگرییەکی گەورەن لە بەرامبەر سەنتەرەکانی ڕاپرسیدا. ئامارەکان ئەوە دەردەخەن ٥٥٪ خێزانەکان بۆ پاڵاوتنی ئەوانەی تەلەفۆن دەکەن بۆیان ئامێرەکانی وەڵامدانەوە بەکاردەهێنن. سەنتەرەکانی ڕاپرسی زۆر جار پەیامێک و ژمارە تەلەفۆنێکی خێرایی بۆ ئەو خێزانانە جێ دەهێڵن بۆ ئەوەی دواتر تەلەفۆنیان بۆ بکەن.

## دابەزینی ئاستی وەڵامدانەوە:

بە زیادبوونی ئاگایی و شارەزایی لێکۆڵەرەوان لەلایەنە جیاجیاکانی سیستمی تەلەفۆنات، هەوڵی زیاتر دەدەن بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسی بەشێوەیەکی چالاکانەتر بەڕێوە بچێت. یەکێک لەو قەیرانانەی هێشتا بەشێوەیەکی باش لەبەرچاو نەگیراوە ئەو پەیوەندی کردنەیە کە لە لایەن ئەنجامدەرانی



ڕاپرسیەکەوە دەکرێت و کاریگەریی لەسەر ڕێژەی دابەزینی هاوکاری لە وەڵامدانەوەدا. بۆیە دەبێت لێکۆڵەرانی ڕاپرسی کار بکەن بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەو ئاڕاستەیە لە پێناوی پاراستنی لایەنی زانستی ڕاپرسی تەلەفۆنی، ئەگەرنا لە چەند ساڵی ئاییندەدا ڕاپرسی لە ڕێگەی تەلەفۆنییەوە لەناودەچێ.

## لە کوێ زانیاری زیاترمان دەست دەکەوێت

لە سەرەتای نووسینی ئەم فەسڵەوە، ڕێژەی وەڵامدانەوە لە هەموو ڕاپرسیەکاندا بەرەو دابەزین چووە، بەتایبەتی لە ڕاپرسی تەلەفۆنیدا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، خۆشبەختانە، هێشتا زووە بڵێن: «لە ساڵانی ئاییندەدا ڕاپرسی تەلەفۆنی بەم شێوەیەی ئێستا کۆتایی دێت» .

هەوڵدان بۆ باشکردنی دیزاین و پێوەری لایەنگری و وەڵام نەدانەوە، لە ڕاپرسیە ئاوێتەکاندا دەچێتە پێشەوە. ڕاپرسی لە ڕێگەی پۆستەو تەلەفۆن ئاوێتە دەکرێن و تێچوونەوەکەی کەمتر دەبێتەوە، بەڵام هێشتا کێشەی وەڵام نەدانەوە هەر دەمێنێتەوە.

پەرەسەندنی مۆبایل کە ئەوانیش وەک تەلەفۆنە ئاساییەکان وەڵامدەرەوە و شاشەی پیشاندانی ژمارەی تەلەفۆنە هاتووەکانیان هەیە، بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی وەڵامدانەوە.

سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی شێوەکانی کۆکردنەوەی داتاکان سەیری هەر دوو لیستی SRMSNET وAAPORNET بکە. کە لەلایەن (ASA Section on Survey Research Methods) و (American Association of Public OpinionResearch)). چاودێری دەکرێن.





# فەسڵی دەیەم
# پەراوێزی هەڵە

کاتێک دەرئەنجامی ڕاپرسیەکان لە میدیاکاندا بڵاو دەبنەوە، بە زۆری ڕستەیەکی تێدایە بەم شێوەیە:

٥٥٪ وەڵامدەرەوەکانی ڕاپرسیەکە لە هەڵبژاردنی داهاتووی شارەوانیدا پشتیوانی لە خاتوو سمیس دەکەن. پەراوێزی هەڵەش ٣٪یە.

ئەو ڕستەیە مانای چییە؟ لەم فەسڵەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە و هەندێک ئاگادار کردنەوەش لەسەر بەکارهێنانی «پەراوێزی هەڵە» وەک تاکە پێوانە بۆ گومانکردن لە ڕاپرسی دەخەینەڕوو.

بەزۆری ڕاپرسی بۆ بەدەست هێنانی پێوانەیەکی ڕاستەقینە لەسەر خەسڵەت یان چەند خەسڵەتێکی گروپێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت. لەوانەیە ئامانجی ڕاپرسی بریتی بێت لە:

- ناوەندی ڕێژەیەکی پێوانەکراو، وەک داهاتی ساڵانەی ساڵی ١٩٩٨ یان نمرەی تاقیکردنەوەی گروپێکی دیاری کراوی خوێندکار.
- ڕێژە، وەک ڕێژەی بەشداریکردنی ئەو دەنگدەرانەی خاوەن بۆچوونێکی دیاریکراون لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی.
- ڕێژەی سەدی، وەک ڕێژەی سەدی ئەو منداڵانەی خوار سێ ساڵ کە دژی ئیفلیجی منداڵان لە ساڵی ١٩٩٧ کوتراون.

زۆر سەختە دەرئەنجامەکانی ڕاپرسیەک بە وردی یەکسان بێت بە بۆچوونی کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە لەبەر کۆمەڵێک هۆ، لەوانە دەکرێت پرسیارەکان بە باشی دانەڕێژرابن، هەروەها لەوانەیە هەندێک لەوانەی بوونەتە سامپڵی ڕاپرسیەکە لە کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە لەماڵەوە نەبوون یان گەر لە ماڵەوەشدا بن نەیانویستبێت لە ڕاپرسیەکەدا بەشداری بکەن یان ڕاستگۆ



نەبوون لە پێدانی زانیارییەکان، ئەو مەسەلانەی دەبنە سەرچاوەی «هەڵەکانی وەڵامنەدانەوە».
بەڵام ئەگەر توانرا هەڵەکانی وەڵامنەدانەوەش بسڕێتەوە، هێشتا دەرئەنجامەکان لەگەڵ واقعەکەدا یەکسان نابن. چونکە داتاکان لە کۆمەڵێک خەڵک – نەک هەموو خەڵکەکە – کۆکراوەتەوە ئەو کارەش بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان یان خێراکردنی یان بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەردوکیان ئەنجامدراوە.
گریمان لەو هەڵبژاردنی شارەوانییەی پێشتر باسمان کرد، ئێمە نموونەیەکی ١٠٠ کەسیمان لەوانەی دەنگ دەدەن هەڵبژاردووە، ٥٥ کەس لەوانە پشتگیری لە خاتوو سمیس دەکەن، کەچی ٤٥ کەسیان لایەنگری مستەرجونز-ن. لێرەوە وا دەردەکەوێت زۆربەی دەنگدەران بەوانەشی کە نەبوونەتە سامپڵی ڕاپرسیەکەی ئێمە دەنگ بە خاتوو سمیس دەدەن.
لەوانەیە بە ڕێکەوت زۆربەی ئەوانەی بوونەتە سامپڵی ڕاپرسیەکە دەنگ بە خاتوو سمیس بدەن، کەچی زۆربەی خەڵکەکە پشتیوانی لە مستەر جونز دەکەن، ئەمەیان بەهۆی «هەڵەی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسی»یەوە دروست دەبێت، بەو مانایەی بەهۆی هەڵبژاردنی «چانس - یانەسیب - واتە ئەو ڕێگەیەی کە ١٠٠ کەسەکەی پێ هەڵبژێرا، دەرئەنجامی سامپڵی ڕاپرسیەکە جیاواز دەبێت لە ژمارەی گشتی دانیشتوانی شارەکە.
ئایا هەڵەی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسی دەبێتە هۆی بێسودی ڕاپرسیەکان؟ خۆشبەختانە وەڵامی ئەو پرسیارە «نەخێر»ە، بەڵام چۆن تواناو هێزی داتاکانی ڕاپرسیەک کورت کەینەوە؟ ئەو مەسەلەیە پەیوەستە بە پەراوێزی هەڵەکانەوە.



## پێناسەی پەراوێزی هەڵە:

«پەراوێزی هەڵە» بریتییە لە کورتکراوەی باوی هەڵەی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسی، لە میدیاکاندا بەبەردەوامی باسی لێوە دەکرێت و بە دڵنیا نەبوون لە دەرئەنجامەکان دەژمێرێت. هەندێکجار لە ڕێگەی یاساکانی گریمانەو «یاسای ڕێکەوت – صدفە»وە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

بە زۆری ڕاپرسی بە لیستێک دەست پێدەکات پێی دەوترێت «چوارچێوەی سامپڵی ڕاپرسی» کە هەموو یەکەیەکی کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە پێک دەهێنێ. لە ڕاپرسیەکاندا، بەزۆری ئەو لیستە پێک دێت لە ژمارە تەلەفۆنی هەموو ئەوانەی دەکەونە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە (ژمارە تۆمارکراوەکان یان تۆمار نەکراوەکان).

لە ڕاپرسیە زانستییەکاندا، هەموو یەکەکانی کۆمەڵگەی ڕاپرسی وەک یەک چانسی بەشداری کردنیان هەیە، ئەگەری بوون بە سامپڵی هەر یەکەیەک لە ئارادایە. هەر نموونەیەکی ئیحتیمالی دوو خاسییەتی تێدایە، بەشێوەیەک ڕێگر دەبێت لەو لایەنگرییەی ئەگەر هاتوو ئەنجامدەری ڕاپرسیەکە بە پێی میزاجی شەخسیی خۆی سامپڵەکەی هەڵبژارد، هەروەها دەبێتە بنەمایەک بۆ هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی ڕادەی هەڵەی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسیەکە. خاسییەتی دووەم یارمەتی لێکۆڵەر دەدا بۆ دۆزینەوەی «پەراوێزی هەڵە». «یاساکانی ئیحتیمال» لە پێناوی وردبوون یارمەتیمان دەدات ماوەکانی پەراوێزی هەڵە +/– هەڵسەنگێنین.

ئەو ماوانە هەندێکجار بە ماوەی ڕێژەی ٩٥٪ دڵنیابوون – سیقە –دەناسرێن و پێشبینی ئەوە دەکرێت بەهای ڕاستەقینەی ئەو بڕەی کراوەتە ئامانج (گەر هاتوو هەڵەی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسی تێدا نەبوو) لە ٩٥٪ کەمتر نەبێت. یەکێک لە هۆکارە



گرنگەکانی دیاریکردنی پەراوێزی هەڵە بریتییە لە قەبارەی سامپڵی ڕاپرسیەکە. بەگشتی تا سامپڵی ڕاپرسیەکە زۆرتر بێت دەرئەنجامەکان نزیک دەبن لە بۆچوونی کۆمەڵگای ڕاپرسیەکە، ئەوەش دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی پەراوێزی هەڵە.

لە کاتی ڕاپرسی شارەوانی ئەگەر خاتوو سمیس لەکۆی ١٠٠ کەس ٥٥ کەس لە سامپڵی ڕاپرسیەکە دەنگی پێدا، ئەوکات پەراوێزی هەڵە دەکاتە ١٠٪. بۆیە ماوەی دڵنیایی - سیقە – ٩٥٪ ڕێژەی سەدی لایەنگری خاتوو سمیس بەم شێوەیە دەبێت (٥٥٪ - ١٠٪) بۆ (٥٥٪+ ١٠٪) یان (٤٥٪ ، ٦٥٪)، ئەوەش نیشانەیە بۆ ئەوەی ڕادەی پشتیوانی کردن لە خاتوو سمیس لەنێوان ٤٥٪ بۆ ٦٥٪ یە. بەهۆی بچوکی سامپڵی ڕاپرسیەکەوە، ناتوانرێت لە مەسەلەی پشتیوانی کردنی زۆرینەی خەڵکی شارەکە بۆ خاتوو سمیس دڵنیا بین.

لە بەرامبەردا ئەگەر ڕاپرسیەکە لەگەڵ ١٠٠٠ کەسدا بکرابایە، و ٥٥٠ کەسیان دەنگیان بە خاتوو سمیس بدایە، دیسانەوە دەرئەنجامەکە ٥٥٪ دەبوو، بەڵام پەراوێزی هەڵەی پشتیوانی کردن لە خاتوو سمیس تەنها ٣٪ دەبوو. ماوەی دڵنیاییەکەش هەر ٩٥٪ دەبوو بۆ خاتوو سمیس (٥٥٪ - ٣٪) بۆ (٥٥٪ +٣٪) یان (٥٢٪ ، ٥٨٪) لەو حاڵەتەدا دڵنیا دەبین لەوەی زۆربەی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی شارەوانیدا لایەنگریی لە خاتوو سمیس دەکەن.

## چی کار لە پەراوێزی هەڵە دەکات

سێ شت کار لە پەراوێزی هەڵە دەکات:

١. قەبارەی سامپڵی ڕاپرسیەکە.

٢. شێوازی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسیەکە.



٣. ژماره یان قەبارەی دانیشتوان.

**قەبارەی سامپڵی ڕاپرسیەکە:** وەک چۆن پێشتر باسمان کرد، قەبارەی سامپڵی ڕاپرسیەکە، کاریگەریی سەرەکی هەیە لە سەر پەراوێزی هەڵە. لە پڕۆسەی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسیدا، بۆ دەرئەنجامی بۆچوونی کۆمەڵگایەک - بۆ نموونە لە ڕاپرسی تەلەفۆنیدا - نموونەیەکی ١٠٠ کەسی پەراوێزی هەڵەکەی کەمتر نییە لە ١٠٪، نموونەیەکی ٥٠٠ کەسی پەراوێزی هەڵەکەی کەمتر نییە لە ٤,٥٪، نموونەیەکی ١٠٠٠ کەسیش پەراوێزی هەڵەکەی زیاتر نییە لە ٣٪. ئەوە بەو مانایە دێت تاوەکو سامپڵی ڕاپرسیەکە زیاتر بێت پەراوێزی هەڵەکان کەمتر دەبنەوە. بۆ نموونە گەر سامپڵی ڕاپرسیەکە ٤٠٠٠- کەس بێت پەراوێزی هەڵەکە دادەبەزێ بۆ ١,٥٪.

**شێوازی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسیەکە:** لێکۆڵەران پێیان وایە شێوازی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسیەکەش کاریگەریی هەیە لەسەر پەراوێزی هەڵەی ڕاپرسیەکە. لەو بارەیەوە سێ جۆر وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسی هەیە، وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسیەکە بەشێوەی هەڕەمەکی یان تەلەفۆنکردن بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، یان وەرگرتنی نموونەکان بەشێوەی پۆلێنکراو - تەبەقی-.

- لە وەرگرتنی سامپڵ بەشێوەی هەڕەمەکی سادەدا، ئەگەری هەڵبژاردنی هەموو سامپڵەکان وەک یەک وایە. لەو حاڵەتەدا، کەسەکان بە ڕێکەوت هەڵدەبژێرێن، بەشێوەیەک هەموو کەسێک چانسی بەشداربوون لە سامپڵی ڕاپرسیەکەی بۆ دەرەخسێت. لەم حاڵەتەدا بۆ وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسیەکە بۆ دیاریکردنی زنجیرەیەکی هەڕەمەکی لە نێو ئەو ژمارانەی داخلکراون، سوود لە کۆمپیوتەر وەردەگیرێت.
- ئەو ڕاپرسیانەی بە تەلەفۆن، دەکرێن هەوڵدەدەن لە ڕێگەی تەکنیکی پەیوەندیکردنی هەڕەمەکی و ڕێکەوتەوە پەیوەندی بکەن



بەو ژمارانەی لە دەفتەری تەلەفۆناتدا هەن؛ یان ئەو ژمارانەی کە تۆمارنەکراون لە دەفتەرەکەدا.

• وەرگرتنی سامپڵەکان بەشێوەی تەبەقی  بریتییە لە زانینی تایبەتمەندییەکانی هەموو کەسەکانی گروپێک و پۆلێنکردنیان بەپێی خەسڵەتەکانیان، دواتر لە هەر یەک لەو تەبەقانە سامپڵێکی سەربەخۆ وەردەگیرێت. ئەم شێوازە جۆرێک لە نەرمی – مرونە – ی تێدایە و دەکرێت  بەپێی سروشتی هەر تەبەقەیەک دیقەی دەرئەنجامەکان زیاد بکرێت (بە مانایەکی دیکە پەراوێزی هەڵەکان کەم بکرێتەوە).

لەنێوان ئەو سێ جۆرەی وەرگرتنی سامپڵی ئیحتیمالی، وەرگرتنی نموونەکان بەشێوەی پۆلێنکردن – تەبەقی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ئەوە لە حاڵەتێکدا دەبێت کە ئامانجی ڕاپرسیەکە ئەوە نەبێت ڕێژەی بۆچوونی دیدگایەکی تایبەت لەکۆی گشتی کۆمەڵگا دەرخات، بەڵکو بۆ بەراوردکردنی دیدگاکان لەنێوان گروپە جیاوازەکاندا بێت. بۆ نموونە، گەر یەکێک بیەوێت بەراوردی هەڵوێستی خەڵکی ئالاسکا – ئەسکیموەکان – و ئەمریکییەکانی دیکە ، سەبارەت بە دەرهێنانی نەوت لە سەرزەوییە فیدراڵییەکاندا بکات ، وەرگرتنی سامپڵێکی هەڕەمەکی لە تێکڕای خەڵکی ئەمریکا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕاپرسیە، کارێکی گونجاو و مانادار نییە، چونکە بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوانەوە، بەشێکی کەمی خەڵکی ئالاسکا دەبن بە سامپڵی ڕاپرسیەکە. بۆیە پەنا دەبرێتە بەر وەرگرتنی نموونەکان بەشێوەی ڕیزبەندی – تەبەقی، لەم حاڵەتەدا خەڵکی ئالاسکا نیوەی سامپڵەکە پێک دەهێنن و ئەوانی دیکەش نیوەکەی تر پێک دەهێنن.

هەندێکجار، نموونەکان لە شێوەی گروپی جیا دەردەهێنرێن، واتە نموونەکان تەنها لە ناوچەیەک یان چەند شارێک وەردەگیرێن، یان ئەوەتا ئەوەی چاوپێکەوتنەکە دەکات تەنها چەند کۆڵانێک



وەردەگرێت، ئەو مەسەلەیە پەراوێزی هەڵەکان زیاتر دەکات و دەبێت ئەو کەسەی کە ڕێژەی پەراوێزی هەڵە لە نموونە وەرگرتندا دیاریدەکات لەبەرچاو بگیرێت.

**قەبارەی دانیشتوان:** یەکێک لەو هۆکارانەی کە کاریگەرییەکی کەمتری بەسەر پەراوێزی هەڵەوە هەیە، بریتییە لە قەبارەی دانیشتوان. بەو مانایەی کە پەراوێزی هەڵە لە سامپڵێکی ١٠٠کەس لە گرووپێکی ١٠ هەزرا کەسی هەمان پەراوێزی هەڵەی هەیە کە لە سامپڵێکی ١٠٠ کەسی لە گرووپێکی ١٠ ملیۆنیدا هەیەتی.

## شیکردنەوەی پەراوێزی هەڵە:

لەڕووی پڕاکتیکییەوە، جگە لە سامپڵی ڕاپرسی شتی دیکە هەیە پەراوێزی هەڵە زیاتر دەکات، بۆ نموونە لەوانەیە هەندێک لەوانەی بەشداری ڕاپرسیەکەیان کردووە سەبارەت بە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، بۆیان نەبێت دەنگ بدەن و لەوانەشە هەندێکیان بە هەڵە وەڵامی زانیارییە گشتییەکانیان لەسەر خۆیان دابێتەوە.

بۆ پەراوێزی هەڵە بەشێوەیەک تەعدیل ناکرێت تاوەکو ڕەنگدانەوەی ئەو گومانانە بێت کە لەسەر وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسیەکە و وەرنەگرتنی سامپڵی ڕاپرسی هەیە؟ وەڵامەکە ئەوەیە بەپێچەوانەی هەڵەی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسی، ناکرێت ڕادەی هەڵەی وەرنەگرتنی سامپڵی ڕاپرسی لە هەمان نموونەدا بە دەست بێت، تەنانەت گەر سامپڵەکەش نموونەیەکی گریمانەیی (ئیحتیمالی) بێت.

یەکێک لەو مەسەلانەی کە یارمەتی هەڵسەنگاندنی گومانەکانی پەیوەندیدار بە سامپڵی ڕاپرسیەکەوە دەدات، ڕێژەی ئەو وەڵامانەیە کە دەڵێن «نازانم» یان «بڕیارم نەداوە». گەر ئەو ڕێژانە دیاری نەکرابێت دەبێت ئاگادار بیت. زۆر کەس هەن هێشتا بڕیاریان



نـەداوە، لەوانەیە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا جیاوازییەکی گـەورە دروسـت بکات. لەم حاڵەتەدا پۆلێنکردنی ئەوانە بە ڕێژەیەک لەگەڵ ئەو کەسانەی بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕیوە دەبێتە هۆی سەر لێشێوان.

زۆر گرنگە بزانرێت ئاخۆ ئەو نموونەیەی وەرگیراوە بە شێوەی ئیحتیمالی وەرگیـراوە یان نا. زۆر لەو ڕاپرسیانەی میدیاکان دەیکەن پێیان دەوترێت «سامپڵی کۆتا»، هەرچەندە پەراوێزی هەڵەکانیان دەخرێتەڕوو، بەڵام پشتیان پێ نابەسترێت.

لەم ساڵانەی دواییدا ڕێژەی وەڵامنەدانەوە بەگشتی زیادی کـردووەو لە شیکردنەوەی دەرئەنجامەکانیشدا ئەو دیاردەیە لەبەرچاو دەگیرێت. ڕاپۆرتەکانی ڕاگەیاندنەکان ڕێژەی وەڵامدانەوە دیاری ناکەن هەرچەندە لەوانەیە زۆر لە خوار ٥٠٪یشدا بن. ئەگەر دەرئەنجامەکانت بەلاوە گرنگە دەبێت وەڵامنەدانەوە لەبەرچاو بگریت، و بزانە لەو بارەوە چی کراوە.

## ئاگاداربە بزانە هەڵسەنگاندن بۆ چی شتێك کراوە:

بەزۆری لە ڕاپرسیە سیاسییەکاندا پەراوێزی هەڵە بە +-٣٪ دیـاری دەکرێت، بـەڵام لەوانەیە ببێتە پێشەوە لە دوو ڕاپرسی جیاجیادا لەنێوان جۆنز و سمیس – دا، جۆنز بە ڕێژەی ٢٪ لە پێشەوە بێت و لە ڕاپرسیەکەی دیکەشدا جۆنز ١٠٪ لە پێشەوە بێت، ئەو شتە چۆن ڕوودەدات؟

یەکێک لەتایبەتمەندییە فریودەرەکانی ڕاپـۆرتی میدیاکان سەبارەت بە ڕاپرسیە سیاسییەکان ئەوەیە پەراوێزی هەڵەی پەیوەندیدار بەو کاندیدەی پشتیوانی لێوە دەکەن بڵاو دەکەنەوە نەک پەراوێزی هەڵەی لە پێشەوە بوونی کاندیدێک لەگەڵ کاندیدێکی دیکە. بۆ شیکردنەوەی کێشەکە، وای دانێ لە ڕاپرسیەکەدا ٤٥٪



لایەنگری مستەر جۆنز دەکەن، خاتوو سمیس – یش ٤٢٪، هێشتا ١٤٪ بڕیاری نەداوە، هەریەکەشیان ٣٪ پەراوێزی هەڵەی هەیە.

گریمان مستەر جۆنز لەلایەک ٤٢٪ و ٤٨٪ دەنگەکانی مسۆگەر کردووە، لەو لاشەوە خاتوو سمیس ٣٨٪ و ٤٤٪ دەنگەکانی مسۆگەر کردووە، جێگەی سەر سوڕمان نابێت گەر لە ڕاپرسیەکی دیکەدا مستەر جۆنز ٣٨٪ بۆ ٤٨٪ و خاتوو سمیس ٤٢٪ بۆ ٤٤٪ بە دەست بهێنن.

بە مانایەکی زۆر تەکنیکی تر، یاسای ئیحتیمالات جیاوازی لەنێوان دوو ڕێژە کە دڵنیا نەبێت لێیان (واتە لە پێشەوە بوونی کاندیدێک لەگەڵ کاندیدێکی تر لە ڕاپرسیەکی سیاسیدا کە هەردوو کاندیدەکە هەڵسەنگێنراون) زیاتر گومانی لەسەرە لەچاو ئەوەی هەر یەکەیان بە جیا هەڵسەنگێنرێت.

بەو پێیەش، دەبێت پەراوێزی هەڵەی پەیوەندیدار بە لە پێشەوە بوونی کاندیدێک لەگەڵ کاندیدێکی تر گەورەتر بێت لەچاو پەراوێزی هەڵەی پەیوەندیدار بە یەکێکیانەوە، ئەوەش لە ڕاپۆرتی میدیاکاندا دەخرێتەڕوو. (بۆیە ئاگادار بن بزانن هەڵسەنگاندن بۆ چ شتێک کراوە).

تا ئەو کاتەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕاپۆرتەکانی خۆیان لە ئاڕاستەی گۆڕانی واقعی لە دەرئەنجامی ڕاپرسیە سیاسییەکاندا جێبەجێ دەکەن، ئەزمونەکان ئەوە دەر دەخەن پەراوێزی هەڵەکە لێکدانی ١,٧ بکرێت بۆ بە دەستهێنانی پەراوێزی هەڵە لە سەرکەوتنی کاندیدێک بەسەر کاندیدێکی تردا. بەو جۆرە پەراوێزی هەڵەی ٣٪ دەبێتە ٥٪ و ٤٪ دەبێتە نزیکەی ٧٪.



## لەکوێ زانیاری زیاترمان دەست دەکەوێت

بابەتی زۆر سەبارەت بە «پەراوێزی هەڵە» هەیە. سەیر لەوەدایە ماناکەی قسەی زۆر هەڵدەگرێت. بۆ ئەوانەی دەیانەوێت سەبارەت بەو قسانە شتێک بزانن، باشترین هەنگاو ئەوەیە وتارەکەی ڕیچارد مۆرن کە بەناوی «عەقڵانییەتی ناباو» کە لە ژمارەی ڕۆژی ١٤ حوزەیرانی ١٩٩٨ ڕۆژنامەی «واشنتۆن پۆست» نووسیویەتی بخوێننەوە.

لەبەر ئەوەی هێشتا زۆربەی ڕاپرسیەکان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجام دەدرێن، لەوانەیە مەسەلەیەکی زۆر سەبارەت بە هەڵەکانی جگە لەهەڵەکانی وەرگرتنی سامپڵی ڕاپرسی سەرهەڵبدەن. لەوانەشە هەڵەکانی هەڵبژاردنی سامپڵی ڕاپرسیەکە تێپەڕێنێ. لە فەسڵی چوارەمدا بە درێژی باس کراون.



